تۆ گەورەتر لەوەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە ٤

# موعجیزەکانی عەشق

مەسعود لەعلی



مسعود لعلی

شما عظیم تر از انی هستید که می اندیشید

تۆ گەورەتر لەوەیت کە بیری لێ دەکەیتەوە ٤

# موعجیزەکانی عەشق

## مەسعود لەعلی

وەرگێڕانی: سەردار حەسەن خاڵی

ناوی کتێب: موعجیزەکانی عەشق

نوسینی: مەسعود لەعلی

بابەت: لایەنەکانی دەروونزانی — رێورەسمی ژیان

وەرگێڕانی: سەردار حەسەن خاڵی

دیزاین: فازیل کەولۆسی

چاپخانەی: تاران

نۆرەی چاپ: پێنجەم٢٠٢٣

تیراژ:١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ١٤٥٢ ) ساڵی ٢٠١٠پێدراوە.



کۆشکی سەرا

Koshki_sara koshki sara

07501593939

سلێمانی - بەردەرکی سەرا - تەنیشت ئوتێل مەولەوی

# پێرست

"پێشەکی" .................................... ٧
"خزمەتکراو یان خزمەتکار" .......................... ٩
"واتای ژیان" .................................... ١٢
"کوێر یان چاوساغ ؟" .............................. ١٤
"شێوەی فریشتە چۆنە ؟" ............................ ١٦
"بەهای سۆزداری" .................................. ١٨
"فریشتەی رزگارکەر" ................................ ١٩
"هەست کردن بە سوودمەندی" .......................... ٢١
"باڵ گرتنی فریشتە" ................................ ٢٢
"جەنابی گیلسپای" .................................. ٢٤
"مامۆستا" ........................................ ٢٦
"پاکەتی جگەرە" .................................... ٢٨
"توندوتیژی لەکوێوە دەست پێدەکات ؟" .................. ٢٩
"کەوچکێك چاوپۆشی" ................................ ٣٢
"پسولەی ژمێریاری نەخۆشخانە" ........................ ٣٣
"دیاری" .......................................... ٣٥
"وەڵامی چاکە" ..................................... ٣٨
"بزووتنەوەی نەهێشتنی توندوتیژی" ..................... ٣٩
"ڤاگۆنی پلە چوار" .................................. ٤٢
"سروشتی مرۆڤ" .................................... ٤٦
"تورگینێف و پیاوی هەژار" ........................... ٤٧
"گفتوگۆ" ......................................... ٤٨

"ئیمپاتی"........................................................٤٩
"عەشق دەرك دەكات" ........................................٥١
"بڕیاردان" ....................................................٥٢
"ئازار" ........................................................٥٤
"گومانی هەڵە"................................................٥٥
"داوای ڕێز و خۆشەویستی لەخودا بکەین"........................٥٦
"عەشق، جێبەجێی دەكات"........................................٥٨
"لە ماوەی ژیانتدا سوودبەخش بە"................................٥٩
"بەهای رزگار کردن" ..........................................٦٠
"پشیلە و جامی گرانبەها"........................................٦١
"گفتوگۆی مانگ و نابینا" ......................................٦٣
"حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهان" ..............................٦٤
"موعجیزەی عەشق"................................................٦٥
"دەرزی و دەزوو" ..............................................٦٧
"ئاوەڕێ" ......................................................٧٠
"چاوەکانی"........................................................٧٣
"پیناسەی سەرکەوتن" ..........................................٧٤
"ئیرەیی" ......................................................٧٥
"سەودای مەرگ" ..............................................٧٦
"چ شتێك کەشی ژوورێك پڕ دەكاتەوە ؟"..........................٧٧
"بەڕێوەبەری دڵەکان"............................................٨٠
"موعجیزەی هاندان" ............................................٨١
"عەشق چییە ؟" ..............................................٨٣
"دەستێك بەتەنیا تەقەی نایەت" ................................٨٤

"دەستی ستایش" ........................ ٨٥
"بەو شێوەیە کە دەتوانیت ببی" .................... ٨٩
"ڕێوڕەسمی هۆزی بامباد" ........................ ٩٠
"بیسەرێکی باش بین" ........................ ٩٢
"شوێنی مانەوە" ........................ ٩٣
"ڕەگەز پەرستی" ........................ ٩٤
"خۆشەویستییەك کە دەرنەبڕدرا" ........................ ٩٦
"لاواندنەوە" ........................ ٩٧
"هێزی عەشق" ........................ ٩٩
"چیرۆکی دوو ڕاستەهێڵ" ........................ ١٠٣
"بەنرخترین دارایی" ........................ ١٠٧
"دەوڵەمەندترین ژنی جیهان" ........................ ١٠٨
"شەربەتی عەشق" ........................ ١١١
"دەرگای بەهەشت" ........................ ١١٥
"وەرە با جیاواز بین" ........................ ١١٧
"گەڕانەوەی کارل" ........................ ١٢٠
"خۆشەویستی دایك" ........................ ١٢٣
"هەرگیز ڕێگە نادەم نامەیەك نەنێردرێت" ........................ ١٢٥
نزایەك بۆ منداڵەکەم ........................ ١٢٧
"گەورەترین ئارەزوو" ........................ ١٢٩
"ئەوەی کە هەن وەکو ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن، گرنگە" ........................ ١٣٠
"بۆ هەموو باوکانی منداڵە بچوکەکان" ........................ ١٣١
"ئەو شەوەی نەچووین بۆ سێرك" ........................ ١٣٣
"دەستەکانی" ........................ ١٣٥

"میرات"........................................ ١٣٦
"ئامۆژگارییەکانی باوکێك"...................... ١٣٨
"ڕاوی مێرووەکان"............................... ١٤٠
"کڕین"........................................... ١٤٢
"بەڵێن، بەڵێنە"................................. ١٤٣
"هەمیشە لەلات دەمێنمەوە"..................... ١٤٥
"لە گوڵە بەرۆژەوە فێر بین"..................... ١٤٨
"هەمیشە لەگەڵ تۆدام".......................... ١٥٠
"کلیلەکە بسوورێنین"............................ ١٥١
"ئامۆژگاری لاو و دارشکێن"..................... ١٥٢
"بەهای مرۆڤ"................................... ١٥٣
"ئەمڕۆ دەتوانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم ؟"...... ١٥٥
"داواکاری"....................................... ١٥٦
"پێکهێنانی سوپای تروور"........................ ١٥٩
"ئەوەی خۆی هەیبوو لە بێگانەی داوا دەکرد"........ ١٦١

صحبت عافیتت گرچه خوش افتاد ولی

جانب عشق عزیز است فرو مگذارش

"حافف"

## "پێشەکی"

نیوەڕۆی ڕۆژێکی ساردی زستانە، کاتێك ئەمیلی گەڕایەوە بۆ ماڵ، لەپشت دەرگا، پاکەتی نامەیەکی بینی کە نە پولی پێوە بوو و نە مۆری ئیدارەی پۆستەی لەسەر بوو. تەنها ناونیشانی ئەوی لەسەر نووسرابوو.

بە سەرسامییەوە پاکەتەکەی کردەوە و نامەکەی ناوی خوێندەوە:

*"ئەمیلی ئازیز،*

***ئەمڕۆ ئێوارە دێم بۆ ماڵەکەت تاکو چاوم پێت بکەوێت.***

***بە عەشقەوە، خودا"***

ئەمیلی هەروا کە بە دەستە لەرزۆکەکانی نامەکەی لەسەر مێز دادەنا، بیری لەوە کردەوە کە بۆچی خودا دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت؟ خۆ ئەو مرۆڤێکی گرنگ نەبوو. هەر لەو فکرەدا بوو کە لەناکاو چێشتخانەی ماڵەکەی بەبیر هاتەوە، کە بەتاڵ بوو و بەخۆی وت: "خۆ هیچم نییە بۆ میواندارێتی!" هەر بۆیە سەیری گیرفانەکانی کرد. تەنها ٥ دۆلار و ٤٠ سەنتی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا رووی کردە فرۆشگا و نانێکی فەرەنسی و دوو بتڵ شیری کڕی. کاتێك لەفرۆشگەکە هاتە دەرەوە، بەفر کڕێوەی دەکرد و ئەویش پەلەی بوو تاکو زوو بگاتە ماڵەوە و خواردنێك دروست بکات.

لەڕێی گەڕانەوەدا، ژن و مێردێکی هەژاری بینی کە لەسەرما هەڵدەلەرزین. پیاوی هەژار بە ئەمیلی وت: "خانم، ئێمە بێ ماڵ و حاڵین. زۆر سەرمامانە و برسین. ئایا دەکرێت یارمەتییەکی ئێمە بدەن؟"ئەمیلی لەوەڵامدا وتی:

"بەداخەوە، من ئیتر پارەیەکم پیّ نەماوە و ئەم نان و شیرەشم بۆ میوانەکەم کڕیوە."

کابرا وتی: "زۆر چاکە خانم، سوپاس"، دوایی دەستی خستە سەر شانی هاوسەرەکەی و بەڕیّ کەوتن. بەهەمان شێوە کە ژن و مێردە هەژارەکە دوور دەکەوتنەوە، ئەمیلی لەدڵەوە هەستی بە ئازارێکی توند کرد. خێرا بەدوایاندا رای کرد: "بەڕێز، خانم، تکایە، بوەستن." کاتێک ئەمیلی بەو ژن و مێردە هەژارە گەیشت، سەبەتەی نانەکەی بەوان دا و دوایی چاکەتەکەی دەرهێنا و بەسەر شانی ژنەی دادا.

کابرا سوپاسی کرد و نزای بۆ کرد. کاتێک ئەمیلی گەیشتە ماڵەوە، بۆ ساتێک خەفەت دایگرت، چونکە خودا دەیویست سەردانی بکات و ئەویش ئیتر بۆ میواندارێتی هیچی نەبوو. لەکاتی کردنەوەی دەرگا، چاوی بە نامەیەکی تر کەوت لەسەر زەوی. نامەکەی هەڵگرت و خوێندیەوە:

***"ئەمیلی ئازیز،***

***بۆ ئەو میوانداریيە باشە و چاکەتە جوانەکەت سوپاست دەکەم،***

***بە عەشقەوە، خودا"***

عەشق هەروەکو پیاوێك کە شمشاڵ دەژەنێت، لەڕێی مرۆڤەکانەوە دەدوێت، بەڵام هەر کەسەو بە پێی ئاستی خۆی "دەنگی دوانی عەشق" دەردەبڕێت.

"مەسعود لەعلی"

تۆ کێیت؟ تۆ خاوەن هێزی دەروونی بۆ
ئافراندنی بەهەشت لەسەر زەوی و دەتوانی
بەشێکی بگوازیتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە
ژیانیان بە چەشنێك پەیوەندیدارە بە تۆ.

*"سوزان جیفرز"*

## "خزمەتکراو یان خزمەتکار"

لەیەکێك لە ئەفسانە فەرەنسییەکاندا هاتووە، کە رۆژێك خزمەتکاری باوەڕپێکراوی پاشا لەدارستانێکی چڕی نزیك کۆشك خەریکی پیاسە کردن بوو، لەپڕ قاچی لەکۆلکەدارێك دەچەقێت و دەکەوێت. لەکاتی هەستانەوە لەسەر زەوی چاوی بەچرای سیحراوی بەناوبانگ دەکەوێت. هەڵیدەگرێت و دێوی چراکە دەردەکەوێت.

– "ئێوە بەدرێژایی تەمەن سەرقاڵی کارکردن بوونە و ئێستا دەتوانن ئارەزوویەك بکەن کە من بەجێی بێنم. تەنها ئاگادار بن کە یەك ئارەزووی ئێوە بەجێ دێت."

خزمەتکار جواب دەداتەوە: "من بەدرێژایی تەمەنم خزمەتی کەسانی ترم کردووە و هەمووان بەناوی خزمەتکاری خەڵك دەمناسن. حەز دەکەم لەمەودوا خەڵك لەخزمەتی مندا بن و ئەوان کارەکانم ئەنجام بدەن."

تۆ کێیت؟ تۆ خاوەن هێزی دەروونی بۆ
ئافراندنی بەهەشت لەسەر زەوی و دەتوانی
بەشێکی بگوازیتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە
ژیانیان بە چەشنێك پەیوەندیدارە بە تۆ.

*"سوزان جیفرز"*

## "خزمەتکراو یان خزمەتکار"

لەیەکێك لە ئەفسانە فەرەنسییەکاندا هاتووە، کە رۆژێك خزمەتکاری باوەڕپێکراوی پاشا لەدارستانێکی چڕی نزیك کۆشك خەریکی پیاسە کردن بوو، لەپڕ قاچی لەکۆلکەدارێك دەچەقێت و دەکەوێت. لەکاتی هەستانەوە لەسەر زەوی چاوی بەچرای سیحراوی بەناوبانگ دەکەوێت. هەڵیدەگرێت و دێوی چراکە دەردەکەوێت.

– "ئێوە بەدرێژایی تەمەن سەرقاڵی کارکردن بوونە و ئێستا دەتوانن ئارەزوویەك بکەن کە من بەجێی بێنم. تەنها ئاگادار بن کە یەك ئارەزووی ئێوە بەجێ دێت."

خزمەتکار جواب دەداتەوە: "من بەدرێژایی تەمەنم خزمەتی کەسانی ترم کردووە و هەمووان بەناوی خزمەتکاری خەڵك دەمناسن. حەز دەکەم لەمەودوا خەڵك لەخزمەتی مندا بن و ئەوان کارەکانم ئەنجام بدەن."



کاتێك کابرا دەگەڕێتەوە بۆ کۆشك، دەرگاکان بەڕوویدا دەکرێنەوە، چێشتەکەی ئامادە دەبێت و خزمەتکارەکان دەست لەسەر سینگ لەبەرامبەریدا دەوەستن.

Tanya Hajji تەنیا حاجی

کاتێـک کـابرا دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆشـک، دەرگاکـان بەڕوویـدا دەکرێنـەوە، چێشتەکەی ئامادە دەبێت و خزمەتکارەکان دەست لەسەر سینگ لەبەرامبەریدا دەوەستن.

یەکێك خواردنی بۆ دێنێت، ئەوی تر قاپ و قاچاخ دەشوات و یەکێکی تر بەجلوبەرگەکانی رادەگات. کەس رێگەی پێ نادات دەست بۆ رەش و سپی بەرێت و کارەکانی رۆژانەی خۆی ئەنجام بدات. هەمووان بۆ ئەو کار دەکەن.

ئەم چەشنە رەفتار و کردارەی خزمەتکارەکان لەماوەی مانگی یەکەمدا بەهۆی ئەوەی ئەزموونێکی تازە بوو، بۆ کابرا خۆش و مایەی سەرگەرمی بوو. مانگی دووەم ئازاری دەدات و مانگی سێهەم زۆر بێزار دەبێت. لەبەر ئەوە، کابرا دەگەڕێتەوە ناو دارستان، چرا سیحراوییەکە دەدۆزێتەوە، دەستی بەسەردا دەکێشێت و دێوەزمەکە دووبارە لەبەرامبەریدا دەردەکەوێت. کابرا پێی دەڵێت:

"من بەو ئەنجامە گەیشتووم کە خزمەتگوزاری خەڵك بۆ مرۆڤ هیچ خۆشییەکی تێدا نییە. حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ رەوشی سەرەتای ژیانم و جارێکی تر لەخزمەتی خەڵکدا بم و هەمووان بەناوی "خزمەتگوزاری خەڵك" بمناسن.

-: "بەداخەوە، هیچ کارێك لەدەست من نایەت. من رێگەم پێدرابوو تەنها یەك ئارەزووی ئێوە بەجێ بهێنم."

-: "بەڵام تۆ لەقسەی من تێناگەیت. من دەمەوێت خزمەتی خەڵك بکەم. من حەز دەکەم لەخزمەتی خەڵکدا بم نەوەك خەڵك خزمەتی من بکات. خزمەت کردن بە خەڵك زۆر بەهادارترە لەوەی کە خەڵك خزمەتی من بکات."

دێوەکە بەنیشانەی نەخێر سەرێکی بۆ لەقاند. کابرا کەوتە پاڕانەوە و وتی: "تکات لێ دەکەم یارمەتیم بدە! من پێم باشە لە دۆزەخدا بم ئەگەر نەتوانم خزمەتی خەڵك بکەم."

دێوەکە بەداخ و پەژارەوە دەڵێت: "ئاخ... هاوڕێی خۆشەویست، ئەی تۆ وادەزانی ئەم ٩٠ رۆژە لەکوێ بوویت؟"

ئەگەر هاتی بۆ ماڵم.. ئەی سۆزدار، چرام
بۆ بهێنە و دەرگایەك كە لێوەی، سەیری
حەشاماتی کۆڵانی خۆشبەخت بکەم.

"فروغی فەڕوخزاد"

## "واتای ژیان"

مامۆستا و فەیلەسوفێکی یۆنانی، بەم پرسیارە کۆتایی بە وتارەکانی خۆی هێنا: "ئایا کەس پرسیارێکی هەیە؟" "رابەرت فولگام"، نووسەری بەناوبانگ لەناو ئامادەبوواندا بوو و پرسی: "جەنابی دکتۆر (پاپادروس)، واتای ژیان چییە؟"

فولگام دەگێڕێتەوە: "هەموو ئامادەبووان پێکەنین. پاپادروس بانگی بێدەنگی لەخەڵکەکە کرد، پاشان کیفێکی لە گیرفانی دەرهێنا، ناو کیفەکەی پشکنی و ئاوێنەیەکی خڕ و بچوکی دەرهێنا و وتی: "کاتێك منداڵ بووم شەڕ بوو، ئێمە زۆر هەژار بووین و لە گوندێکی دوورکەوتە دەژیاین، رۆژێك لەسەر شەقام چەند لەتە ئاوێنەی شکاوم دۆزیەوە، کە هی ماتۆڕێکی ئەڵمانی بوو. گەورەترین لەتیم هەڵگرت و لەبەردێکم سواند تاکو بەشێوەی بازنەیی خڕم کرد. هەر ئەم ئاوێنەیەی کە ئێستا بەدەستمەوەیە و دەیبینن. پاشان وەکو کەرەستەیەکی یاری دەستم کرد بە یاری کردن پێی و، رەنگدانەوەی تیشکی خۆر لەسەر هەر کون و کەلەبەرێکی ماڵ، کە تاریك بوون و رووناکی خۆریان پێ نەدەگەیشت. لەوەی کە بەیاوەری ئەم ئاوێنەیە دەمتوانی تاریکترین قوژبنی دنیا رووناك بکەم ئەوەندە بەجۆش و خرۆش بووم کە باس کردنی ئەستەمە.

لەڕاستیدا، گەڕاندنەوەی رووناکی بۆ تاریکترین شوێنەکانی دەوروبەرم، ببوو بە یاری رۆژانەی من. ئاوێنەکەم هەلگرت و لەقۆناغەکانی تری ژیانیشمدا هەرکات بێکار دەبووم لەگیرفانم دەرمدەهێنا و لەسەر یاری هەمیشەیی خۆم بەردەوام دەبووم.

کاتێك گەورە بووم تێگەیشتم کە ئەم کارە یارییەکی منداڵانە نەبوو، بەڵکو راهێنانێك بوو لەسەر ئەو کارانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە بتوانم لەگەڵ ژیانی خۆمدا بیکەم. دواتر تێگەیشتم کە من، **خودی رووناکی یان سەرچاوەکەی نیم، بەڵکو رووناکی و بەواتایەکی تر راستیی، دەرك و زانست لەشوێنێکی ترە و تەنها لەکاتێکدا تاریکترین شوێنەکانی دنیا رووناك دەکات کە من کرداری رەنگدانەوەکەی ئەنجام بدەم.**

من لەتە ئاوێنەیەکم کە لەشێوە راستەقینەکەی هێندە ئاگادار نیم. لەگەڵ ئەمەشدا، هەرچییەك بم، دەتوانم رووناکی بگەیەنمە تاریکترین شوێنەکانی جیهان، بۆ رەشترین خانەکانی دڵی مرۆڤ و، ببمە هۆی گۆڕانی هەندێك شت لە ژیانی مرۆڤەکاندا. لەوانەیە کەسانی تریش بەم کارە بزانن و هەر ئەم کارە ئەنجام بدەن. ئەمە کتومت هەمان شتە کە من بەدوایدا وێڵم. ئەمە واتای ژیانی منە."

پاشان پاپادروس دووبارە ئاوێنەکەی بەدەستەوە گرت و بەیارمەتی تیشکی خۆر کە لەپەنجەرەوە دەیدا لەناو هۆڵەکە، رووناکایی گرتە دەموچاوم و دەستەکانم، کە لەسەر دەستکی کورسییەکە جوڵەیان لێ بڕابوو.

*رووناکی بەرین بۆ شوێنێك، کە تاریکی تێیدا زاڵە.*

*ئومێد بەرین بۆ شوێنێك، کە نائومێدی باڵی بەسەردا کێشاوە و،*

*لەرووناکی ئاسماندا هەنگاو بنێین.*

ڕۆژێك كە تۆ بەبێ عەشق بەسەری دەبەیت

لەو ڕۆژە فەوتاوتر ڕۆژت نییە.

"خەیام"

## "کوێر یان چاوساغ ؟"

کاتێك بە مەبەستی خوێندنەوە دانیشتم، کورسییەکانی پارك چۆڵ بوو. لەژێر لقە درێژ و شۆڕەکانی داربییەکی بەساڵاچوو، دڵساردی لەژیان هۆکارێکی باش بوو بۆ توران، چونکە دنیا دەیویست ورد و خاشم بکات.

لاوچاکێك بە هەناسەبڕکێ لێم نزیك بۆوە. ڕێك لەبەرامبەرم وەستا و بەجۆشێکی زۆرەوە وتی: "سەیر بکە چیم دۆزیوەتەوە!"

گوڵێکی بەدەستەوە بوو و، لەو دیمەنە دڵتەزێنە، گوڵێکی ژاکاو، نەبارینی باران وەکو پێویست، یان ڕووناکی کەم. داوام لێکرد گوڵە ژاکاوەکەی هەڵبگرێت و بچێت یاری بکات. خەندەیەکم بۆ کرد، پاشان سەرم وەرسوڕاند.

بەڵام ئەو لەباتی ئەوەی دوور بکەوێتەوە، لەپاڵم دانیشت و گوڵەکەی بەلووتیەوە نا و زۆر بەسەیری وتی: "بەدڵنیاییەوە بۆنێکی خۆشی هەیە و جوانیشە، هەر لەبەر ئەوە لێم کردەوە، فەرموون ئەوە هی ئێوەیە."

ئەو گیا هەرزەیە دەژاکایەوە یان ژاکابۆوە. بێ ڕەنگ بوو، پرتەقاڵی، زەرد یان سوور.

بەڵام دەمزانی کە دەبێ لێی وەربگرم، ئەگینا لەوانەبوو هەرگیز نەڕوات.

لەمڕووەوە دەستم بۆ گوڵەکە درێژ کرد و جوابم دایەوە:

"هەر ئەو شتەی کە پێویستمە."

بەڵام ئەو لەجیاتی ئەوەی گوڵەکەم بخاتە دەستمەوە هەر وا لە بۆشاییدا رایگرتبوو، بەبێ هۆ یان نەخشەیەك لەو کاتەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بینیم.
ئەو کوڕەی گیا هەرزەکەی بەدەستەوە بوو، نەیدەتوانی ببینێت، ئەو کوێر بوو.

دەنگم کەوتە لەرزین، فرمێسکەکانم وەکو خۆر دەدرەوشانەوە.

ئەو خەندەیەکی کرد و وتی: "شایەنی نییە". پاشان رایکرد و رۆیشت بۆ یاری کردن.

بێ ئاگا لەو کاریگەرییەی کە کردیە سەر ئەو رۆژەی من.

لەوێ دانیشتم و سەرسامی ئەوە بووم کە ئەو چۆن دەتوانێت ببینێت

ژنێك کە لەژێر درەختی بەساڵاچوو دانیشتبوو و داخ و پەژارە دایگرتبوو.

چۆن هەستی بەوە کرد کە خۆم ئازار دەدەم،

لەوانەیە دڵی توانای دیتنی راستەقینەی هەبێت.

بەهۆی چاوەکانی منداڵێکی کوێرەوە، سەرەنجام توانیم ببینم

**کێشەکە دنیا نەبوو، کێشەکە خودی خۆم بووم.**

بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەو سەردەمەی کە خۆم کوێر بووم،

بەڵێنم بەخۆم دا جوانییەکانی ژیان ببینم و هەر چرکەیەك کە هی من بوو بەهەندی وەربگرم.

لەو کاتەدا گوڵە داپلۆساوەکەم بەلووتمەوە نا.

هەستم بە بۆنی گوڵێکی سوور و جوان کرد.

کاتێك بینیم ئەو کوڕە لاوە گیایەکی هەرزی تری بەدەستەوەیە، پێکەنیم:

ئەو خەریکی گۆڕینی ژیانی پیاوێکی بەساڵاچووی تر بوو.

***"جەریل فلۆرشی"***

# "شێوەی فریشتە چۆنە ؟"

تا ئێستا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە شێوەی فریشتە چۆنە؟ ئەگەر کەسێك داواتان لێ بکات نیگاری فریشتەیەك بکێشن چۆن ئەم کارە دەکەن؟

"کوربە" یەکێك لە نیگارکێشەکانی شێوازی "ریالیزم" لەمبارەیەوە دەڵێت: "من ناتوانم نیگاری فریشتەیەك بکێشم، چونکە هەرگیز فریشتەیەکم نەبینیوە." بەڵام من وەکو راهێنەرێکی نیگارکێشی هەرگیز لەگەڵ وتەکەی کوربەدا نەبوومە و، لەبەر ئەوەش لەناو پۆلەکانمدا چەندین جار داوام لەقوتابییەکان کردووە کە وێنەی فریشتەیەکم بۆ بکێشن.

ئەو رۆژەش هەر ئەمەم لە قوتابییەکان داوا کرد و ئەوان دەستیان کرد بە وێنە کێشان. "رۆژین" یەکێك لەوانە بوو کە رۆحێکی زۆر ناسك و لەهەمانکاتدا ئازای هەبوو. ئەو لەو قوتابییە دەگمەنانە بوو کە کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبوو و زۆر کەم داوای رێنمایی لەمن دەکرد. ئەو رۆژەش بەرلەوەی وتەکانی من کۆتایی بێت رۆژین پێنووسە رەنگییەکانی دەرهێنا و دەست بەکار بوو.

پاش چەند خولەك چوومە سەر هەریەك لە قوتابییەکان و جوابی پرسیارەکانیانم دایەوە. زۆربەی فریشتەکانی ئەو رۆژە، کچانێکی رووگەش و جوان بوون کە بەجووتێك باڵی سپی لەئاسماندا دەفڕین.

بەڵام وێنەکەی رۆژین لەگەڵ هەموو وێنەکانی تر جیاواز بوو. بەخۆمم وت: "پێدەچێت ئەم جارەش رۆژین بابەتێکی تری بۆ وێنەکێشان هەڵبژاردبێت".

هەر بۆیەش بۆ پەی بردن بەڕاستی، چاوەڕێی تەواو بوونی وێنەکەی بووم. بەرەبەرە پەڕی وێنەکێشییەکەی رۆژین پڕبوو لە دڵی سوور کە لەناو کۆمەڵێك

خاڵی ڕەنگیدا هەڵواسراو بوون. بە هێمنی پرسیم: "ڕۆژین دەکرێ بڵێیت چیت کێشاوە؟ بە سەرسوڕمانەوە سەیری منی کرد و وتی: دەی ئەمانە فریشتەن ئیدی!!"

ئەو ڕۆژە من وانەیەکی گەورە لە ڕۆژینی ٩ ساڵانەوە فێر بووم، ئەو فێری منی کرد کە دڵەکانی دەوروبەرمان هەموویان فریشتەن، دڵە بێ خەوشەکان، پاك و جوانِ کە خودا پێی بەخشیون و هەرکات پێویستت پێیان بێت، لەگەڵ تۆدان و دین بۆ یارمەتیت و بەپێچەوانەی وتەی کوربە، بە ئاسانی دەتوانی بیانبینی، تەنها پێویستە کەمێك تێڕابمێنیت.

کلیلی دەرگای داخراو بە.. ئومێدی دڵی شکاو بە

## "بەهای سۆزداری"

کوڕەکە بەپەلە لەتەنیشتیەوە تێپەڕ بوو، بەڵام چەند هەنگاو لەولاتر قاچی لەشتێك گیرا و کەوت. هەموو شتومەکەکانی لەسەر زەوی بڵاو بوویەوە. کەمێك وەستا و دواتر لەجێی خۆی دانیشت و یارمەتی کوڕەکەی دا بۆ کۆکردنەوەی شتەکانی.

هەر دووکیان لەقوتابخانە دەگەڕانەوە و ڕێگەکەیان هاوبەش بوو. لەڕێدا بەیەکەوە ئاشنا بوون و دەمەتەقەیان کرد. زانی کە ناوی کوڕەکە "بیل"ە، شەیدای یاری کۆمپیوتەرییە و ئەم دواییە باشترین هاوڕێی لێی تۆراوە.

چەند ساڵێك دەرباز بوو و هاوڕێیەتیان بەردەوام بوو. ڕۆژی دەرچوون لە دواناوەندی، بیل بەوی وت: "ئەو ڕۆژەت لەبیرە کە بەیەکەوە ئاشنا بووین؟ دەزانی بۆچی ئەم هەموو شتومەکەم پێ بوو؟ ئەو ڕۆژە چەکمەجەی مێزەکەم بەتاڵ کردبوو تاکو کەس لەخۆم نەڕەنجێنم. بەو بڕیارەی کە دابووم ئیتر بەتەما نەبووم بگەڕێمەوە قوتابخانە.

ڕەوشیماڵەوە ئاڵۆز بوو، تەنها هاوڕێم لەدەست دابوو و وام هەست دەکرد خراپترین مرۆڤی سەر زەویم. هیچ هیوایەکم بۆ نەمابۆوە... کاتێك تۆ کتێبەکانی منت لەسەر زەوی کۆ کردەوە ژیانی منت ڕزگار دەکرد... دەزانی... دەمویست بچمە ماڵەوە و خۆم بکوژم."

# "فریشتەی رزگارکەر"

ددانەکانم زۆر ئازاریان هەبوو. لەوە زیاتر نەمدەتوانی پشت گوێیان بخەم. لەئاکامدا ترسی پزیشکی ددانم فەرامۆش کرد و بڕیارم دا بۆ چاککردنەوەی ددانەکانم دەست بەکار بم. بەڵام چۆن؟ من ساڵی یەکەمی پەیمانگا بووم و بە دەرامەتی کاری نیوڕۆژ ژیانی رۆژانەم بە سەختی بەڕێوە دەبرد.

هیچ نەبوایە دەمتوانی ئەو ددانەم چاك بکەم کە لەهەمووان خراپتر بوو. کاتێك چەند خولەکێك لەسەر کورسی دانیشتم و پزیشکی ددان سەیری ددانەکانمی کرد، بەمنی وت: "رەوشی ددانەکانت خراپە. بەڵام نیگەران مەبە، من هەموویت بۆ چاك دەکەمەوە."

وتم: "نا ئێوە ئەم کارە ناکەن، چونکە توانای دانی خەرجییەکەیم نییە." لەکورسییەکە هاتمە خوارەوە.

"چی دەکەیت؟"

"بەئێوەم وت کە پارەم نییە."

"ئێوە قوتابی پەیمانگەن. وا نییە؟"

"بەڵێ، چ جیاوازییەکی هەیە؟"

"بێگومان پاش چەند ساڵی تر بڕوانامەکەتان بەدەست دێنن؟"

"هیوادارم"

"ئەو کات چاوەڕێی بەدەست هێنانی کارێك دەبن."

"بەرنامەکەم هەر ئەوەیە."

"باشە، ئەو کات پارەکەی من دەدەن. لەم ماوەیەدا سەرقاڵی خوێندنەکەتان بن و کاری ددانسازی بەمن بسپێرن."

لەو ڕۆژە بەدواوە، هەموو هەفتەیەك بەڕێكوپێكی سەردانم ئەو پزیشكەم دەكرد تاوەکو هەموو ددانەکانمی چاك كرد و ئەو، بە پێڕاگەیشتنی بەردەوام، تەندروستی ددانەکانمی پاراست. پاش تەواو بوونی خوێندنەکەم پیشەیەکم دەستەبەر کرد و لەماوەی چەند مانگدا پارەکەیم دا."

دوا ٤٠ ساڵ فێر بووم ئەم پیاوە بە "فریشتەی رزگارکەر" ناوزەد بکەم. ئەمانە کەسانێکن کە لەکاتی پێویستیدا، لەپڕ بەشێوەیەکی نادیار دەردەکەون.

ئەوان زۆر جار منیان لە مەترسی یان تووشبوون بە هەڵەی گەورە پاراستووە. کەوابوو ئەی پزیشکی ددانی ئازیز، لەهەر شوێنێك کە هەیت، خوداوەند بتپارێزێت و جارێکی تر سوپاست دەکەم.

***"وارداوان"***

کاتێك خۆشەویستی دەردەبڕن باشترین
تایبەتمەندی ئێوە شکۆفە دەدات.
"جی. پی. واسوانی"

## "هەست کردن بە سوودمەندی"

ژنێکی بەساڵاچوو، بە نەقەنەق بەڕێدا دەڕۆیشت کە لەناکاو لاوچاکێك پێی گەیشت و پرسیاری ناونیشانی دوکانێکی لێ کرد. ژنە پاش ماوەیەك زۆربلێیی نەیتوانی بەرێکوپێکی ناونیشانەکە بدات. هەر بۆیە پێشنیاری کرد هاوڕێیەتی ئەو لاوە بکات.

بەرێ کەوتن و سەرقاڵی قسەکردن بوون. بەرێکەوت رێگەکە هەندێك هەوراز بوو و ژنە تووشی کێشە بوو، بەڵام ئەو بەهێزێکی نائاسایی هەموو رێگەکەی بڕی و دوکانەکەی بەو کوڕە پیشان دا.

لاوك کە زۆر شەرمەزار بوو، سوپاسی کرد، بەڵام پیرەژن وتی: "پێویست بەوە ناکات. من دەبێ سوپاسی تۆ بکەم"

کوڕە بە سەرسامییەوە پرسی:

"بۆچی ئێوە؟"

ژنە جوابی دایەوە: "تۆ ئەمڕۆ بەمنت سەلماند کە هێشتاش دەتوانم کارێکی باش ئەنجام بدەم و یارمەتی کەسێك بدەم. کەوابوو لەبەر ئەوەی هەست کردن بە سوودمەندیت لای من زیندوو کردەوە، زۆر سوپاس."

لەناخی هەر مرۆڤێکدا چەند فریشتەیەک هەیە

کە تەنها ئارەزوویان ئەوەیە رۆژێک لەدایک بن.

## "باڵ گرتنی فریشتە"

چـاوەکانی ئـەو رووی لـەخوارەوە بـوو، سـەری شـۆڕ کردبـۆوە و بەڕێـدا دەڕۆیشت.

کاتێک منی بینی، قسەیەکی کرد و من سەرنجیم راکێشا.

ئەو ئاڵۆز و پەرێشان بوو.

ئەو وتی: "خانم من برسیمە."

ئەو زۆر بەڕێز بوو.

بە نەرمی پێم وت: "هیچ پارەیەکم نییە،

بەڵام بەم پسولەی وەرگرتنی خواردنەی خۆم، خواردنت بۆ دەکڕم."

ئێمە لەبێدەنگیدا رۆیشتین و، ئەم پیرەمێردە بێ خانومانە وتی:

"ژمارە تەلەفۆنی خۆت بدە بە من.

کاتێک کە بتوانم پارەی خواردنەکە دەدەمەوە."

سەیری چاوەکانیم کرد کە نائومێدییان تێدا بوو.

وتم: "نیگەران مەبە، نامەوێت تۆ پارە بدەیت."

کاتێک بە بەردەم مادە خۆراکییەکانی فرۆشگادا تێپەڕ دەبووین،

وەکو منداڵ شتێکی هەڵدەگرت و داوای شتی زیاتری دەکرد

بە خۆشحاڵییەوە پێم وت هەرچییەکی دەوێت هەڵبگرێت.

چونکە لەژیانمدا هەندێک کردەوەی ناپەسندم ئەنجام داوە.

هەرگیز فەرامۆشی ناکەم، چونکە ئەو بەڕێی خۆیدا دەڕۆیشت،

چونکە ئەو شتێکی دا بەمن کە هەرگیز ناتوانم قەربووی بکەمەوە.

ئەو دەرفەتی ئەوەی پێ دام تاکو ئەوەندەی دەتوانم بدەم.

دەرفەتێك بۆ ئەوەی بەسۆزەوە لێکدانەوەی هەڵە لەئاست یەکتر لەئارادا نەهێڵم.

دەرفەتێك بۆ ئەوەی خواردن بدەم بە کەسێك کە کەسی تر ئەم کارەی نەدەکرد.

دەرفەتێك تاکو تاکێکی بێ هاوتا بم، دەرفەتێك بۆ ئەوەی باش بم.

بۆ هەمیشە سوپاسی ئەو بێگانە شرپۆشە دەکەم.

لەبەر ئەوەی ئەو، بە چەند کیس خۆراك، عەشقی بەمن پیشان دا.

لەبەر ئەوەی رێگەی دا تاکو کەسێك بم کە زیاتری هەیە.

دەبینن من فریشتە نیم، گەرچی ویستوومە کە ئەوە بم.

تەنها لەگەڵ خۆمدا بووم، زۆر کەسم ئازار داوە.

ئەم پیاوە، ئەم بێگانەیە، تەنها لەپەنامەوە تێپەڕ نەبوو،

**بۆ ساتێك فریشتەیەکی ئازاد کرد تاکو باڵ بگرێت.**

یەکێك لەجوانترین پاداشتەکانی سروشت ئەوەیە کە کەس ناتوانێت لەدڵەوە یارمەتی کەس بدات مەگەر ئەوەی کە یەکەم جار یارمەتی خۆی دابێت.

"ئەمرسۆن"

## "جەنابی گیلسپای"

ئەو سەردەمەی لە پۆلی حەوت دەمخوێند، وەکو یاریدەدەری پەرەستار لە نەخۆشخانەی خۆجێیی شارەکەمان کارم دەکرد. لەماوەی هاویندا داوام کرد وەکو خۆبەخش هەفتانە ٣٠ تا ٤٠ کاتژمێر لەوێ کار بکەم.

زۆرترین کات کە لەوێ بەسەرم دەبرد لەگەڵ جەنابی "گیلسپای" بووم. کەس سەردانی ئەوی نەدەکرد و پێنەدەچوو کەس گرنگی بەرەوشی ئەو بدات.

زۆربەی رۆژەکان لای ئەو دەمامەوە، دەستیم دەگرت و قسەم لەگەڵدا دەکرد و بەهەر رێیەك کە بکرایە یارمەتیم دەدا. وێڕای ئەوەی کە تەنها کاردانەوەی ئەوە بوو کە دەستەکانمی دەگوشی، بەلای منەوە هاوڕێیەکی نزیك بوو، بەڵام جەنابی گیلسپای لەرەوشی کۆمادا بوو.

هەفتەیەك لەگەڵ دایکم و باوکم چووم بۆ پشوو. کاتێك گەڕامەوە، بینیم جەنابی گیلسپای رۆیشتووە. نەمدەوێرا لەپەرستارەکان پرسیار بکەم بۆ کوێ رۆیشتووە، چونکە دەترسام پێم بڵێن ماڵئاوایی لەژیان کردووە. هەر بۆیە لەکاتێکدا زۆربەی پرسیارەکانم بێ وەڵام مابۆوە بەدرێژایی ساڵی هەشتەمی خوێندنیش درێژەم بە کاری خۆبەخشی دا.

دوای چەندین ساڵ، کاتێک لەدواناوەندی دەمخوێند، ڕۆژێک لە بەنزینخانەیەک بووم کە چاوم بە ڕوخسارێکی ئاشنا کەوت. کاتێک ناسیمەوە، فرمێسک بەچاوەکانمدا هاتە خوار. ڕێگەم بەخۆمدا بچمە پێش و پرسیاری لێبکەم کە ئایا ناوی جەنابی گیلسپایە و، ئایا نزیک ٥ ساڵ پێش ئێستا لە نەخۆشخانە، لەرەوشی کۆمادا بووە؟ ئەو کە دڵنیایی بە ڕوخسارییەوە دیار نەبوو، وەڵامی ئەرێی دایەوە. بۆم ڕوون کردەوە کە چۆن ئەوم ناسیوە و ڕۆژانە چەند کاتژمێر بەدیاریەوە وەستاوم و قسەم لەگەڵدا کردووە. چاوی پڕبوو لە فرمێسک و بە سۆزێکەوە باوەشی پێدا کردم کە شتی وام بەخۆمەوە نەبینیبوو.

ئەو بۆی گێڕامەوە کە چۆن لە رەوشی کۆمادا درێژ ببوو، بەڵام دەنگی منی دەبیست و، بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەیزانی کە دەستەکانیم توند گرتووە. وایدەزانی ئەو بوونەوەرەی لەپاڵی دانیشتووە، نەک مرۆڤ، بەڵکو فریشتەیەکە. جەنابی گیلسپای باوەڕێکی بەهێزی بەوە بوو کە دەنگ و دەست لەناو دەستانی من وای کردووە کە زیندوو بمێنێت.

پاش ئەوە، بەسەرهاتی ژیانی خۆی و ئەوەی کە بۆتە مایەی بێهۆشی، بۆ من گێڕایەوە. هەردووکمان ماوەیەک گریاین و یەکترمان لەباوەش گرت. دواتر ماڵئاواییمان لەیەک کرد و هەریەکەو بەرێی خۆیدا رۆیشت.

وێڕای ئەوەی جارێکی تر ئەوم نەبینیەوە، بیرەوەرییەکەی هەموو ڕۆژ دڵم پڕلە شادی دەکات. دەزانم کە جیاوازییەکم لەنێوان مان و نەمانیدا بەدی هێنابوو. لەوە گرنگتر، ئەو گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ژیانی مندا هێنا. من هەرگیز فەرامۆشی ناکەم بۆ ئەو کارەی لەگەڵ مندا کردی: ئەو منی کرد بە فریشتەیەک.

*"ئەنجیلا ستارجیل"*

عەشقی بە مەرج دەڵێت: عاشقی تۆم
لەبەر ئەوەی پێویستیم بە تۆ هەیە.
عەشقی بێ خەوش دەڵێت: پێویستم
بە تۆ هەیە چونکە عاشقی تۆم.

"جی. پی. واسوانی"

## "مامۆستا"

پیاوێکی پیر لەناوچەیەك دەژیا. ئەو نموونەی سەختییەکان بوو. ئەو پیاوێکی توندوتیژ، پیس و شەڕخواز بوو. هەروەها بەهیچ شێوەیەك مەیلی پاکوخاوێنی یان یارمەتیدانی نەبوو. کەس نەیدەتوانی لەگەڵیدا بسازێت.

لە ئەنجامدا پاش چەندین مانگ هەوڵی بێ ئاکام بۆ هەماهەنگ بوون لەگەڵ کۆمەڵ، پیرەمێرد بە مەبەستی پاریس ئەوێی جێ هێشت. "گورجیف" دوای کەوت و لەهەوڵی ئەوەدا بوو رازی بکات تاکو بگەڕێتەوە. بەڵام کارێکی زۆر سەخت بوو و ئەو پیاوە وتی: "نا"

لە ئاکامدا گورجیف هانی دا کە ئەگەر بمێنێتەوە مووچەیەکی مانگانەی زۆری بۆ دەبڕێتەوە. ئەو پیاوە چۆن دەیتوانی ئەم پێشنیارە رەت بکاتەوە؟

کاتێك ئەو پیرەمێردە گەڕایەوە، هەمووان کش و مات بوون. پاش ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵ بیستیان دەبێت مانگانە بڕێك پارە کۆ بکەنەوە و وەکو مووچەی مانگانە بیدەن بەو، تورە و ناڕازی بوون.

گورجیف لە کۆبوونەوەیەك کە هەر بەم مەبەستە ساز درابوو، دوای بیستنی ناڕەزایەتییەکانی دەوروبەر وتی: "ئەم پیاوە پیرە وەکو هەویری نان کردن وایە.

بەبێ ئەو هەرگیز ناتوانن بەشێوەیەکی راستەقینە لەبارەی بابەتگەلێکی وەك توڕەیی، هەڵچوون، خۆڕاگری و هاودەردی فێری شتێك بن. لەبەر ئەم هۆیە دەبێ مانگانە پارەیەك کۆ بکەنەوە تاکو من بیدەم بەو."

# "پاکەتی جگەرە"

یەکێک لە هاورێکانی "سۆهراب سپەهری" دەگێرێتەوە کە "رۆژێک لەناو ئۆتۆمبیلی سۆهراب نزیك شاری کاشان دەرۆیشتین. دەستم خستە ناو داشبۆرد و چەند پاکەت جگەرە و شقارتەم بینی. بە سەرسامییەوە لە سۆهرابم پرسی: "تۆ جگەرەت نەدەکێشا !"

سۆهراب کە خەریکی لێخورینی ئۆتۆمبیلەکە بوو بەداخێکی تایبەتەوە وتی: "رۆژێک بەدەوروبەری دەشتەکانی (نەتەنز)دا دەرۆیشتم، لەدوورەوە چاوم بە جووتیارێك کەوت کە لەژێر تینی خۆر خەریکی کار بوو، بیرم لەوە کردەوە ئەو برە میوەیەی کە پێم بوو بیبەم بۆ کابرای جووتیار. " ئۆتۆمبیلەکەم لەکەنارێك راگرت و رێیەکی درێژم بری تاکو گەیشتمە لای پیرەمێردی جووتیار. دوای چاکوچۆنی میوەکەم بۆ راگرت و فەرمووم لێکرد، بەلام جووتیارەکە بە بێ مەیلی سەیرێکی کردم و وتی: "جگەرەت پێیە ؟"

بە شەرمەزارییەوە وتم: "نا، بەلام میوە هەیە". جووتیار وتی: "نا، دەست خۆش، زۆر هیلاکم، حەزم لە جگەرە بوو." من زۆر خەفەتم خوارد. ئێستا ئەو جگەرانە کە دەیبینی بەم ئومێدە خستوومەتە ناو ئۆتۆمبیلەکە کە بەلکو قەرەبووی رابردوو بکەمەوە.

## "توندوتیژی لەکوێوە دەست پێدەکات ؟"

ئێمە شاعیرێکمان هەیە بەناوی "سۆهراب سپەهری". شێعرەکانی ئەو نە پێداهەڵدانە بەباڵای دەسەڵات و نە هەرزەگۆیی دژبەرانە. ئەو لەوپەڕی ئەم ململانێیانە سەرقاڵی پەرەپێدانی "خۆشەویستی" بووە. ئەو شێعرێکی هەیە لەبارەی ئاو خواردنەوەی باڵندەیەک:

ئب را گل نکنیم (ئاوەکە لێڵ نەکەین)

در فرودست انگار (دەڵێت لەخوارەوە)

کفتری می خورد ئب (کۆترێک ئاو دەخواتەوە)

رەخنەگرێکی بەناودەنگی ئێرانی رەخنەیەکی پڕ هاتوهاوار لەسەر بەرهەمەکانی دەنووسێت کە: "لە بارودۆخێکدا کە ئەمریکا بۆبمی ناپاڵم بەسەر ڤێتنامدا دەڕێژێت و مرۆڤ دەکوژێت، تۆ نیگەرانی ئاو خواردنەوەی کۆترێکی ؟" سپەهری لەکۆڕێکی دۆستانەدا جوابی ئەو دەداتەوە: "هاوڕێی ئازیز، بناغەی بابەتەکە هەر لێرەدایە. بۆ خەڵکێك کە لەشێعر فێر نابن کە نیگەرانی ئاو خواردنەوەی کۆترێك بن، کوشتنی مرۆڤ لە ڤێتنام یان هەر شوێنێکی تر، بابەتێکی ئاساییە".

یەکێك لەهاوڕێکانم شەوێك لای سپەهری میوان بوو. لەکاتی گفتوگۆدا بەرسورکەیەك دێتە ناو ژوورەکە و هاوڕێکەی من ویستوویەتی بە پێڵاوەکەی بیکوژێت. سپەهری پێشی پێ دەگرێت و دەڵێت: "تۆ تەنها دەتوانی پێی بڵێیت کە نەیەت بۆ ژوورەکەت."

هاوڕێکەمان بەرسورکەکە دەگرێت و فڕێی دەداتە دەرەوە. سپەهری دەکەوێتە گریان کە خاوەن گیانێك لەم جیهانەدا بریندار بوو و لەهاوڕێکەم دەپرسێت کە "بیرت لەوە نەکردەوە ئەگەر بەم نیوەشەوە پێی ئەم گیانلەبەرە بشکێت و، لەکاتێکدا ئەوان بە ئەندازەی ئێمە شارستانی نین کە نەخۆشخانەیان هەبێت چی دەقەومێت؟ کێ دەڵێت ئەم گیانلەبەرە بێچوویەکی نەبێت کە چاوەڕێی گەڕانەوەی دایکی بۆ ماڵەوە بێت ؟"

ئێوە سەرنج بەم روانگە شاعیرانەیە بدەن. ئەگەر سروشتی مرۆڤ تا ئەو رادەیە ناسك بێت کە نیگەرانی ئاو خواردنەوەی کۆترێك و برینداربوونی بەرسورکەیەك بێت، بێگومان روو لە توندوتیژی ناکات و بە ئاسانی لەهەر شوێنێك مرۆڤ ناکوژێت.

بۆچوونی من ئەوەیە کە ئێمە سەرەتا توندوتیژیمان لەسەر ئاژەڵان تاقی کردۆتەوە.

دوایی دەستمان کرد بە توندوتیژی لەگەڵ مرۆڤ. خەڵکی ئەڵمانیا سەرەتا دەستیان برد بۆ کوشتنی سەگەکانی سەر شەقام، بەو بیانوویەی کە تەندروستی گشتی کەوتۆتە مەترسی، بەڵام فەرامۆشیان کرد کە ئەمە یەکەم راهێنانە بۆ داگیرساندنی ئاگر لە کورەکانی سووتاندنی مرۆڤ. مێژوونوسان فەرامۆشیان کرد کوشتاری ئەم سەگانە وەکو راستییەکی مێژوویی تۆمار بکەن و دەروونناسان فەرامۆشیان کرد، کاریگەرییەکەی لەسەر دەروونی خەڵکی ئەڵمانیا هەڵبسەنگێنن. لەبەر ئەوەی سەردەمی پزیشکەکان و رزگاری رەگەزی مرۆڤ لەنەخۆشی هاری بوو.

پەسند کردنی توندوتیژی لەگەڵ ئاژەڵان، پەسند کردنی توندوتیژی لەگەڵ منداڵان و پەسند کردنی نمایشی توندوتیژی بۆ منداڵان و پەسند کردنی

بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لە سینەما و تەلەفزیۆن سەرچاوەی دڕندایەتی مرۆڤی بەڕواڵەت شارستانییە و، بەداخەوە کەس بیر لەسانسۆر کردنی توندوتیژی ناکاتەوە.

*"موحسین مەخمەلباف، ژیان ڕەنگە"*

عەشق تەنها عەشق، بەگەرمی سێوێك
وابەستەت دەكات و، عەشق تەنها عەشق
منی برد بۆ پانتایی پەژارەی ژیانەكان
منی گەیاندە ئەگەری بوون بەباڵندەیەك.

*"سۆهراب سپەهری"*

## "کەوچکێك چاوپۆشی"

خوشکی سۆهراب سپەهری دەگێڕێتەوە کە سۆهراب هەرگیز حەزی لە سوپی پیاز نەبوو. نزیك دوو مانگ دەبوو کە لەدەرەوەی وڵات، لەماڵی یەکێك لە هاوڕێکانی کە هاوسەرەکەی بیانی بوو، دەمایەوە.

من چووم بۆ دیتنی. کاتی ژەمی نیوەڕۆ بینیم سوپی پیازیان هێنا و سوهراب بەهێمنییەکی بێ وێنە خواردی. دوای تەواو بوونی ژەمەکە لەسۆهرابم پرسی:

"تۆ کە ئەوەندە رکت لەسوپی پیاز بوو، چۆن ئەم ماوەیە و هەموو رۆژ دەیخۆیت ؟"

سۆهراب بەهێمنی و ناسکی هەمیشەی خۆی رووی کردە من و وتی:

*"دوای خواردنی سوپ، کەوچکێك چاوپۆشی دەخۆم!"*

زۆر بەجوانی نامەیەك دەنووسن، دەیخەنە ناو پاکەتێك و ناونیشانەکە بە خەتێکی زۆر خۆش دەنووسن، بەڵام ئەگەر پولێك بەو پاکەتەوە نەنێن نامەکە ناگاتە شوێنی مەبەست. هەرچەندەی کردەوەکانی ئێمە باش بن تاکو پولی عەشقی لەسەر نەبێت رێی ناکەوێتە دەرگای خوداوەند.

## "پسولەی ژمێریاری نەخۆشخانە"

رۆژگارێك، کوڕێکی هەژار دەژیا کە بۆ گوزەرانی ژیان و دابین کردنی خەرجیی خوێندن دەستفرۆشی دەکرد. لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ دەچوو تاوەکو بتوانێت پارەیەك بەدەست بهێنێت.

رۆژێك بینی کە تەنها یەك سکەی ١٠ سەنتی بۆ ماوەتەوە و، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە زۆر هەستی بەبرسیەتی دەکرد. بڕیاری دا لەماڵێك داوای بڕێك خۆراك بکات. بەشێوەی هەڵکەوت لەدەرگای ماڵێکی دا. کچێکی شۆخ و شەنگ دەرگاکەی کردەوە. کوڕە لەگەڵ دیتنی روخساری جوانی ئەو کچە شڵەژا و لەجیاتی خۆراك، تەنها داوای پەرداخێك ئاوی کرد.

ئەو کچە کە زانی کوڕەکە زۆر برسیەتی لەجیاتی ئاو پەرداخێکی گەورە شیری بۆ هێنا. کوڕە بە تێڕامان و لەسەرخۆ شیرەکەی خواردەوە و وتی: "پارەکەی دەکاتە چەند؟" کچە لەوەڵامدا وتی: "هیچ ناکات. دایکم فێری کردووین کە چاکە، بەرامبەری نییە." کوڕە وتی: "کەوابوو من لەدڵەوە سوپاستان دەکەم." دوای چەند ساڵ ئەو کچە بەسەختی نەخۆش کەوت.

پزیشکانی ناوچەکە توانای چارەسەرکردنیان نەبوو و بۆ درێژەی چارەسەری ڕەوانەی شاریان کرد تاکو لە نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو، پزیشکانی پسپۆڕ چاودێری پرۆسەی دەرمانەکەی بکەن.

دکتۆر "هوارد کلەی" بە مەبەستی چاودێری کردنی ڕەوشی نەخۆش و ڕاوێژکاری بانگهێشت کرا. کاتێک زانی نەخۆشەکەی لەچ شارێکەوە هاتووە، تروسکایەکی سەیر لەچاوەکانیدا بەرجەستە بوو. دەست بەجێ هەستا و خێرا بەرەو ژووری نەخۆشەکە کەوتە ڕێ. جلی پزیشکی لەبەر کرد و بۆ بینینی نەخۆشەکەی چووە ناو ژوورەکەی. لە یەکەم نیگادا ناسیەوە. پاشان گەڕایەوە ژووری ڕاوێژکاری تاکو بەزووترین کات بۆ ڕزگار کردنی ژیانی نەخۆشەکەی دەست بەکار بێت. لەو ڕۆژە بەدواوە بەتایبەتی چاودێری ئەو ژنەی دەکرد و لەئەنجامدا، پاش هەوڵێکی دوورودرێژ لەدژی نەخۆشییەکە، دکتۆر "کلەی" سەرکەوتوو بوو.دواڕۆژی مانەوەی ژنەکە لەنەخۆشخانە بوو، بەویستی دکتۆر خەرجی دەرمانی ژنەکە بۆ پشتڕاست کردنەوە خرایە بەردەستی. لەگۆشەی پسولەکە شتێکی نووسی. خستیە ناو پاکەتێك و ناردی بۆ ژنەکە.

ژنە دەترسا پاکەتەکە بکاتەوە و چاوی بە بڕی خەرجییەکان بکەوێت. دڵنیا بوو کە دەبێ تا کۆتایی ژیانی قەرزدار بێت. سەرەنجام بڕیاری دا پاکەتەکە بکاتەوە. شتێك سەرنجی ڕاکێشا، چەند وشەیەك لەسەر پسولەکە نووسرابوو. لەسەرخۆ خوێندییەوە:

"بەهای ئەم پسولەیە پێشتر بە پەرداخێك شیر دراوە."

تۆ ئەندامانی خانەوادەکەت خۆش دەوێت، بەڵام دیدی تۆ سەبارەت بەوەی کە چ کەسانێک بە ئەندامانی خێزانی تۆ دەژمێردرێن زۆر سنووردارە. تۆ خۆت بە ئەندامێک خانەوادەی مرۆیی ناژمێریت، هەر لەبەر ئەمە گرفتەکانی خانەوادەی مرۆیی بە گرفتی نازانیت.

*"گفتوگۆ لەگەڵ خودا"*

## "دیاری"

ساڵانێك پێش ئێستا لەیەکێك لە جەژنە ئایینیەکاندا، خانەوادەیەکی لاو بەهەستێکی خراپ لەخەو هەستان. ئەوان لەجیاتی ئەوەی چاوەڕێی رۆژێکی خۆش و شایەنی سوپاس بن، چاوەڕێی یەکێك لە ڕۆژە ڕەشەکانی ژیانیان بوون.

ئەم رەوشە دژوارە، سەرەتا نائومێدی و دڵساردی ئینجا ئاڵوگۆڕی وشەی رەق و ناشیرین لەنێوان دایك و باوکەکەی لێکەوتەوە. کاتێك تورەیی و خەمۆکی لەنێوان دایك و باوکدا پەرەی سەند، کوڕەکەشیان هەستی بە بێ کەسی و داماوی کرد.

لەو کاتەدا فریشتەی بەخت بەدەنگێکی بەرز و چاوەڕواننەکراو دەرگایماڵەکەیانی کوتا ! کوڕە دەرگای کردەوە. لەبەر دەرگا پیاوێکی باڵابەرزی بینی. ئەو پیاوە، کە سەوەتەیەکی پڕلە چێشتی قەل، نانی شیرینی، پەتاتە،

قوتوی گۆشت و هەموو پێداویستییەکانی ڕۆژی سوپاسگوزاری بەدەستەوە بوو بە خەندەوە پێشوازی لێکرد.

باوکیماڵەوە سەرەتا نەیدەویست دیارییەکە قبوڵ بکات. بەڵام ئەو پیاوە وتی: "سەیر بکەن، من تەنها ئەرکی بڵاوکردنەوەم لە ئەستۆیە." لەکاتێکدا پێدەکەنی سەوەتەکەی خستە ناو دەستی کوڕەکەیان و ڕۆیشت. لەو ساتەدا بوو کە ژیانی کوڕە لاوەکە بۆ هەمیشە گۆڕا. ئەو لەو کردەوە سادە و سۆزئامێزە فێر بوو کە هەمیشە جێی ئومێد هەیە و، خەڵك بەڕاستی سۆزدارن. ئەم هەستی سوپاسە، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ئەو جێ هێشت و لەگەڵ خۆیدا پەیمانی بەست کە ڕۆژێك بگات بەوەها پلە و پایەیەك کە بتوانێت هەمان کردەوە لەگەڵ کەسانی تردا ئەنجام بدات.

کاتێك تەمەنی ئەو کوڕە گەیشتە ١٨ ساڵ، دەستی کرد بە هێنانە جێی پەیمانەکەی. وێڕای ئەوەی دەرامەتەکەی زۆر کەم بوو، بەڵام بە پاشەکەوت توانی هەندێك خۆراکی بۆ دوو خانەوادەی هەژار دابین بکات. ئینجا جلێکی کۆنی لەبەر کرد و چووە بەر دەرگای ماڵیان و بڕیاری دا خۆی وەکو بەرپرسی بڵاو کردنەوە پیشان بدات و خۆراکەکان بەدیاری بدات بەوان.

یەکەم خانەوادەی هەژار بریتی بوون لە: ژنێك و ٦ مندال. ئەو ژنە لەکاتی وەرگرتنی دیارییەکان وتی: "تۆ لەلایەن خوداوە هاتووی و ئەمانە دیاری خوداوەندن."

لاوك جوابی دایەوە: "نا، من تەنها ئەرکدارم، بزانن کە لەسۆز و خۆشەویستی بێ بەش نین و، هەرکات بارودۆختان گونجاو بوو تکایە هەر ئەم دیارییانە بە کەسانی هەژار ببەخشن."

کاتێك کوڕەکە ئەو ماڵەی جێ هێشت، بەهۆی ئەم هەستی یەکبوونە و یارمەتیدانی دەوروبەر فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتە خوار. کاتێك بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لەوێ دوور دەکەوتەوە، لەئاوێنەکەیدا روخساری شاد و بەخەندەی ئەندامانی خانەوادەکەی بینی و شانازی بەخۆیەوە کرد و زانی کە ئەم زنجیرەیە هەروا بەردەوام دەبێت.

ئەمە سەرەتای بزووتنەوەیەك بوو کە تاکو ئەمڕۆ هەروا بەردەوامە. ئەو دیارییەك کە بە خانەوادەکەی درابوو بەخشییەوە بە کەسانی تر و، بەبیری هێنانەوە کە شایەنی چاکە و خۆشەویستین و دەتوانن رۆژێك دیاری هاوشێوە بە کەسانی تر ببەخشن و، ئەنجامدانی ئەم کارە، تەنها پێویستی بە کەمێك دەرك و رادەیەکی زۆر هەوڵ و تەقەللا هەیە.

من ئەم هەموو زیانیارییەم لەبارەی ئەم پیاوە لاوە و خانەوادەکەی و کردەوەکانی و تەنانەت هەستەکانی لەکوێ بەدەست هێناوە؟ لەو شوێنەی کە ئەو پیاوە لاوە خۆم بووم.

***"ئانتۆنی رابینز"***

ئەو خزمەتەی بە کەسانی تری دەکەین
بەهای کرێیەکە کە بەهۆی مانەوەمان
لەسەر زەوی دەیدەین.

"وینفرێد تۆفیل"

## "وەڵامی چاکە"

"مارچیلۆ"، هاوسەری پێشکەشکارێکی تەلەفزیۆنی لە لۆس ئەنجلێس بزر ببوو. ئێواران تا شەون بێ مەبەست سەرگەردان بوو و، لەئەنجامدا رێی کەوتە ناوچەی مەترسی.

بە بارودۆخی ئەو ناوچەیەی زانی و بە تورەییەوە بڕیاری دا لەزەنگی ماڵێك بدات کە چراکانی داگیرسابوون. پیاوێك بەجلی خەو دەرگای کردەوە. مارچیلۆ رەوشەکەی بۆ باس کرد و تکای لێکرد تەکسییەکی بۆ بگرێت. بەڵام کابرا جلەکانی پۆشی، ئۆتۆمبیلەکەی خۆی لەگەراج دەرکرد و ئەوی گەیاندە هۆتێلێك.

کابرا لەرێدا بۆی روون کردەوە: نزیك پێنج ساڵ پێش ئێستا لە بەرازیل بووم. شەوێکیان لەشاری سائۆپائۆلۆ بزر بووم. تەنانەت یەك وشەی پورتوگالیشم نەدەزانی. بەڵام لە ئەنجامدا مێرمنداڵێکی بەرازیلی بە کێشەکەی منی زانی و تا هۆتێل رێنمایی کردم. **ئەمڕۆ، خوداوەند مۆڵەتی دام وەڵامی ئەو چاکەیە بدەمەوە کە لەئەستۆم بوو.**

نەبوونی توندوتیژی، یاسای چەشنی مرۆڤە بەهەمان چەشن کە توندوتیژی یاسای درندەکانە. رۆحی درندەکان خەوتوو و بێدەنگە، جگە لەهێزی جەستەیی، یاسایەك ناناسێت. بەڵام شەرافەتی مرۆڤ وا دەکات کە پەیڕەوی لەیاسایەکی باڵاتر بکات، یاسای هێزی رۆح.

*"گاندی"*

## "بزووتنەوەی نەهێشتنی توندوتیژی"

شۆڕش و راپەڕینی سەربەخۆیی خوازانەی هیندستان بەرابەری گاندی لەجۆری خۆیدا بێ وێنەیە. بە پێچەوانەی هەموو شۆڕش و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، گاندی بۆ یەکەم جار ستراتیژی "نەهێشتنی توندوتیژی" یان "ئەهیسما"ی بەکار هێنا.

ئەو لەمبارەیەوە دەڵێت: "من دژی رێبازێکم کە توندوتیژی لەگەڵدا بێت، تەنانەت ئەگەر لەڕێی چاکەدا کەڵك لەم رێبازانە وەربگیرێت، چاکەیەك کە لەم رێیەوە بەرهەم بێت کاتی و کورت خایەنە، بەڵام ئەو شەڕەی کە لێی دەکەوێتەوە، بەردەوام و هەمیشەییە. توندوتیژی هەرگیز توندوتیژی ناسڕێتەوە بەڵکو تەنها زیاتر پەرەی پێ دەدات."

"نەهێشتنی توندوتیژی و ترس بەیەکەوە کۆ نابنەوە. دەکرێت وێنای پیاوێکی پڕچەك بکرێ کە لەدڵەوە ترسنۆکە. بوونی چەك، بەواتای بوونی

ریشەکانی ترسە لەمرۆڤدا. بەڵام "نەهێشتنی توندوتیژی" راستەقینە بەبێ بوونی نەترسییەك بە تەواوی مانا لەرۆحی تاکدا مەحاڵە."

گاندی بەردەوام دەیووت: دەست شۆردن لەتوندوتیژی بۆ کەسانی بەهێز سەخت نییە. ئەوانەی وەها کارێك بە مەحاڵ دەزانن کەسانی لاوازن، لەبەر ئەوەی نەبوونی توندوتیژی واتە دەربرینی خۆشەویستی بۆ ئەو کەسانەی کە قینیان لە ئێمەیە و دەربڕینی هاوخەمی و لەخۆبوردەیی لەبەرامبەر توندوتیژترین دوژمن.

ئەمە قورسترین وانەیە کە تاك دەتوانێت لەژیاندا فێری بێت. هەر بەم هۆیە "بەهاگاوادگیتا" دەڵێت: **ئەگەر دەتانەوێت کەسانی دلێر پەیدا بکەن، بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە توانای بەخشینیان هەیە و ئەگەر دەتانەوێت کەسانی قارەمان پەیدا بکەن، بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە دەتوانن لەبەرامبەر رق و کین، خۆشەویستی دەربڕن.**

لەناو چیا سەخت و ئاسێکانی پارێزگای سەرسنووری باکووری هیند، رابەرێکی گەورە سەری هەڵدا کە لای خەڵکی بە "گاندی سەر سنوور" ناودەنگی دەرکرد. ئەم کەسە "عەبدولغەفار خان" بوو. هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەیەك کە یاساکەی "چاو لەبەرامبەر چاو، ددان لەبەرامبەر ددان" بوو. خەڵکەکەی – پاتانەکان – خەڵکێکی بێ باك و جەنگاوەرانێکی شەڕخواز بوون کە عەشقی ئازادی گڕی خستبووە ناو دڵیان.

کاتێك گاندی بڕیاری دا بچێت بۆ سنووری باکوور، هەموو خەڵکی هیند نیگەرانی تەندروستی ئەو بوون، هاوڕێکانی وتیان: "ئەمانە خەڵکانێکی توندوتیژن. دیداری ئەوان چ سوودێکی هەیە؟ تەنها شت کە دەیزانن شەڕ کردنە."

گاندی لەوەڵامدا وتی: "منیش جەنگاوەرم، دەمەوێت فێریان بکەم کە چۆن بەبێ توندوتیژی و ترس شەڕ بکەن."

کۆمەڵێک پاتانی چەکدار بەسەرسامییەوە دەورەی ئەم پیاوە وردیلە و گۆچان بەدەستەیان دا، تاکو بزانن چی دەڵێت. بە نەرمی پرسی: "ئایا دەترسن؟ ئەگەر ناترسن، کەوابوو بۆچی چەکتان لەشان کردووە؟" پاتانەکان وڕ و مات تەنها تێی ڕامابوون. تاکو ئێستا کەس نەیوێرابوو بەم شێوەیەی قسەیان لەگەڵدا بکات. گاندی لەدرێژەدا وتی:

**"من هیچ ترسێکم لەدڵدا نییە. هەر بۆیەش چەکدار نیم و،** بەمە دەووترێت ئەهیسما." عەبدولقادرخان چەکەکەی بەلاوە نا و پاتانەکان بۆ پەیڕەوی کردن لە رابەرەکەیان بوون بە ژمارەیەک لە ئازاترین پەیڕەوانی ڕێگەی عەشق، ڕێی عەشقێک کە گاندی پیشانی دابوون.

# "ڤاگۆنی پلە چوار"

لەهیند شەمەندەفەرەکان سێ پلەیان هەیە. لەسەردەمی کۆلۆنیالی ئینگلیزەکان، ڤاگۆنە پلە یەکەکان تەنها بۆ چینی سەردەست (ئینگلیزەکان لەبەرچاو گیرابوو. ڤاگۆنە پلە دووەکان تایبەت بەچینە باڵادەستەکانی کۆمەڵگەی هیند بوو و ڤاگۆنە پڕ و پیسە پلە سێیەکان بەکورسی دار، جێی زۆرینەی خەڵکی هیند (هەژارەکان) بوو.

گاندی کە یەکێتی خۆی لەگەڵ هەژاران لەڕێی هاوشێوەسازی ژیانی خۆی لەگەڵ ژیانی ئەوان دروست کردبوو، بەردەوام بۆ درێژەدانی خەباتەکەی، بە ڤاگۆنی پلە سێ گەشتی دەکرد.

کاتێك کەسێك هۆکاری ئەم کارەی لێ پرسی، بەسادەیی وەڵامی دایەوە: "چونکە ڤاگۆنی پلە چوارمان نییە."

## "دەبێ بەزێڕ بنووسرێت"

(هەڵبژاردەیەك لەڕستەکانی گاندی)

ژیان یەکەیەکی پتەوە
هەموو چالاکییەکانم بەیەکەوە بەستراونەتەوە
و هەموویان لەعەشقی بێ پایانی من بۆ مرۆڤایەتییەوە
سەرچاوە دەگرێت.

***

دەربڕینی عەشق بۆ ئەوانەی کە ئێمەیان خۆش دەوێت نەهێشتنی توندوتیژی نییە. نەهێشتنی توندوتیژی واتە دەربڕینی عشەق بۆ ئەوانەی کە رکیان لەئێمەیە. من خۆم دەزانم کە پەیڕەو کردنی ئەم یاسا گەورەیەی عەشق تاچەند دژوارە، بەڵام ئەنجامدانی هەموو کارێکی گەورە و بەهادار دژوارە! خۆش ویستنی ئەو کەسانەی کە رکیان لەئێمەیە دژوارترین کارە. بەڵام بەلوتف و بەخشندەیی خودا تەنانەت ئەم کارە دژوارانەش

سـادە و ئاسـان دەبێـت، ئەگـەر
لەسەر ئەنجامدانی سوور بین.

***

تەنها کاتێك دەتوانن بانگەشەی
عاشق بوون بکەن کە ئاسوودەیی
کەسانی تر بەلاتانەوە گرنگتر بێت
لە ئاسوودەیی خۆتان.

تەنانـەت ژیـانی کەسـانی تـر
بەگرنگتر لـەژیانی خۆتـان بـژمێرن،
گەر وا نـەبێت، جگـە لـەبازرگانی و
دانوستانی ئاسایی هیچی تر نییە.

***

ئایا ئـەو نـەبوونی توندوتیژییـە
کە شایەنی دلێرانە، لەمندا هەیـە؟
تەنها مەرگی من دەتوانێت وەڵامـی
ئـەم پرسـیارە بداتـەوە: ئەگـەر
کەسـێك مـن بکوژێـت و مـن
لەڕەوشـێکدا بمـرم کـە نـزای
بکوژەکەم لەسەر لێوەکانم بێت و
یادی خودا و هەست کردن بەبوونی
زینـدووی ئـەو لـەناو دڵمـدا بێـت،

تەنها لەم رەوشەدایە کە دەتوانم
بڵێم وەکو دلێرێك توندوتیژیم
لەخۆمدا نەهێشتووە.

***

راستیی لەدڵی هەموو مرۆڤێکدا
هەیە. هەر کەسەو دەبێ لەوێ
بەدوایدا بگەڕێت و بەو چەشنەی
کە خۆی لێی تێدەگات بیکات
بەچرای رێ. کەس مافی ئەوەی
نییە کەسانی تر ناچار بکات
بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەو
لەڕاستیی رێیەك بپێون.

# "سروشتی مرۆڤ"

لەناو چیرۆکە نەریتی و پڕواتاکانی هیند، چیرۆکێك هەیە لەبارەی راهیبێکی پیری هیندو کە لەقەراخی رووبارێك لەبێدەنگیدا دانیشتبوو و "مانترا" (ژکر)ی خۆی دووپات دەکردەوە. لەسەر درەختێك لەنزیك ئەو، دووپشکێك دەجولا کە لەپڕ داکەوتە ناو رووبارەکە. کاتێك راهیبەکە خوار بۆوە و دووپشکەکەی لەئاو رزگار کرد، ئەو گیانلەبەرە بەدەستیەوە دا.

راهیب گرنگی بەو رووداوە نەدا و درێژەی بە مانترای خۆی دا. زۆری پێنەچوو دووپشکەکە دووبارە کەوتە ناو ئاو و راهیبەکەش وەکو جارەکەی پێشوو لەئاو دەریهێنا و خستیە سەر لقێکی درەخت و دیسان ژەهری دووپشکی چەشت. ئەم وێنەیە چەندین جار دووبارە بۆوە و هەر جار کە راهیب، دووپشکەکەی رزگار دەکرد ئازاری پێوەدانەکەی لەسەر دەستی دەمایەوە.

لەهەمان کاتدا گوندییەکی بێ ئاگا لە ئەندێشە و شێوازی ژیانی پیاوە پیرۆزەکان، کە بۆ بردنی ئاو هاتبووە سەر رووبارەکە لەگەڵ دیتنی ئەو بەسەرهاتە، کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دا و بە تورەییەوە وتی: "مامۆستا، من بینیم کە تۆ چەندین جار ئەو دووپشکە گەمژەیەت لەئاو رزگار کرد بەڵام هەر جارەو تۆی گەست. بۆچی واز لەو گیانەوەرە هیچ و پووچە ناهێنیت؟"

راهیبەکە جوابی دایەوە: "براکەم، ئەم ئاژەڵە خۆ بەدەست خۆی نییە، پێوەدان سروشتی ئەوە."

گوندییەکە وتی: "راستە، بەڵام خۆ تۆ بەمە دەزانیت، بۆچی لێی نزیك دەبیتەوە؟"

راهیب وتی: "برای من، ئاخر منیش بەدەست خۆم نییە، من مرۆڤم، **رزگار کردن سروشتی منە.**"

جیهان نیشتمانی منە و هەموو مرۆڤایەتی

هۆزی منە.

*"جبران خلیل جبران"*

## "تورگینێف و پیاوی هەژار"

رۆژێك "ئیوان تورگینێف"، نووسەری بەناوبانگی رووسی، تووشی هەژارێك بوو کە داوای یارمەتی لیّ کرد. ئەو دەڵێت: "دەستم برد بۆ هەموو گیرفانەکانم، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە."

پیاوی هەژار هەروا چاوەڕیّ بوو و دەستی درێژکراوی کەمێك گرژ و لەرزۆك، لەکاتێکدا پەرێشان و خەمبار ببووم دەستە چڵکنەکەیم گرت و گوشیم و وتم: "براکەم لێم زویر مەبە، هیچم پیّ نییە."

پیاوی هەژار چاوە سووربووەکانی هەڵهێنا، خەندەیەکی کرد و وتی: **"تۆ منت بە برا ناو برد و، ئەمە لەڕاستیدا دیارییەکی تۆیە بۆ من."**

# "گفتوگۆ"

"چاو" ڕۆژێك وتی: "من لەوبەر دۆڵەکانەوە کێوێك دەبینم کە بە مژ داپۆشراوە. ئەمە جوان نییە؟"

"گوێ" بۆ ساتێك باش گوێی دایە، پاشان وتی: "ئەی کوا، لەکوێیە؟ من کێوێك نابیسم."

لەو کاتەدا "دەست" هاتە گۆ و وتی: "من بەخۆڕایی هەوڵ دەدەم دەست لەو کێوە بدەم، من کێوێك نادۆزمەوە."

"لووت" وتی: "کێوێك لەئارادا نییە، من بۆنی ناکەم."

ئینجا چاو ڕووی کردە لایەکی تر و هەموویان لەبارەی وەهمی سەرسوڕهێنەری چاو خەریکی گفتوگۆ بوون و وتیان: "ئەم چاوە کێشەیەکی هەیە."

تێبینی: عەشق بەر لەوەی بەدوای ئەوەوە بێت کە دەرك بکرێت لەهەوڵی دەرك کردن دایە. عەشق لەپشت چاوی کەسانی ترەوە سەیری دنیا دەکات و بارودۆخ هەڵدەسەنگێنێت. ئەم چەشنی دیتنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە عەشق بتوانێت بەئاسانی لەکەسەکان تێبگات و بزانێت کە بۆچی خەڵك بە چەشنێکی تایبەت قسە دەکەن و ڕەفتار دەنوێنن. لەمڕووەوە عەشق دەتوانێت بەبێ هیچ بڕیارێك هەڵسوکەوت بکات و نەڕەنجێت کە بۆچی ئەوانی تر لەگەڵیدا جیاوازن. **عەشق ڕێز لە جیاوازییەکان دەگرێت و چاوەڕوانی ئەوە نییە جیهان و خەڵکەکەی بە مەیلی ئەو ڕەفتار بکەن. تایبەتمەندی عەشق ئەمەیە.**

# "ئیمپاتی"

"ئەمپاتی" واتە توانای قبوڵ کردنی ئەم راستییە کە هەر تاکێك کەسایەتی تایبەت بەخۆی هەیە و هێزی دەرك کردنی بۆچوونی کەسێکی تر، کە ئەگەر ئێوەش لەجیاتی ئەو بوونایە بەهەمان شێوە بیرتان دەکردەوە.

"سەمپاتی" بریتیە لە هاوخەمی لەگەڵ کەسێکی تر، بەڵام ئەمپاتی هاوفکر بوونە لەگەڵ کەسانی تر و سەیر کردنی بابەتێك لەدیدی ئەوانەوەیە. ئەمپاتی واتە ئەگەر چاوتان بە یاریزانێکی راکردنی ماراسۆن لە هێڵی ٢٠ کیلۆمەتری راکردن کەوت، لەقاچەکانی خۆتاندا هەست بە ئازار بکەن.

ئەمپاتی واتە سەیری فیلمی پێشبڕکێی بۆکسی "محەمەد عەلی کلەی" بکەن و ئینجا لەکۆتایی ڕاندی ١٥ بە سەختی بتوانن باسکی خۆتان بەرز بکەنەوە. **ئەمپاتی لەیەك وتەدا بریتییە لە چوونە ناو جڵدی کەسێکی تر و بینینی خۆتان لەدەرگای روانینی ئەو.**

ئەم پرسیارە لەخۆتان بکەن: "ئەگەر من لەشوێنی هاوسەرەکەم بوومایە وەها هاوسەرێکم خۆش دەویست؟"، "ئەگەر من لەشوێنی منداڵەکەم بوومایە وەها دایك و باوکێکم خۆش دەویست؟"، "دنیا لەدیدی منداڵێکەوە چۆنە؟"

ژنێکی لاو منداڵە ٥ ساڵانەکەی خۆی بۆ کڕینی شتومەکی کریسمەس دەبات بۆ فرۆشگا. ئەو وایدەزانی منداڵەکەی بە کەلوپەلی جوانکای و شیرینییەکان، مۆسیقا، بوکەڵە و بابەنۆئێل دڵخۆش دەبێت. پاش گەیشتن بە فرۆشگا، منداڵەکە دەستی کرد بە نائارامی و خۆ هەڵواسین بە داوێنی دایکی.

دایکی ناوچاوانی گرژ کرد و بەمنداڵەکەی وت: "ئای، تۆم هێناوە بۆ ئەم شوێنە جوانە دیسان نائارامی؟ بۆچی هاتوهەرا دەکەیت؟ ئەرێ، زانیم...

قەیتانی پێڵاوەکەت کراوەتەوە" ژنە بۆ گرێدانی قەیتانی پێڵاوی منداڵەکەی کەوتە سەر ئەژنۆ، لەناکاو سەری بەرز کردەوە. بۆ یەکەم جار دنیای خۆی لەدەرگای دیدی منداڵە ٥ ساڵانەکەیەوە بینی.

هیچ چەشنە یارییەك، بوکەڵە، دیاری و شتی جوان کە وایدەزانی منداڵەکەی دەیبینێت، نەدەبینرا. تەنها شوێنێکی پڕهاتووچۆ دەبینرا کە پێچ و پەنای زۆر بوو.

قاچی درێژی ئەو کەسانەی کە بۆ کڕین هاتبوون، پاڵەپەستۆی خەڵك، پاڵنان... شتێکی سەرنجڕاکێش و دڵخۆشکەر نەدەبینرا. بە پێچەوانەوە ڕەوشەکە زۆر تۆقێنەر بوو.

خێرا لەگەڵ منداڵەکەی گەڕایەوە بۆ ماڵ و بەڵێنی دا بەخۆی کە لەمەودوا هیچ شتێك بەسەر منداڵەکەیدا نەسەپێنێت، کە لەدیدی خۆیەوە باش و دڵخۆشکەر بێت. ئەم ژنە بەهۆی منداڵە ٥ ساڵانەکەیەوە ئەزموونێکی ئەمپاتی کەم وێنەی بینی کە هەموو کەس ئەو ئەزموونە بەدەست ناهێنێت.

## "عەشق دەرك دەكات"

ئەگەر خۆمان لەشوێنی کەسانی تر دانەنێین، بڕیاردان لەبارەیانەوە زۆر ئاسانە. نموونەیەك لەم بابەتە، لە کۆنگرەی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕەوی پێشوو رووی دا.

کاتێك کە خرۆچۆف، رابەری شۆڕەوی بە شەرمەزار کردنی کوشتارەکانی ستالین (رابەری پێشووی شۆڕەوی) جیهانی سەرسام کرد.

لەکاتی وتارەکەیدا، یەکێك لەناو جەمارەدا هاواری لێ بەرز بۆوە:

– هاوڕێ خرۆچۆف، کاتێك خەڵکی بێ تاوان دەکوژرا، ئێوە لەکوێ بوون؟

خرۆچۆف وتی: کێ ئەم قسەیەی کرد، لەجێ خۆی هەستێت.

بەڵام کەس لەجێی خۆی نەجولا.

خرۆچۆف بەردەوام بوو: خۆتان وەلامی پرسیارەکەتان دایەوە. لەو کاتەدا، منیش لەهەمان شوێن بووم کە ئێستا ئێوە لێی دانیشتوون.

بەبڕیاردان لەبارەی کەسانی تر، لەڕاستیدا مەدحی خۆتان دەکەن.

"ڤین دایەر"

## "بڕیاردان"

شەوێکیان ژنێك لەفڕۆکەخانە چاوەڕێی بەڕێکەوتنی فڕۆکە بوو. لەفرۆشگای فڕۆکەخانە، کتێبێك سەرنجی راکێشا، لەگەڵ یەك دەستە بسکویت کڕی و لەشوێنێك دانیشت.

کتێبەکە سەرقاڵی کردبوو کە لەناکاو بینی پیاوێك لێی نزیك بۆوە و لەتەنیشتی دانیشت. پاشان یەك یان دوو بسکویتی لەدەستەکە دەرهێنا و خواردی، ژنە هەوڵی دا چاوپۆشی لەو رەفتارە بکات و لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکە بەردەوام بوو و، هەندێك جار بسکویتی دەخوارد و هەندێك جاریش سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد.

ژمارەی بسکویتەکانی ژنەکە سات لەگەڵ سات کەمتر دەبوو و ژنەش تا دەهات زیاتر توڕە دەبوو. بەخۆی وت: "ئەگەر من مرۆڤێکی باش نەبوومایە بێ گومان وەڵامی ئەم کردەوە ناشیرینەیم دەدایەوە." لەگەڵ هەر بسکویتێك کە ژنەکە هەڵیدەگرت، کابراش بسکویتێکی تری هەڵدەگرت تاوەکو تەنها یەك بسکویت مایەوە.

ژنە لای خۆی بیری دەکردەوە ئاخۆ کابرا چ کارێك ئەنجام دەدات. کابرا بە زەردەخەنەیەکەوە، دوا بسکویتی هەڵگرت و کردی بە دوو لەت. نیوەی دا

بەژنە و نیوەکەی تری خوارد. ژنەکە بەخۆی دەووت بەڕاستی پیاوێکی بێ شەرم و شێتۆکەیە. بۆچی دەستخۆشییەك ناکات.

کاتێك فڕۆکەکەی ئامادەی هەستان بوو ئاخێکی هەڵکێشا و هەستایە سەرپێ. شتومەکەکانی کۆ کردەوە و بەرەو دەرگای دەرەوە بەڕێ کەوت. ئاوڕی نەدایەوە تاکو چاوی بەو دزە بێ نان و خوێیە نەکەوێت. لەفڕۆکەکە سەرکەوت و شوێنەکەی خۆی دۆزیەوە و دەستی کرد بەخوێندنەوەی کتێبەکەی کە تاڕادەیەك بەرەو تەواو بوون بوو.

کاتێك دووبارە سەیری شتومەکەکانی کرد زۆر سەرسام بوو. دەستەی بسکویتەکەی لەناو شتەکانیدا بوو. بە سەرسوڕمانەوە وتی: "بسکویتەکەی من لێرەیە، کەوابوو ئەو بسکویتە هی ئەو پیاوە بووە و هەوڵی دەدا لەگەڵ مندا دابەشی بکات؟"

ئەو بەداخ و پەژارەوە تێگەیشت کە ئیتر بۆ داوای لێبوردن درەنگ بووە و زانی کە خودی خۆی مرۆڤێکی بێ شەرم و بێ نان و خوێ و دزی سەرەکی بووە."

# "ئازار"

ڕۆژێك سوقرات، فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی پیاوێکی بینی کە زۆر خەمبار و بێ حاڵە. هۆکاری خەمبارییەکەی پرسی. جوابی دایەوە: "لەڕێدا چاوم بە ناسیاوێك کەوت. سڵاوم کرد. وەڵامی نەدامەوە و بەساردوسڕی و خۆپەرستییەوە تێپەڕی و ڕۆیشت. من لەم شێوە ڕەفتارەی زۆر زویر بووم."

سوقرات وتی: "بۆچی زویر بووی؟" کابرا بە سەرسوڕماوی وتی: "دیارە کە وەها ڕەفتارێك ئازاردەرە." سوقرات پرسی: "ئەگەر لەڕێدا چاوت بەکەسێك بکەوتایە کە لەسەر زەوی کەوتووە و بەهۆی ئازار و نەخۆشی دەناڵێنێت، ئایا لێی دەڕەنجایت و زویر دەبوویت!؟"

پیاوەکە وتی: "بەدڵنیاییەوە هەرگیز نەدەڕەنجام. خۆ مرۆڤ بەهۆی نەخۆشییەوە لەکەس ناڕەنجێت." سوقرات پرسی: "لەجیاتی ڕەنجان، چ هەستێکت لا دروست دەبوو و چیت دەکرد؟" کابرا جوابی دایەوە: "هەستی دڵسۆزی و بەزەیی، هەوڵم دەدا پزیشك یان دەرمانێکی بۆ پەیدا بکەم.

سوقرات وتی: "هەموو ئەم کارانەت لەبەر ئەوە دەکرد کە دەتزانی نەخۆشە، ئایا مرۆڤ تەنها جەستەی نەخۆش دەبێت؟ ئایا کەسێك کە ڕەفتاری نارێکە، دەروونی نەخۆش نییە؟ ئەگەر کەسێك فکر و دەروونی تەندروست بێت هەرگیز ڕەفتارێکی خراپی لێ بەدی دەکرێت؟ کەسێك کە نەخۆشی فکری و دەروونی هەبێت دەبێ لەجیاتی دڵگرانی و ڕەنجان، دڵسۆزی و یارمەتی پێشکەش بکرێت و پزیشکی ڕۆح و دەرمانی گیانی بۆ دابین بکرێت.

کەوابوو لەکەس زویر مەبە و دڵڕەق مەبە و هەرگیز هێمنی خۆت لەدەست مەدە و، بزانە کە **هەرکات کەسێك خراپە دەکات، لەو ساتەدا نەخۆشە.**"

کەسێك کە دزی لێکراوە ئەوەندە کەسانی بێ تاوان تاوانبار دەکات، کە تاوانی ئەو لەدزەکە زیاتر دەبێت.

"پێغەمبەری ئیسلام (ص)"

## "گومانی هەڵە"

پیاوێك بەیانی لەخەو هەستا و بینی تەورەکەی نەماوە. گومانی لەدراوسێکەی کرد کە ئەو تەورەکەی دزیبێت. لەبەر ئەوە بەدرێژایی رۆژ چاودێری کرد.

زانی کە دراوسێکەی لەدزیدا زۆر شارەزایە. وەکو دزێك بەڕێدا دەڕوات، وەکو دزێك کە دەیەوێت شتێك بشارێتەوە، چپەچپ دەکات. ئەوەندە لەگومانەکەی دڵنیا بوو کە بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، جلەکانی بگۆڕێت و بچێت بۆ لای دادوەر و داوای لەسەر تۆمار بکات.

بەڵام لەگەڵ چوونە ناو ماڵ تەورەکەی دۆزییەوە، ژنەکەی جێی گۆڕیبوو. کابرا لەماڵ چووە دەر و دووبارە چاودێری دراوسێکەی کرد و زانی کە ئەو وەکو مرۆڤێکی دەستپاك بەڕێدا دەڕوات، قسە دەکات و رەفتار دەکات.

دڵ کە شکا لەکەسێك رازی کردنی ئەستەمە

شووشە کە شکا لکاندنەوەی ئەستەمە

## "داوای رێز و خۆشەویستی لەخودا بکەین"

کچێکی لاو بەدەموچاوێکی ئاڵۆز و لەکاتێکدا لەرزی گرتبوو چووە لای مامۆستاکەی. بە شەرمەزارییەوە وتی: "من لەکاتی مشتومڕ لەگەڵ هاوڕێیەك، قسەی توند و ناخۆشم هێنایە سەر زمان و دەنگم بەهۆی تووڕەیی هێندە بەرز بۆوە کە وەکو هەورەتریشقەی ئاسمان، ترسناك بوو. پێم بڵێ چۆن دەتوانم ئەم هەڵەیەم راست بکەمەوە ؟"

مامۆستاکەی پەڕێکی سووری هەڵگرت و کردی بە شەست و چوار کەرت. پاشان لەتە کاغەزەکانی دا بەو کچە و وتی: "برۆ ئەم کاغەزانە لەسەر شەقام بڵاو بکەرەوە." کچە دەستوورەکەی جێبەجێ کرد و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پەڕەکان لەسەر شەقام. لەهەمان کاتدا ڕەشەبایەك دەستی پێکرد و لەتە کاغەزەکانی لەمسەر بۆ ئەوسەر برد و، لەبەرچاو نەمان.

کاتێك کچە گەڕایەوە لای مامۆستا، مامۆستا پێی وت: "رۆڵە، ئێستا برۆ، ئەو لەتە کاغەزانە کۆ بکەرەوە و بۆم بهێنە."

کچە گەڕایەوە سەر شەقام و دەستی کرد بە گەڕان بەدوای لەتە کاغەزەکاندا، بەڵام چی دەست کەوت، ئەو تەنانەت نەیتوانی یەك لەتە کاغەزیش بدۆزێتەوە !

کچەکە پاش ئەم گەڕانە بێ سوودە، گەڕایەوە لای مامۆستاکەی و وتی: "من تەنانەت نەمتوانی یەك لەت لە کاغەزەکانیش بدۆزمەوە !"

مامۆستا جوابی دایەوە: "ئەو وشانەی کە دەیانهێنیتە سەر زمانیش هەر وان، زۆر ناخایەنێت کە لەسەر لێوەکانت دادەکەون، بڵاو دەبنەوە و بۆ هەمیشە ون دەبن.

لەو کاتەدا ئیتر هیچ کارێکت لەدەست نایەت. تۆ هەرگیز ناتوانی دووبارە بیانگەڕێنیتەوە شوێنی خۆیان.

کەوابوو دەبێ ئاگاداری ئەو وشانە بیت کە بەکاریان دێنیت. **پێش ئەوەی دەست بەئاخاوتن بکەیت، سەرەتا دڵنیا بە ئەوەی دەتەوێت بیڵێیت لەبێدەنگی باشترە،** بە پێچەوانەوە بێدەنگ بە. ئەگەر تەنها ئەم یاسا سادەیە پەیڕەو بکەیت هەرگیز لەوتەی خۆت پەشیمان نابیتەوە."

بەکردەوەکانت وتار بدە نەك بەزمان.

## "عەشق، جێبەجێی دەکات"

لەدوانیوەڕۆی یەکێك لە ڕۆژەکانی ١٩٥٣ی زایینی، ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن پلە و ڕۆژنامەنووسان بۆ پێشوازی کردن لە براوەی خەڵاتی نۆبڵ (١٩٥٢) لە یەکێك لە وێستگەکانی شیکاگۆ کۆ ببوونەوە. براوەی خەڵاتی نۆبڵ سەرەنجام لەشەمەندەفەر دابەزی.

خاوەن پلەکانی شار لەگەڵ کەوتنە کاری کامێراکان هەڵمەتیان بۆ برد تاکو شانازی خۆیان بەبۆنەی ئاشنابوون لەگەڵی پیشان بدەن. ئەو لەوپەڕی ڕێزدا سوپاسی هەمووانی کرد و، لەکاتێکدا لەسەر ئەوانەوە سەیری خاڵێکی دیاریکراوی دەکرد داوای لێبوردنی لەهەموو ئامادەبووان کرد. پاشان بە هەنگاوی بەرز لەناو ئاپۆڕای جەماوەر تێپەڕی و خۆی گەیاندە پیرەژنێکی ڕەشپێست، کە بە هەناسەبڕکێ خەریکی گواستنەوەی دوو جانتای گەورە بوو.

ئەو دەم بەپێکەنین جانتاکانی هەڵگرت و تاکو بەردەم پاسەکە ئەو پیرەژنە ڕەشپێستەی هاوڕێیەتی کرد. پاشان ماڵئاوایی لێکرد و ئارەزووی گەشتی خۆشی بۆ کرد. لەم بەینەدا، جەماوەرەکەشی بەدوایدا کەوتبوونە ڕێ. براوەی خەڵاتی ئاشتی پاش ئەم کارە گەڕایەوە لای خەڵك و وتی: "لەوەی کە ئێوەم خستە چاوەڕوانییەوە، زۆر داوای لێبوردن دەکەم."

ئەم پیاوە ناوی "ئاڵبەرت شوایتزەر" بوو، کە تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ یارمەتیدانی بێنەوایانی ئەفریقیا.

یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی پێشوازی لەو ڕۆژەدا بە یەکێک لەڕۆژنامەنووسانی وت: **"هەرگیز لەژیانمدا کەسێکم نەبینیبوو کە بەپێی ڕۆیشتنیش وتارمان بۆ بخوێنێت."**

## "لە ماوەی ژیانتدا سوودبەخش بە"

پیاوێکی دەوڵەمەند بە قەشەیەک دەڵێت: "نازانم بۆچی خەڵک وێڕای ئەوەی کە دەزانن هەموو ماڵ و داهاتی من لەپاش مەرگم بە کەنیسە دەگات، دیسان من بە چاوچنۆک دەزانن."

قەشە دەڵێت: "با چیرۆکێکی کورتت لەبارەی مانگایەک و بەرازێک بۆ بگێڕمەوە تاکو هەموو شت روون بێتەوە. بەرازێک هەبوو کە لای خەڵکی بێ نرخ و مانگایەک کە خۆشەویستی خەڵک بوو. ئەم بابەتە بەرازی زۆر سەرسام کردبوو و سەری لێ شێواندبوو. هەر بۆیە ڕۆژێک بە مانگا دەڵێت: "خەڵک بەچاکە باس لەسروشتی هێمن و چاوە گەشەکانی تۆ دەکەن و وادەزانن کە تۆ زۆر بەخشندەی، چونکە هەموو ڕۆژ شیر و سەرشیریان پێ دەدەیت.

بەڵام لەبارەی منەوە چی؟ من هەموو شتی خۆم بەوان دەبەخشم، لەگۆشتی ڕانەوە بگرە تا پەراسو و سینگم. تەنانەت لەمووی جەستەم برۆسی پێڵاو و فلچەی پاککەرەوە دروست دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، کەس منی خۆش ناوێت. هۆکارەکەی چییە؟" قەشە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "دەزانی وەڵامی مانگاکە چی بوو؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو: لەوانەیە هۆکارەکەی ئەمە بێت کە ***ئەوەی من دەیبەخشم لەماوەی ژیانمدا دەیبەخشم، نەک لەپاش مەرگم."***

بەرد و ڕووەکێک کە سوودێکیان هەبێت
باشترە لەو مرۆڤەی کە بێ سوود بێت.

# "بەهای رزگار کردن"

پیاوێك بە مەلە کردن لەناو ئاوی رووبارێکی خوڕێن و مەترسیدار ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە و، مێرمندالێکی لەمەرگ رزگار کرد، کە بەهۆی شەپۆلەکانەوە کەوتبووە قولایی رووبارەکە.

کوڕە پاش زالبوون بەسەر دلەڕاوکە و ترسی خنکان رووی کردە کابرا و وتی: "لەوەی کە گیانی منتان رزگار کرد، زۆر سوپاستان دەکەم."

کابرا سەیری ناو چاوەکانی کوڕەی کرد و وتی: "سوپاسی ناوێت، کوڕم **تەنها لەوە دلنیا بە کە گیانی تۆ بەهای رزگار کردنی هەبوو."**

هەرچۆنێك بیت وابە بەڵام خۆزگە...

نا، لەمە زیاتر ئارەزوویەکم نییە:

هەرچۆنێك بیت وابە، بەڵام بەڕاستی

وابە.

*"قەیسەری ئەمین پوور"*

## "پشیلە و جامی گرانبەها"

پیاوێکی ئاسەوارناس لەماڵی جووتیارێك، جامێکی گرانبەهای بینی کە پشیلەیەك ئاوی تێدا دەخواردەوە، ویستی بەبێ ئەوەی تەماحی کابرای لادێیی هەڵخرێنێت، ببێت بە خاوەنی جامەکە.

ئینجا دەستی کرد بە پێداهەڵدان بە بەژن و باڵای پشیلەکە و داوای لێکرد پشیلەکەی پێ بفرۆشێت. پیاوی لادێیی وتی: "ئێستا کە حەزت لێیەتی، شایەنی ئێوەی نییە قوربان! پێنج فلس بدە، بیبە بۆ خۆت!"

ئاسەوارناس پشیلەکەی کڕی و بە فەرمووی خاوەن ماڵ چای خواردەوە. کاتی ڕۆیشتن خۆی وا دەنواند کە تازە هەستی بە جامەکە کردووە، وتی: "زۆر باشە! خەریك بوو بیرم لەوە دەکردەوە لەچیدا ئاو بدەم بەو ئاژەڵە؟ وا باشە یەك - دوو فلیس بۆ ئەم جامە بدەم و ئەویش بەرم، دەستی کرد بەخوێندنەوەی نووسراوەکانی سەر جامەکە. جووتیار جامەکەی لەدەستی دەرهێنا و وتی: "خۆت هیلاك مەکە قوربان، ئەوەی تۆ لەڕوو دەیخوێنیتەوە، من لەبەرم کردووە، لێرە نووسراوە: شتێك کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژانە

چوار، پێنج پشیلەی ئاسایی بە پێنج فلس بفرۆشیت، بەهیچ بەهایەك مەیفرۆشە!"

تێبینی: زۆرن ئەو کەسانەی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریان هەمان ڕەفتار دەنوێنن، کە کابرای ئاسەوار فرۆش لەگەڵ پشیلەکەدا نواندی. ئەوان لەکەسانی تر نزیك دەبنەوە، سۆز و خۆشەویستی دەردەبڕن، بەڵام لەو دیوی ئەم سۆز و خۆشەویستییەدا، شتی تر هەیە. ئەوان دەیانەوێت بۆ مەبەست و خواستەکانیان وەکو ئامرازێك کەڵك لە کەسانی تر وەربگرن.

ئەم خۆشەویستی دەربڕینە راستەقینە نییە، نمایشە. لەکاتێکدا عەشق واتە قبوڵ کردنی مرۆڤەکان بەو جۆرەی کە هەن و ویستنیان لەبەر خۆیان نەك لەبەر خۆمان.

عەشق لەمرۆڤەکان نزیك دەبێتەوە تاکو خزمەتێك پێشکەش بکات، بەبێ هیچ چاوەڕوانی و بەرامبەرێك. **عەشق بێ بانگەشە و بێ خەوشە. بەهای عەشق لەوەدایە و ئەگینا ناوی نەدەبوو بە عەشق.**


Tanya Haji

## "گفتوگۆی مانگ و نابینا"

نابینایەك ڕووی کردە ئاسمان: "خۆشم دەوێیت، مانگ"

مانگ وتی: "خۆ تۆ من نابینیت، چۆن منت خۆش دەوێت؟

نابینا وتی: "ئەگەر تۆم ببینیایە عاشقی جوانیت دەبووم، بەڵام ئێستا کە ناتبینم عاشقی خۆتم."



# "حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهان"

مامۆستایەك داوای لەقوتابییەك کرد تاکو حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهان بە پێڕست بنووسێت. قوتابییەکە دەستی بەنووسین کرد.

مامۆستا نووسراوەکانی کۆ کردەوە. وێڕای ئەوەی کە هەموو وەڵامەکان یەك نەبوون، بەڵام زۆربەی قوتابییان ئاماژەیان بەو بابەتانەی ژێر کردبوو: هەرەمەکانی میسر، تاج محل، ئاوەڕێی پەنەما، کەنیسەی سەن پیتەر، دیواری گەورەی چین و... .

لەناو نووسراوەکاندا پەڕێکی سپی دەبینرا. مامۆستا پرسی: "ئەم پەڕە سپییە هی کێیە ؟" یەکێك لە قوتابییەکان دەستی بەرز کردەوە.

مامۆستا پرسی: "کچی خۆم تۆ بۆچی هیچت نەنووسیوە ؟"

کچە جوابی دایەوە: "سەیروسەمەرەکانی جیهان زۆرن و من ناتوانم بڕیار بدەم کە کامیان بنووسم."

مامۆستا وتی: "زۆر چاکە، ئەوەی لەزەینتدا هەیە بەمنی بڵێ، لەوانەیە بتوانم یارمەتیت بدەم !" لەم کاتەدا کچە کەمێك وەستا و وتی: "بەڕای من حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهان بریتین لە: دەست لێدان، تام کردن، بینین، بیستن، هەست کردن، پێکەنین و **دەربڕینی خۆشەویستی**."

پاش بیستنی ئەو قسانە، بێدەنگییەکی تەواو بەسەر پۆلەکەدا زاڵ بوو. بەڵێ سەیروسەمەرە راستەقینەکان هەر ئەم هەستەوەرانەیە کە بەچاوێکی سادە و ئاسایی سەیریان دەکەین و بەسەریاندا تێدەپەڕین.

# "موعجیزەی عەشق"

"لیندا بریتیش" مامۆستایەکی بەرجەستە بوو کە بەدڵ و گیان، سۆزی خۆی پێشکەش دەکرد. ئەو لەکاتی پشوو سەرقاڵی نیگارکێشی و خوێندنی شیعر دەبوو.

لەتەمەنی ۲۸ ساڵی ژانەسەرە توندەکانی دەستی پێکرد و پزیشکەکان دەستنیشانیان کرد کە ئەو تووشی تۆمۆرێکی مێشك بووە و زۆریش پێشکەوتووە. بەپێی بۆچوونی ئەوان ئەگەری سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکەی، تەنها ۲٪ بوو، هەر بۆیە بڕیاریان دا کە تاکو ٦ مانگ چاوەڕێ بکەن.

لیندا کە پەی بەلێهاتوویی هونەری خۆی بردبوو لەم ٦ مانگەدا بە خێراییەکی باوەڕنەکراو لەبواری شیعر و نیگارکێشیدا پێشکەوت. هەموو شیعرەکانی جگە لە دانەیەك، لە گۆڤارە جیاجیاکاندا چاپ کرا و گشت تابلۆکانی جگە لە دانەیەکیان، لە پیشانگا بەناوبانگەکان دانرا و فرۆشرا.

لەکۆتایی ٦ مانگەکە، نەشتەرگەری بۆ کرا. بەڵام لەشەوی کۆتاییدا بڕیاری دا گەورەترین بەرهەمی هونەری خۆی بئافرێنێت: لیندا لە وەسێتنامەکەیدا، هەموو ئۆرگانەکانی لەشی خۆی بەخشی بەوانەی کە زیاتر لەو پێویستیان پێ بوو. بەداخەوە نەشتەرگەرییەکە نەگەیشتە ئەنجام، دەست بەجێ چاوەکانیان نارد بۆ بانکێکی چاو لە ویلایەتی مریلەند تاکو لاوێکی ۲۸ ساڵە کە لەدیتن بێبەش بوو لەتاریکی رزگار بکرێت. ئەو کوڕە، بە وەرگرتنی ناونیشانی بنەماڵەی بریتیش بە مەبەستی سوپاس و پێزانین چووە شارەکەیان و لە زەنگی دەرگاکەیانی دا.

کاتێك خۆی ناساند، خانمی بریتیش لەباوەشی گرت و وتی کە ئەگەر لەم شارە شوێنی مانەوەی نییە، پشووی کۆتایی هەفتە لەگەڵ ئەو و هاوسەرەکەی بەسەر ببات. ئەویش قبوڵی کرد. هەمان ڕۆژ کاتێك سەیری ژوورەکەی لیندای دەکرد، چاوی بە کتێبێکی ئەفلاتون کەوت. ئەویش ئەو کتێبەی خوێندبۆوە. دوایی کتێبەکانی هیگڵی بینی. ئەو کتێبانەشی کاتێك نابینا بوو بەخەتی بریل خوێندبۆوە.

بەیانی ڕۆژی دواتر، خانمی بریتیش کە چاوی بڕیبووە ئەو پیاوە لاوە، وتی: "دەزانی، من دڵنیام کە پێشتر تۆم لەشوێنێك بینیوە، بەڵام لەیادم نییە لەکوێ بوو؟" و لەپڕ تروسکاییەك کەوتە چاوەکانی. خێرا چووە نهۆمی سەرەوە و دوا بەرهەمی نیگارکێشی لیندای هێنا، کە وێنەی ڕوخساری پیاوی دڵخوازی بوو. ئەم وێنەیە لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا لەگەڵ ڕوخساری ئەو پیاوە لاوە بەراورد کرا، لێکچوونەکەیان لەڕادەبەدەر بوو.

پاشان دایکی لیندا دواشیعری ئەوی خوێندەوە کە لەسەرەمەرگدا وتبووی:

> دوو دڵ لەکاتی تێپەڕبوون لەتاریکی شەو
> دەکەونە داوی عەشق
> دوو دڵ کە هەرگیز
> دەرفەتی دیداریان نابێت.

هاوڕێیەتی ئەو پەتە زێڕینەیە کە دڵی
هەموو خەڵکانی جیهان بەیەکەوە
دەدوورێتەوە.

*"جان ئاڤلین"*

## "دەرزی و دەزوو"

ڕۆژێك پاشایەك چوو بۆ دیداری مامۆستایەکی گەورە. ئەو دیارییەکیشی بۆ هێنابوو. جووتێك مەقەستی گرانبەها و بێ وێنە، کە نیشانی ئەڵماسیان لەسەر بوو. کاتێك گەیشتە لای مامۆستا، داکەوتە بەرپێی و دیارییەکانی پێشکەش کرد.


مامۆستای بەناوبانگ، مەقەستەکانی وەرگرت و سەیری کردن، پاشان دایەوە بە پاشا و وتی: "بەڕێز، زۆر سوپاس بۆ دیارییەکانت. ئەم دیارییانە زۆر جوانن، بەڵام بە کەڵکی من نایەن، ئەگەر دەرزی و دەزووی سادەتان بۆم بهێنایە، زۆر پێ خۆشحاڵ دەبووم. من پێویستیم بە مەقەست نییە، بەڵام دەرزی و دەزووم پێویستە."

پاشا وتی: "تێناگەم! ئەگەر ئێوە پێویستتان بە دەرزی و دەزوو هەیە، کەوابوو پێویستتان بە مەقەستیش دەبێت."

مامۆستا وتی: "من پێویستم بە مەقەست نییە، چونکە مەقەست هەموو شت لێك جیا دەکاتەوە، **بەڵام پێویستم بە دەرزی و دەزوو هەیە، چونکە هەموو شت بەیەکەوە دەبەستێتەوە.** هەموو وانەکانی من لەسەر بنەمای

عەشقە، واتە بەیەکەوە بەستنەوەی هەموو شت. من فێری هەموو کەس دەکەم تاکو ببن بەیەك.

کەوابوو تەنها پێویستم بە دەرزی و دەزوو هەیە تاکو خەڵکی بەیەکەوە ببەستمەوە. تکایە جارێکی تر کە هاتن، دەرزی و دەزوویەکی سادەم بۆ بهێنن کە هەر ئەوەم بەسە."



ئەگەر من سەد جار بەختەوەری بچێژم،
دیسان تا ئەو کاتەی کەسێکی تر لێی
بەهرەمەند نەبێت لەناخی خۆمدا هەست
بە خۆشبەختی ناکەم.

*"مولێر"*

## "هەڵبژاردن"

هەمووان بەنۆرە وەستابوون تاکو پرسیاریان لێ بکرێت.
نۆرەی ئەو هات: "حەز دەکەیت لەسەر زەوی کارت چی بێت؟"
وتی: "دەمەوێت کەسانی تر فێری شت بکەم." وەرگیرا.
چاوەکانی داخست. بینی لەشێوەی درەخت لەناو دارستانێکی گەورە دەرکەوتووە.
بەخۆی وت: "دیارە هەڵەیەك رووی داوە، خۆ من داوای ئەمەم نەکردبوو."
ساڵانێك تێپەڕی. رۆژێك هەستی بە تیژی مشارێك کرد لەسەر ناوقەدی.
بەخۆی وت: "بەم جۆرە تەمەنم کۆتایی هات و
من بەهرەی خۆم لەژیان وەرنەگرت."
بە هاوارێکی پڕ ئێش و ئازار کەوتە سەر زەوی. بەدەنگێکی نامۆ کە لە جەستەیەوە دەهات بەهۆش هاتەوە.
ئێستا ببوو بە تەختەڕەشێك لەسەر دیواری پۆل.

خوداوەند دوو دەستی داوە بە ئێمە، یەکیان بۆ وەرگرتن و ئەوی تر بۆ بەخشین، ئێمە کۆگا نین کە شت لەخۆماندا کۆ بکەینەوە، ئێمە کەناڵی گواستنەوەی ئەو شتانەین کە پێمان دەگات.

## "ئاوەڕێ"

باخێکی زۆر جوان و باخەوانێك، چیرۆکی ئێمە لێرەدا رووی داوە. لەناو درەخت و گیا جوانەکانی ئەم باخە پڕگوڵە، درەختێکی حەیزەران هەبوو کە جوانترین، بەژن رێکترین و پڕشکۆترین درەختی باخەکە بوو.

رۆژێك لەڕۆژان باخەوان لەحەیزەرانەکە نزیك بۆوە. حەیزەران کە زۆر تامەزرۆ بوو بزانێت باخەوان بۆچی لێی نزیك بۆتەوە، لق و پۆپەکانی بەهێمنی بەرەو زەوی شۆڕ کردەوە تاکو بەم هۆیەوە سۆز و خۆشەویستی خۆی بە سڵاوێکی گەرم دەربڕێت.

باخەوان وتی: "ئاخ، ئەی حەیزەرانە خۆشەویستەکەم، ئەمڕۆ بەنیازم بە مەبەستێك تۆ بەکار بێنم."

حەیزەران بەشادومانی لقەکانی بەرەو ئاسمان درێژ کرد. ئەو رۆژە داهات، رۆژێك کە حەیزەران بۆ ئەوە داهێنراوە و سات لەگەڵ سات شانازی بەو عەشقەوە کردبوو. ئەو رۆژە، هەمان رۆژ بوو کە حەیزەران بە دوا واتا و چەمکی ژیانی خۆی دەگەیشت.

وەڵامی نەرم و نیانی حەیزەران ئەمە بوو: "ئاخ، باخەوانی خۆشەویست! من بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك ئامادەم، بەهەر شێوەیەك کە مەیلت لێ بێت سوود لەمن وەربگرە."

باخەوان بە خەمبارییەوە وتی: "حەیزەرانە خۆشەویستەکەم، باشە کەڵك لەتۆ وەردەگرم، بەڵام دەبێ بزانی بۆ ئەم کارە لەڕەگەوە دەرتدەکێشم."

ترس و دڵەکوتەی بێ سنوور، هەموو لەشی حەیزەرانی داگرت و وتی: "چی ؟ لەڕەگەوە دەرمدەکێشی ؟ ئاخ، نا تکایە ئەم کارە مەکە. باخەوانی ئازیز، سەیرم بکە، چێژ وەربگرە، بەڵام من لەڕەگەوە دەرمەکێشە."

باخەوان بە دەنگێکی مەلول وتی: "حەیزەرانی خۆشەویست، ئەگەر تۆ لەڕەگەوە دەرنەکێشم، ناتوانم لەنەخشەکەمدا بەکارت بهێنم."

بێدەنگییەکی قورس بەسەر باخەکەدا زاڵ بوو. با هەناسەی خۆی لەسنگدا قەتیس کرد. حەیزەران سەرەلقێکی پڕشکۆی خۆی چەماندەوە و بە هێمنی وتی: "ئەی باخەوانی ئازیز، ئەگەر ناتوانی بەشێوەیەکی تر کەڵك لەمن وەربگریت، کەوابوو چیت پێ باشە بیکە... لەڕەگەوە دەرمبکێشە."

باخەوان بەوتەی خۆی کرد، حەیزەرانەکەی لەڕەگەوە دەرکێشا، لق و پۆکانی بڕیەوە و هەناوی پاش شکاندن دەرهێنا، پاشان لەسەرخۆ گواستیەوە بۆ شوێنێکی تر کە چەمێکی پڕلە ئاوی زوڵاڵی لێوە دەهات. باخەوان سەرێکی حەیزەرانە خۆشەویستەکەی خستە ناو چەمەکە و سەرەکەی تری خستە ناو ئاوەڕێی ئاودانی باخچەکە.

نەوایەکی شاد و دڵڕفێن لە چەمەکەوە دەهات و باریکەیەك لەئاوی روون و زوڵاڵ بەناو هەیکەلی ناوبەتاڵی حەیزەرانەکەدا رژایە کەرتە تینوو و وشکەکان. پاش یەکەم ئاودێری، هەموو کەرتەکە چەکەرەی دا و زۆری پێنەچوو کە

چەکەرە سەوز و تازەکان هەموو لایەکی باخچەکەی داگرت و ئامادەی دروونەوە بوو.

لەم رۆژەدا، حەیزەرانی شکاو و دڵنزم زۆر قورستر و پڕشکۆتر بوو لە حەیزەرانەکەی پێشوو، چونکە **لەرابردوودا پڕلە ژیان بوو، کەچی ئەمڕۆکە ببوو بە ئاوەڕێیەک کە سەرچاوەی ژیان بوو.**

لەوانەیە لەهەموو دنیادا یەك کەس بی

بەڵام بۆ هەندێك کەس هەموو دنیایت

*"گابریەل گارسیا مارکز"*

## "چاوەکانی"

چەند ساڵێك لەمەوبەر، کچێکی نابینا دەژیا کە بەهۆی نابیناییەوە رکی لەخۆی دەبۆوە. ئەو رکی لەهەموو کەس بوو، جگە لە دەستگیرانەکەی.

رۆژێك، کچە بە کورەی وت کە ئەگەر رۆژێك بتوانێت دنیا ببینێت، ئەو رۆژە، رۆژی هاوسەرگیرییان دەبێت. تاوەکو لە ئەنجامدا شانس رووی تێکرد و کەسێك ئامادە بوو دوو چاوەکانی خۆی پێشکەش بە کچە بکات. لەو کاتەدا بوو کە توانی هەموو شت، هەروەها دەستگیرانەکەی ببینێت.

کورەکە بەشادییەوە لەکچەی پرسی: "ئایا کاتی هاوسەرگیریمان داهاتووە؟" کچەکە کاتێك بینی کورە نابینایە، سەری سورما. بۆیە لەوەڵامدا وتی: "بەداخەوە، ناتوانم شوو بە تۆ بکەم، تۆ نابینایت."

کورە لەکاتێکدا بە پانتایی دەموچاوی فرمێسکی هەڵدەرِشت، سەری بەردایەوە و پاشە پاش دوور کەوتەوە. دواتر رووی لەکچەکە کرد و وتی: "زۆر چاکە، تەنها تکات لێدەکەم ئاگاداری چاوەکانی من بیت."

# "پیناسەی سەرکەوتن"

زۆربەی کاتەکان پێبکەنە و خۆشەویستی دەربڕە

رێزی خەڵکی ژیر و سۆزی منداڵان بۆ خۆت دەستەبەر بکە،

رەخنەی کەسانی رێکوپێك و راستگۆ قبوڵ بکە

لەبەرامبەر خیانەتی کەسانی بەناو هاوڕێ دان بەخۆتدا بگرە

ستایشی جوانی بکە

چاکەی کەسانی تر بدۆزەرەوە

بۆ باشتر کردنی دنیا، هەوڵی بێ وچانت هەبێت،

بە پەروەردە کردنی منداڵێکی تەندروست

یان پێڕاگەیشتنی باخچە

یان یارمەتیدان بۆ باشتر کردنی رەوشی کۆمەڵایەتی

بە جۆش و خرۆشەوە یاری بکە و پێبکەنە

بە شادی و دڵخۆشییەوە گۆرانی بڵێ

بەوە بزانە کە دەتوانی بە ئاسانی هەناسە بدەیت

چونکە تۆ زیندوویت و

**ئەمە گەیشتنە بە سەرکەوتن.**

*"راڵف واڵدۆ ئەمرسۆن"*

# "ئیرەیی"

ژن و مێردێك لەکاتی بەسەر بردنی پشووی خۆیان لە ویلایەتی "مین"ی ئەمریکا، چوونە بەندەر بۆ سەیر کردنی ئەو بەلەمانەی کە لە ڕاوی ماسی و قرژاڵ دەگەڕانەوە.

یەکێك لە بەلەمەکان لە بەردەم ئەوان وەستا و ڕاوچییەکان ستڵی پڕلە قرژاڵیان هەڵدەڕشت، کە تازە لەئاو گرتبوویان. ژنە لەگەڵ دیتنی قرژاڵەکان کە لەناو ستڵێکدا غارغارێنیان دەکرد، بێزار بوو.

ئەو بینی هەرکات یەکێك لە قرژاڵەکان دەست دەکات بە سەرکەوتن بەسەر لێواری ستڵەکە، قرژاڵەکانی تر دەست بەجێ رایدەکێشنە خوارەوە و دووبارە دەیخەنەوە ناو ستڵەکە. بێگومان هەر قرژاڵێك بە ئاسانی دەیتوانی خۆی لەناو ستڵەکە رزگار بکات بە مەرجێك قرژاڵەکانی تر دووبارە نەیخەنە خوارەوە.

دەکرێت لەڕێگەی ئەم ڕەفتارەی قرژاڵەکانەوە پەی بە کاریگەرییە بەهێزەکانی ئیرەیی لەسروشتی مرۆڤیشدا ببرێت. هەندێك لەئێمەی مرۆڤیش لەگەڵ دیتنی ئەوەی کە کەسێك بەئیرادەیەکی بەهێز لەهەوڵی خۆ هەڵکێشان لەناو "ستڵ"دایە، دەست بەجێ دەکەوینە کار و بە هێزی ئاستەنگکەری خۆمان لەچاو تروکاندنێکدا رایدەکێشینە خوارەوە و، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێمەی مرۆڤ دەبێ لەپێناوی پێشخستن و پشتیوانی کردنی یەکتر زۆر لەهەوڵدا بین. وانییە ؟

گەر باڵت بەباڵی عەشق ببەستیتەوە تاکو بمێنێت جیهان، هەمیشە دەمێنیتەوە.

## "سەودای مەرگ"

چەند ساڵێك لەمەوپێش پیاوێك رۆژنامەی ئەو رۆژە بەدەستەوە دەگرێت و لەوپەڕی سەرسامی و ترسدا دەست دەكات بە خوێندنەوەی هەواڵی كۆچی دوایی خۆی!

رۆژنامەكان بە هەڵە مردنی ئەویان راگەیاندبوو. ئەم پیاوە وەكو هەموو مرۆڤەكان كە حەز دەكەن بزانن خەڵك لەپاش مەرگیان چی دەڵێت، دەستی كرد بە خوێندنەوەی بابەتێك لەژێر ناوی "سوڵتانی دینامیت مرد". ئەو لەگەڵ بینینی بابەتەكە كە كاری ئەوی بە "سەودای مەرگ"ناو بردبوو، راچڵەكی و لەرزی تێكەوت.

ئەو داهێنەری دینامیت بوو و لەرێی فرۆشتنیەوە بۆ دروست كردنی چەكی وێرانكەر، سامانێكی زۆری بەدەست هێنابوو. بەڵام بەخوێندنەوەی ئەو بابەتە زۆر كاریگەر ببوو. ئایا ئەو بەراستی دەیویست لەژێر ناوی كەسێك كە "سەودای مەرگ" دەكات، خەڵكانی جیهان ناوی بەرن ؟

هەر لەو ساتەدا بوو كە هێزێكی گەورەتر لە هێزی وێرانكەری دینامیت، هەموو جەستەی داگرت. ئەو كاتە، كاتی گفتوگۆی بوو لەگەڵ خودی خۆیدا.

لەو ساتە بەدواوە ئەو هەموو سامان و توانای خۆی تەرخان كرد بۆ خزمەتكارانی ئاشتی و باشتر بوونی كۆمەڵگەی مرۆڤی.

جێی ئاماژەیە كە ئەم پیاوە، ئەمرۆكە نەك وەكو هێمای مەرگ، بەڵكو وەكو دامەزرێنەری خەڵاتی ئاشتی جیهانی – ئاڵفرید نۆبڵ – ناسراوە.

ئێوە ڕووناکی جیهانن، کەس چرایەک
داناگیرسێنێت بۆ ئەوەی تەنیا گۆشەیەک
ڕووناک بکاتەوە، بەڵکو لەسەر تاقێک
دایدەنێت تاکوماڵێک ڕووناک بکاتەوە.

*"ئینجیل"*

## "چ شتێک کەشی ژوورێک پڕ دەکاتەوە ؟"

پیاوێک پاش تەمەنێک هەوڵ و تەقەللا سامانێکی زۆر بەدەست دێنێت و، کۆمپانیایەکی گەورەی بازرگانی دادەمەزرێنێت. بەڵام لەگەڵ بەساڵاچوونی، نیگەرانی سامان و ئایندەی کۆمپانیاکەی دەبێت، چونکە لەدنیادا منداڵێکی نەبوو و جگە لە سێ برازای تازە پێگەییو خزم و کەسی نزیکی نەبوو.

ڕۆژێکیان بانگی سێ برازاکەی دەکات: "من کێشەیەکم هەیە کە هەر کامێکتان بتوانێت بە باشترین شێوە چارەسەری بکات، دەبێتە خاوەنی داهاتی من."

پاشان بڕێکی یەکسان پارە دەدات بە هەموویان و دەڵێت: "بەم پارەیە شتێک بکڕن کە نووسینگەی کارەکەم بەتەواوی پڕ بکاتەوە. لەو پارەیەش کە پێتانم داوە، نابێ زیاتر خەرج بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرتان نەچێت کە تا ڕۆژ ئاوابوون بگەڕێنەوە."

بەدرێژایی ڕۆژ هەر یەک لە برازاکان بەشێوەی جیا جیا هەوڵ دەدەن تاکو بەپێی دەستوورەکانی مامیان بجوڵێنەوە. سەرەنجام، ئێوارە هەر سێکیان دەگەڕێنەوە لای مامیان.

برازای یەکەم پاڵ بە چەند کیسەی گەورەوە دەنێت بۆ ناو نووسینگەکەی مامی و، هەڵیاندەڕێژێت کە پڕ بوو لە ئیسفەنج. ناو ژوورەکە پاش بەتاڵ بوونی هەموو کیسەکان پڕ دەبێتەوە. برازای دووەم پاش پاک کردنەوەی نووسینگەکە، دەستە دەستە، میزەڵدانی پڕکراو بە گازی هیلیۆم دێنێت و لە نووسینگەی کار دایاندەنێت، بەشێوەیەك کە باشتر و زیاتر لە ئەسفەنج ژوورەکەی پڕ دەکاتەوە.

برازای سێهەم بێدەنگ و نائومێد لەکەنارێك دەوەستێت. مامی رووی تێدەکات و دەپرسێت: "باشە، بزانم تۆ چیت هێناوە ؟"

برازای سێهەم وەڵام دەداتەوە: "مامە، من نیوەی ئەو پارەیە کە دابووت پێم، دام بە خانەوادەیەك کە دوێنێ شەو ماڵەکەیان سووتابوو. دواتریش نیوەکەی تریم دا بە ناوەندی پشتیوانی کردن لەلاوان، کە لەڕێدا تووشی بووم. بەو پارە کەمەی کە بۆم مابۆوە ئەم مۆمە و ئەم شقارتەیەم کڕی." برازای سێهەم مۆمەکە دادەگیرسێنێت و رووناکی و تروسکاییەکەی ژوورەکە دادەگرێت.

مامی پیرەمێرد و بەسۆز پەی بەوە دەبات کە شیاوترین تاکی بنەماڵەکەی لەبەرامبەریدا وەستاوە. ئەو ئەم برازایەی بەهۆی باش بەکار هێنانی دیارییەکەی ستایش دەکات و هاتنی بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکەی خۆی بەخێرهاتن دەکات.

تێبینی:

هاتووین بۆ ئەم جیهانە تاکو چرای عەشق لەناو دڵەکانمان دابگیرسێنین. تاکو رووناکی ناخی خۆمان تاقی بکەینەوە و ئاشکرای بکەین، تاکو بەرەوپیری رووناکی بچین و خۆری عەشق تەواف بکەین، تاکو رۆژانە جەستە و دەروونی خۆمان پاك بکەینەوە. تاکو هەموو رۆژ خۆرەتاو بکەین بە سەرمەشقی خۆمان بکەین. سڵاو لە ئایینی عەشق بکەین و باوەڕی خۆمان تاقی بکەینەوە.

**"زیارەتکەرانی عەشق"**

# "بەڕێوەبەری دڵەکان"

ڕۆژێك "چارلز شواب" یەكێك لە ملیۆنەرە بەناوبانگەكانی مێژووی ئەمریكا، تووشی سێ كرێكاری خۆی دەبێت، كە لەكاتی بەجێ هێنانی ئەرك جگەرە دەكێشن، كارێك كە پێچەوانەی ڕێساكانی كۆمپانیا بوو.

ئەو دەیتوانی توڕە بێت و پێیان بڵێت: "خۆ ئێوە دەزانن بەگوێرەی ڕێساكان نابێ جگەرە بكێشن." بەڵام شواب دەیزانی ئەم وشانە تەنها كرێكارەكان بچوك دەكاتەوە و دەبێتە هۆی ناڕەزایەتییان.

ئەو لەباتی ئەم قسانە، دەستی خستە ناو گیرفانی، سێ جگەرەی دەرهێنا و، هەر یەكەو جگەرەیەكی پێدان و وتی: "كوڕینە ئەم جگەرانەم لێ وەربگرن، بەڵام ئەگەر لەكاتی دەوام نەیكێشن، جێگای ڕێزە."

ڕۆژێك، یەكێك لە شواب پرسی: "ئێوە چۆن توانیتان كرێكاری وەها بەكار و دڵسۆزتان هەبێت ؟" و ئەو ڕوونی كردەوە:

"من هەرگیز ڕەخنە لە كەس ناگرم، **ڕێی پەروەردە كردنی شتە باشەكان لەدەروونی كەسێكدا، هاندان و دەستخۆشییە."**

هاندان ئۆکسیژنی ڕۆحە.

## "موعجیزەی هاندان"

ڕۆژێـک، پیرەمێردێـک چـووە لای "دانتــە گابریــەل ڕۆسـتی" شـاعیر و نیگارکێشی ناسراوی سەدەی ١٩. ئەو ژمارەیەك وێنە و نیگار پیشانی ڕۆستی دەدات و داوای لێـدەکات کـە ڕای خـۆی لەبارەیانـەوە و ئاسـتی لێهـاتوویی نیگارکێشەکانیانی پێ ڕابگەیەنێت.

ڕۆسـتی بـەوردی سـەیریان دەکـات و پـاش وردبوونـەوە لەسـەر چـەند دانەیـەکیان، تێـدەگات کـە هـیچ کامێکیـان بـەهای هونـەری نییـە و نیگارکێشەکانیان خاوەنی کەمترین ئاستی لێهاتوویین.

ڕۆستی پیاوێکی دڵنزم بوو، وێڕای ئەمە، ئامادە نەبوو درۆ بکات و بەداوای لێبوردنەوە، بە زمانێکی نەرم دەڵێت کە وێنەکان بەهای هونەرییان تێدا بەدی ناکرێت.


پیرەمێرد دڵسارد و نائومێد دەبێت، بەڵام وەك بڵێیت چاوەڕێی وەها قسەیەکی ڕۆستی بووبێت. ئەو پاشان وێڕای داوای لێبوردن لەوەی کە لەکاتی گرانبەهای ڕۆستی گرتووە، دووبارە داوای لێکرد کە سەیری چەند وێنەیەکی تر بکات، کە لەلایەن هونەرمەندێکی لاو نەخشێنراون.

ڕۆستی سەیری نیگارەکانی کرد و دەست بەجێ کەوتە ژێر کاریگەری ئەو توانا شاراوەیەی لە تابلۆکاندا بەدی کرد و وتی: "ئاخ، ئەم وێنانە بەڕاستی بێ هاوتان. ناخی ئەم هونەرمەندە لاوە پڕلە توانایە. ئەم هونەرمەندە لاوە دەبێ لەو ڕێیەی کە گرتوویەتیە بەر یارمەتی بدرێت و هان بدرێت.

ئەگەر بەکارەکەیەوە خەریك بێت و بەسەختی کار بکات، ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی دەکات. رۆستی بە بینینی ئەوەی کە پیرەمێردی بێنەوا زۆر کاریگەر بووە، دەپرسێت: "ئەم هونەرمەندە لاوە کێیە ؟ کوڕی ئێوەیە ؟"

پیرەمێرد بەئاخ هەڵکێشانەوە دەڵێت:

"نا کوڕم نییە، خومم. ئەوانەم چل ساڵ بەرلە ئێستا کێشاوە، بەڵام ئەگەر ستایش و هاندانی ئێوەم لەو سەردەمەدا هەبوایە، دووچاری نائومێدی نەدەبووم و لەسەری بەردەوام دەبووم.



ئەگەر بتوانم پێش بەشکانی دڵێك بگرم
ژیانی من بە فیڕۆ نەچووە. ئەگەر بتوانم
ئازارەکانی ژیانێك هێور بکەمەوە و یان
بەندکراوێك ئازاد بکەم و، یان یارمەتی
کۆترێکی لاواز بدەم و، دووبارە بیخەمە
ناو هێلانەکەیەوە، ژیانم بەفیڕۆ نەچووە.

*"ئەمیلی دیکنسۆن"*

## "عەشق چییە ؟"

چیرۆکێکی بودایی: مێروولەیەك دەکەوێتە ناو بەرمیلێکی پڕلە ئاو و چەند کەسێك بەپێی کەسایەتییان کاردانەوەی خۆیان سەبارەت بەوە پشان دەدەن:

یەکەم کەس کە مێروولەکەی لەم رەوشەدا بینی وتی: "لەناو بەرمیلەکەی مندا چی دەکەیت؟ و فووی لێدەکات و مێروولەکە نوقم دەبێت."ئەمە خۆپەرستییە.یەکی تر دێت، سەیری ناوەوەی دەکات و مێروولەکەی تێدا دەبینێت. ئەو دەڵێت: "دەزانی ئەمرۆ رۆژێکی گەرمە، تەنانەت بۆ مێروولەکانیش. ئەمە زیان بەکەس ناگەیەنێت برۆ پێشەوە، تۆ دەتوانی لەناو بەرمیلەکەمدا بمێنیتەوە.

ئەمە دان بەخۆداگرتنە.

کەسی سێهەم دێت. ئەو بیر لە تورەیی و دان بەخۆدا گرتن ناکاتەوە. ئەو مێروولەکە لەناو بەرمیلدا دەبینێت و لەرووی بەخشندەییەوە، دەستی پڕ دەکات لەشەکر و بۆی دەخاتە ناو بەرمیلەکە.

ئەمە عەشقە...

*"لیۆ بوسکالیا"*

پەیوەندییەکان، خاکێکی بەپیتە کە هەموو پێشکەوتن و سەرکەوتنەکانی ژیان لەوانەوە دەڕوێن و گەشە دەکەن.

## "دەستێک بەتەنیا تەقەی نایەت"

ڕۆژێک کوڕێکی بچکۆلانە دەیویست بەردێکی گەورە هەڵبگرێت، بەڵام چەندەی هەوڵی دەدا تەنانەت نەیدەتوانی بچوکترین جوڵەی پێ بدات.

باوکی کە بەلایدا تێدەپەڕی، ساتێک وەستا و سەیری تەقەللای بێ ئەنجامی کوڕەکەی کرد. پاشای ڕووی کردە ئەو و وتی: "سەیر بکە کوڕم، هەموو توانای خۆت بەکار دێنیت یان نا ؟"

کوڕەکەی بە توڕەییەوە وتی: "ئەرێ باوکە، بەکاری دێنم.

**"باوکی لەسەرخۆ و هێمن وتی: "نا، بەکاری ناهێنیت. تۆ هێشتا داوای یارمەتیت لەمن نەکردووە."**

ئەم "من" و "تۆ"یە ئەنجامی کەمکردنەوەی ئێمەیە، کەوابوو تۆش لەگەڵ مندا وەرە تاکو ببین بە "ئێمە". ئەنجامی کۆبوونەوەی هەموو دڵۆپەکان دەبێت بە دەریا، وەرە با ببین بە دەریا.

*"قەیسەر ئەمین پوور"*

## "دەستی ستایش"

لەسەدەی ١٥ زایینی لە گوندێکی بچوکی نزیك "نۆرمبێرگ" بنەماڵەیەك بە ١٨ منداڵەوە دەژیان. ١٨ منداڵ !

بۆ دابین کردنی خۆراکی ئەم کۆمەڵەیە، باوکیان، سەرپەرشتی بنەماڵە کە بەپیشەی زەڕنگەرییەوە خەریك بوو، ڕۆژانە ١٨ کاتژمێر کاری خۆی و، یان هەر کارێکی تر کە پێی بکرایە دەیکرد.

سەرەڕای بارودۆخێك کە نائومێدانە بوو، دووان لە منداڵەکانی "ئاڵبریشت دورر" و منداڵی گەورەی بنەماڵە "ئاڵبەرت" خەون و ئارەزوویان زۆر بوو.

ئەوان دەیانویست روو لە بواری هونەر بکەن. بەڵام هەر دووکیان بەباشی دەیانزانی کە باوکیان لەبواری داراییەوە توانای ئەوەی نییە هیچ کامێکیان رەوانەی "نۆرمبێرگ" بکات بۆ خوێندن لە ئەکادیمیا.

دوای باسێکی فراوان لەکۆتاییدا هەردوو برا بەیەکەوە بەڵێنێکیان دا. ئەوان شێر و خەت هەڵدەخەن و دۆڕاو دەبێ بچێت بۆ کرێکاری و خەرجی براکەی تر لەقۆناغی خوێندنی ئەکادیمی بدات. پاشان کاتێك دوای چوار ساڵ ئەو برایە

خوێندنەکەی تەواو دەکات، هەمان کاری لە ئەستۆیە کە براکەی بۆ کردووە. چ بە فرۆشتنی کارە هونەرییەکانی و چ بەکرێکاری بێت.

ئەوان بەیانی رۆژێك پاش گەڕانەوە لە کەنیسە شێر و خەت هەڵدەخەن و "ئالبریشت دوور" دەیباتەوە.

"ئالبەرت" دەچێت بۆ کاری کانزاکاری کە مەترسی زۆرە. بۆ ماوەی ٤ ساڵ براکەی لەبواری داراییەوە دابین دەکات. تابلۆ هونەرییەکانی ئالبریشت تارادەیەك لەکاری مامۆستاکانیشی باشتر بوو و کاتێك خوێندنی تەواو کرد، پارەیەکی زۆری لەبەرامبەر کارەکانیدا وەرگرت.


کاتێك هونەرمەندی لاو گەڕایەوە بۆ گوندەکەی، خانەوادەی "دوور" لە باخەکەیماڵیاندا ئێوارەخوانێکیان سازدا، تاکو سەرکەوتنی کوڕەکەیان پیرۆز بکەن.

پاش خواردنی نانێکی باش و پڕبیرەوەری کە دەنگی مۆسیقا و قاقا و پێکەنین زیاتر تیژی دەکرد، ئالبریشت لەشوێنی خۆی هەستا و وەهای وت: "ئێستا ئالبەرت، برا خۆشەویست و لەخۆبوردەکەم، ئێستا نۆرەی تۆیە. دەتوانی بچیت بۆ نۆرمبێرگ تاکو دوای ئارەزووەکانت بکەویت و نۆرەی منە خەرجییەکانت دابین بکەم."

ئالبەرت بەهەمان شێوە کە فرمێسکی دەڕشت سەری بۆ ئەملا و ئەولا بادا و وتی: "نا... نا... نا... من ناتوانم بچم بۆ نۆرمبێرگ. ئیتر بۆ من درەنگە، سەیر بکە... سەیر بکە چوار ساڵ کارکردن لە کانزاکاریدا چی بەسەر دەستەکانم هێناوە. ئێسقانەکانی هەر پەنجەیەکم لانی کەم جارێك شکاوە و ماوەیەکە دەستی راستم تووشی نەخۆشی ئارترۆز بووە. بەشێوەیەك کە تەنانەت ناتوانم

یەک پەرداخ ئاویش بەرز بکەمەوە، ئینجا چۆن بتوانم ئەو نەخش و نیگارە ناسکانە لەسەر خامی نیگارکێشی دەربهێنم... بۆ من زۆر درەنگ بووە."

زیاتر لە ٤٥٠ ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێدەپەڕێت. تاکو ئێستا پۆرترەی وەستاکارانە، وێنەی ڕەش و سپی، نەخشی زیوی، ئاوڕەنگەکان، دەرهێنانی نەخش لەسەر دار و قەڵەمکاری مسی "ئالبریشت دوڕ" لەمۆزەخانەکانی دنیا هەڵواسراوە، بەڵام پێدەچێت ئێوەش وەکو زۆربەی خەڵک، تەنها لەگەڵ یەکێك لەکارەکانی ئەو ئاشنا بن:



## "دەستی ستایش"

ڕۆژێك "ئالبریشت دورێ" بۆ دەستخۆشی و پێزانینی لەخۆبوردەیی براکەی ئالبەرت، وێنەیەکی دەستەکانی کێشا. پەنجەی بچوك لەتەنیشت یەك، پەنجەی کز و باریك کە ڕووەو ئاسمان بەرز بوونەتەوە.

ئەو ناوی ئەم وێنە بەنرخەی نا "دەستی ئێمە". بەڵام هەر زۆر زوو هەموو دنیا شەیدای ئەم شاکارە هونەرییە بوو و ناوی ئەم دیارییە عاشقانەیان نا "دەستی ستایش".

تێبینی: واتای خۆشبەختی لەقبوڵ کردنی ئەم دوو ڕاستییە دایە: یەکەم، دان بەوەدا بنێین کە لەهەر پلە و پایەیەکدا بین پێویستمان بە یارمەتی کەسانی تر هەیە و تا ئێستاش بە هەر پێگەیەك گەیشتبین، بەپشتیوانی چەند دەستێکی ستایش بووە کە بوونەتە پلیکانی پێشکەوتنی ئێمە. دووەم، یارمەتی کەسانی تر بدەین تاکو لەژیانیاندا بە ئارەزووەکانیان بگەن.

چاکە ئەوە نییە کە داهاتی خۆت لەگەڵ
کەسانی تر دابەش بکەیت، بەڵکو ئەوەیە
کە گەورەیی دەروونی مرۆڤیان بۆ ئاشکرا
بکەیت.

## "بەو شێوەیە کە دەتوانیت ببی"

نیگارکێشێکی سەرشەقام بۆ دۆزینەوەی چەند نموونەیەکی کارەکەی لەیەکێك لە گوندەکانی سەر ڕێی دەوەستێت. یەکەم مشتەری ئەو پیاوێکی سەرخۆش بوو کە وێڕای دەموچاوی پیس و نەتاشراو و جلوبەرگی قوڕاوی، قیت و قۆز لەبەرامبەر نیگارکێشەکە دادەنیشێت.

پاش ئەوەی کە هونەرمەند ماوەیەکی زۆر کار لەسەر روخساری دەکات، تابلۆکە هەڵدەگرێت و لەپێش کابرا درێژی دەکات.

پیاوی سەرخۆش دەکەوێتە پرتە و بۆڵە، لە وێنەکەدا پیاوێکی پاکوخاوێن و شیك پۆش دەبینێت و دەڵێت: "ئەمە خۆ من نیم، ئەمە کەی وێنەی منە"

نیگارکێش لەوەڵامدا دەڵێت: "من ئێوەم بەشێوەیەك کێشاوەتەوە کە دەتوانن ببن."

کەسانێك کە زۆر خەڵك هان دەدەن
و کەمتر رەخنە دەگرن دنیا بەرەو
پێش دەبەن.

*"هاریسۆن"*

## "رێورەسمی هۆزی بامباد"

گێرەشێوێنی یان رەفتاری دژە کۆمەڵایەتی لەناو هۆزی بامباد (Badembad) لە ئەفریقای باشوور زۆر دەگمەنە. بەڵام لەکاتی پێشهاتنیدا، هۆزەکە رێورەسمێك بۆ رووبەڕووبوونەوەی ساز دەدەن کە زۆر سەرنجڕاکێشە.


ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی هۆزەکەیان رەفتارێکی نەشیاو ئەنجام بدات دەیبەن بۆ گۆڕەپانی گوندەکەیان. هەمووان، بە ژن و پیاو و پیر و لاو دەست لەکار دەکێشنەوە، لەدەوری کۆ دەبنەوە. پاشان، هەریەك لەئەندامانی گوند و، منداڵەکانیش بەنۆرە، یەك لەدوای یەك دەست دەکەن بە ژماردنی کارە باشەکانی ئەو کەسە.

هەموو تایبەتمەندییە پەسندەکان، کردەوە باشەکان، تواناکان و رەفتارە شیاوەکانی کەسی تۆمەتبار بەوردی و تێروتەسەل دەووترێتەوە. کەس جگە لەڕاستی رێی پێ نادرێت باسی شتێکی تر بکات. کەس مافی زیادەگۆیی یان قسەی بێ جێی نییە. ئەم مەراسیمە چەند رۆژێك هەر بەم شێوەیە درێژەی دەبێت تاکو یەکەیەکەی ئامادەبووان بە وتنەوەی کردار و رەفتارە چاکەکانی خۆیان بەتەواوی بەتاڵ بکەن. لەکۆتاییدا، بازنەی خەڵك دەشکێت و هەر بەم

بۆنەیەوە جەژنێکی بێ وێنە بەرپا دەکرێت و لەم نێوەندەدا، هاتنەوەی دووبارەی کەسی تۆمەتبار بۆناو کۆمەڵ پیرۆز رادەگیرێت.

وادیارە ئەم رێوڕەسمە تۆمەتبارەکە بەتوندی دەخاتە ژێر کاریگەری لایەنە باشەکانی و دەبێتە هۆی بەهێز بوونی هەستی رێزگرتن لەخۆی، تاکو جارێکی تر کاری وەها دژە کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدات و بەگوێرەی چاوەڕوانی هۆزەکەی رەفتار بکات.

بەخۆڕایی نییە کە سازدانی ئەم جۆرە رێوڕەسمانە لە بامبا زۆر دەگمەنە.



وتەبێژێك دەتوانێت لەخولەكدا نزیكەی
١٢٥ وشە بڵێت، بەڵام گوێگر دەتوانێت
٤٠٠ تا ٦٠٠ وشە لەخولەكێكدا ببیسێت
و لێی تێبگات.

*"لیۆ بوسكالیا"*

## "بیسەرێكی باش بین"

خانمێكی سەرنجڕاكێش لەگەڵ جەنابی "ویلیام گلادستۆن"، سیاسەتمەداری بەرجەستەی بەریتانی، نانی ئێوارەی خوارد. شەوی دواتر لەئێوارەخوانێكی تردا بەشداری كرد و لای ركابەری بەرجەستەی گلادستۆن، "بنیامین دیزرائیلی" دانیشت.

دواتر كاتێك ڕای ئەم خانمەیان سەبارەت بەو دوو كەسە پرسی، جوابی دایەوە: "دوای دانیشتن لەگەڵ جەنابی گلادستۆن، دڵنیا بووم لەوەی كە ئەو ژیرترین پیاوی ئینگلیزە. بەڵام دوای دانیشتن لەگەڵ جەنابی بنیامین دیزرائیلی، وامزانی من ژیرترین ژنی ئینگلیزم."

**دەرەنجام: خەڵكی زیاتر دەكەونە ژێر كاریگەری سەرنج و گرنگییەك كە پێیان دەدەین تاوەكو زانستێك كە هەمانە.** بیسەرێكی باش بین و مۆڵەت بدەین لایەنی بەرامبەرمان قسە بكات. كاتێكیش كە قسە دەكەین دوور لە هەستی خۆپەرستی و بەخۆداهەڵدان، هەوڵ بدەین راستگۆیانە لەبارەی كەسی بەرامبەرەوە بدوێین و، وا بكەین هەستێكی باشی لا دروست بێت. ئەمە سادەترین و هەرزانترین ڕێگەیە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی.

بۆ ئاوا كردنی دنیایەكی باش دەبێ

کەرەستەی باش بەکار بهێنین، بۆ نموونە عەشق. بە کەرەستەی وەك: تورەیی و کین و خۆویستی و تەماح چۆن دەتوانین دنیایەکی باش ئاوا بکەین ؟

*"کریشنا مورتی"*

## "شوێنی مانەوە"

ژنێك پاش تەمەنێك ژیان بەسەر بردن لەناز و خۆشیدا، ماڵئاوایی لەم دنیایە دەکات. لەو دنیادا، فریشتەیەك ئەرکدار دەکرێت بۆ ئەوەی شوێنی مانەوەی هەتاهەتایی پیشان بدات.

دووبەدوو پاش تێپەڕ بوون لەشەقامە سەرەکییەکان و کۆشك و تەلاری زۆر جوان، ئەو کۆشك و تەلارانەی کە ژنە لەگەڵ بینینیان وای دەزانی بۆ ئەو دروست کراون، دەگەنە دەرەوەی شار.

خانووەکانی ئەم ناوچەیە تا دەڕۆیشت بچوك و بچوکتر دەبۆوە، تاوەکو فریشتەکە لەقەراخێك ئاماژە بە کەپرێکی زۆر بچوك دەکات و دەڵێت: "ئەو ماڵە هی ئێوەیە."

ژنە دەڵێت:

"قوڕی دنیا بەسەرم، من ناتوانم لەوێ بژیم."

فریشتەکە دەڵێت:

"بەداخم، *بەو کەرەستانەی ناردتان بۆ ئێرە، نەدەکرا شوێنێکی لەمە باشتری پێ دروست بکرێت."*

# "رەگەز پەرستی"

بەدبەختی کاتێکە کە فێرت دەکەن
حەزت لە شووتی نەبێت، بەڵام تۆ حەزت لێیەتی.
بەدبەختی کاتێکە کە منداڵەکەی دراوسێتان میوانداری هەیە و
هەموو منداڵانی گەڕەك بانگهێشت دەکات، جگە لەتۆ.
بەدبەختی کاتێکە کە کەس بەتۆی نەوتووە پاسەوانی ئاسایشی فرۆشگا
ڕێگە نادات تۆ شانزدە جار بە سەرخەرەکەدا بچیتە سەرەوە
کاتێك دایکت سەرقاڵی شت کڕینە.
بەدبەختی ئەو کاتەیە کە دەستت کرد بەیاری کردن
یەکێك لەولاوە دەڵێت:
یەك و دوو و سێ و چوار
قولەڕەش بۆ دەرەوە..!
بەدبەختی ئەو کاتەیە کە تۆ دەتوانی هەموو منداڵەکانی تر لە تاریکیدا ببینیت
بەڵام ئەوان دەڵێن کە ناتوانن تۆ ببینن.
بەدبەختی ئەو کاتەیە کە دەبینیت
باشترین هاوڕێت مۆڵەتی مەلەکردنی لەناو حەوزەکەدا هەیە
بەڵام تۆ ئەو مۆڵەتەت نییە
بەدبەختی کاتێکە کە تاکسی، بۆ دایکت ناوەستێت و
ئەویش دەست دەکات بە تانە و تەشەر

بەدبەختی کاتێکە کە بۆ یەکەم جار پەی بەوە دەبەیت

وشەی ڕەش لەزۆر دەستەواژەی خراپدا بەکار هاتووە.

وەکو "پشیلە ڕەش"، "هونەرە ڕەشەکان"، "مۆرەی ڕەش"

بەدبەختی کاتێکە کە تۆ دەتەوێت یارمەتی پیرەژنێکی سپی پێست

بدەیت بۆ پەڕینەوە لە شەقام و

ئەو وادەزانێت بەتەمای دزینی جانتاکەی ئەویت

بەدبەختی کاتێکە کە تۆ بەرلە هاتنی سەری ساڵ

دەچیت بۆ فرۆشگا و دەبینی کە بابانۆییل سپی پێستە...

*"لنگستۆن هیوز، شاعیری گەورەی ڕەش پێستی ئەمریکی"*

تاڵترین فرمێسکەکان کە لەسەر گۆڕی ئازیزان
هەڵدەڕێژرێت بەهۆی نەووتراوەکان و کارە
ئەنجام نەدراوەکانە.

*"هارت بیچراسنۆ"*

## "خۆشەویستییەك كە دەرنەبڕدرا"

پیرەمێردێکی رووخۆش و دەم بەپێکەنین جاروبار بۆ فرۆشتنی شتومەك سەردانی عەنتیکە فرۆشی شەقامی "نیوهەمپشایەر"ی دەکرد. رۆژێك ژنە فرۆشیاری دوکانەکە پاش دەرچوونی پیرەمێرد لەوێ بەهاوسەرەکەی وت: "حەزم دەکرد بەو پیرەمێردە بڵێم چەندە مرۆڤێکی رووخۆشە و نازدارە و، بە دیتنی چەندە خۆشحاڵ دەبم."

هاوسەرەکەی وەڵام دەداتەوە: "تۆ راست دەکەیت. ئەم جارەیان کە هات پێی بڵێ."

هاوینی ساڵی پاش، کچێکی لاو دێتە ناو دوکانەکەیان و پاش ناساندنی خۆی وەکو کچی هەمان پیرەمێردی رووخۆش، رایدەگەیەنێت کە باوکی ماوەیەك پێش ئێستا ماڵئاوایی لەژیان کردووە.

ژنی عەنتیکە فرۆش، باسی دواگفتوگۆی خۆی و هاوسەرەکەی پاش دەرکەوتنی پیرەمێرد لەدوکانەکەیانی بۆ دەکات. کچە، لەکاتێکدا فرمێسکەکانی دەهاتنە خوار، بەگریانەوە دەڵێت: "ئاخ، خۆزگە ئەمەتان پێ دەووت، چونکە زۆر کاری تێدەکرد. ئەو مرۆڤێك بوو کە پێویستی بەوە بوو دڵنیا بێت لەوەی کە خەڵك خۆشیان دەوێت."

عەنتیکە فرۆش پاش ماوەیەك دەیووت:

"لەو رۆژە بەدواوە، **هەر جوڵە یان لایەنێکی باشی خەڵك دەبینم، پێیان دەڵێم، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە دەرفەتێکی ترم بۆ نەڕەخسێت.**"

# "لاواندنەوە"

لەساڵی ١٩٨٠ گۆڤاری scince یەکێك لە ناسراوترین گۆڤارە پزیشکییەکان، بابەتی زۆر سەرنجراکێشی لەبارەی کاریگەری دیاردە کۆمەلایەتییەکان لەسەر "سکلرۆز" - گیرانی شادەمارە سوورەکان - بڵاو کردۆتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا زانایان گروپێك کەروێشکیان خستە ژێر پارێز بە کۆلیسترۆلی زۆر باڵا. هەموو کەروێشکەکان لەبواری ژەنەتیکیەوە هاوشێوە بوون و هەروەها زانایان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لەیەك کاتدا هەموویان تووشی گیرانی خڕۆکە سوورەکان بن، کەچی وا نەبوو.

هەندێك لەو کەروێشکانە زۆر زیاتر گیرانی شادەمارە سوورەکانیان لەخۆیاندا پیشان دا. ئەو کات زانایان نەیانتوانی پەی بەهۆکاری ئەم بابەتە بەرن، چونکە هەموویان یەك پارێزی خۆراکیان هەبوو، لەبواری ژەنەتیکییەوە هاوشێوە بوون.

کەروێشکەکان کرابوونە ناو چەند قەفەسێك کە لەسەر یەك دانرابوون و تاکو میچ بەرز ببوونەوە. ئەو کەروێشکانەی کە لە قەفەسەکانی سەرەوەدا بوون، بە بەراورد لەگەڵ کەروێشکی ناو قەفەسەکانی خوارەوە پێستیان زیاتر ئاوسابوو و عارەقیان دەرنەدەکرد. سەرەتا ئەم جیاوازییە بۆ توێژەران هیچ واتایەکی نەبوو. بەڵام کاتێك بە سەرنجێکی زیاترەوە سەیری مەسەلەکەیان کرد، زانیان کە فەرمانبەرانی تاقیگە لەکاتی پێدانی خۆراکی کەروێشکەکان، وێڕای کەمی کات، لەگەڵ کەروێشکی ناو قەفەسەکانی خوارەوە یارییان دەکرد، چونکە

لەبەر دەستیان بوو، بەڵام گرنگییان بەوانەی سەرەوە نەدەدا. هەر بۆیە وای بۆ دەچوون کە ئەم بابەتە لەوانەیە هۆی جیاوازییەکەی سەرەوە بێت.

لەمڕووەوە، ئەوان گروپێك کەروێشکی تریان هەڵبژارد و ئەوانیان بەشێوەی تێکەڵ بە دوو گروپی ئەلف و بێ دابەش کرد. کەروێشکەکانی گروپی ئەلف، بەتەنیا هێڵرابوون و تەنها چاودێری ئاسایی تاقیگەیان لەسەر ئەنجام دەدرا. بەڵام کەروێشکەکانی گروپی بێ، رۆژانە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دەلاوێنرانەوە و گفتوگۆ و یارییان لەگەڵدا دەکرا.

ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لەسەر هەردوو گروپ پیشانی دا کە ئاستی گیران لەناو شادەمارە سوورەکانی کەروێشکەکانی گروپی بێ بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئاژەڵانەی کە هیچ گرنگییەکیان پێ نەدەدرا ٦٠٪ کەمتر بوو.

لاواندنەوە لە مرۆڤەکانیشدا شایەنی گرنگی پێدانە. کردەوەیەکی سادەی لاواندنەوە شێوازێکی بەهێزە بۆ سەرەتای چارەسەر کردنی کاریگەرییە خراپەکانی تەنیایی و گۆشەگیری.

دوا وتە ئەوەیە کە عەشق، رادەی زیندوو مانەوە دیاری دەکات. هەم پەرستاری کردن، هەم ئەوەی کە یەکێك پەرستاری تۆ بکات هەردووکیان ژیان بەخشە.

*"پرۆفیسۆر دین ئۆرنیش"*

شمشێرێك نییە دژی خۆشەویستی بێت.

*"پەندی ژاپۆنی"*

## "هێزی عەشق"

دەرگەکانی شەمەندەفەر لە یەکێك لەوێستگەکاندا کرایەوە و لەپڕ بێدەنگی دوانیوەڕۆ بە قیژە و جنێودانەکانی پیاوێك تێکشکا. پیاوێك بە شەلەشەل هاتە ناو ڤاگۆنەکە. ئەو زل و سەرخۆش بوو و جلی کرێکاری لەبەر بوو.

بە قیژەقیژ خۆی دا لە یەکێك لە ژنەکان کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو. لەگەڵ خۆپێدادانی ئەو، ژنە داماوە بەلادا هات و بەسەر ژن و مێردێکی پیردا کەوت. بەڕاستی موعجیزە بوو کە زیانێك بەر منداڵەکە نەکەوت.

پیرەژن و پیرەمێرد، ترساو و تۆقیو راچڵەکین و خۆیان خستە لایەکەی تری ڤاگۆنەکە. کرێکارەکە ویستی بە شەق لەپشتی ژنەکە بدات، بەڵام خێرایی ئەو بووبە هۆی ئەوەی کە شەقی کرێکارەکەی بەر نەکەوێت. ئەمە وای کرد کابرای سەرخۆش زۆر تورە بێت و پڕبە میلە ئاسنەکەی ناوەڕاستی ڤاگۆندا بکات و هەوڵ بدات لەجێوە هەڵیکەنێت. یەکێك لە دەستەکانی بریندار بوو و خوێنی لێ چۆڕایەوە.

ئەو کات لاو بووم و، وەکو دەڵێن جەستەم بەخۆوە بوو. سێ ساڵ بوو کە بەیانی هەموو رۆژێك، هەشت کاتژمێر راهێنانی "ئای کی دۆ"م دەکرد. عاشقی شەڕ و لێدان و کوتان بووم. وامدەزانی کە سەرسەخت و بەهێزم.

کاتێک هەستامە سەرپێ بەخۆم وت: "ئەمە ئەو ساتەیە کە کارامەیی وەرزشی خۆم بەشێوەی کردە تاقی بکەمەوە. خەڵکیش لەمەترسیدان ئەگەر خێرا کارێك نەکەم، بێ شەك کەسێك زیانی بەر دەکەوێت."

کابرای سەرخۆش لەگەڵ هەستانی من بینی کە دەتوانێت تورەیی خۆی بەسەر مندا بەتاڵ بکات. ئەو بە هاوارەوە وتی: "باشە ! کارێکت پێ بکەم کە تا تەمەنت ماوە فەرامۆشی نەکەیت !"

چرکەیەك بەرلە پەلاماردانی ئەو، پیاوێك بەدەنگی بەرز وتی: "هۆی !" دەنگی ئازاردەر و گوێ دڕێن، بەڵام شاد و دڵنەواز بوو. هەردووکمان چاومان بڕییە ئەو پیرەمێردەی کە لەوێ دانیشتبوو. پیرەمێرد بە ئاماژە بەوی وت: "وەرە ئێرە! وەرە ئێرە بەیەکەوە قسە بکەین."

کابرا گوێڕایەڵ بوو، وەك بڵێیت هەموو بڕیارێکی بەدەست ئەوەوە بوو. کرێکاری سەرخۆش وتی: "بۆچی دەبێ لەگەڵ مەلعونێکی وەك تۆ قسە بکەم ؟" پیرەمێرد بە تامەزرۆیی و راکێشەرییەکی تەواو پرسی: "چیت خواردۆتەوە کوڕم ؟" سەرخۆش وتی: "پەیوەندی بەتۆوە نییە." ئاوی دەمی کابرای سەرخۆش بەسەر جلەکانی پیرەمێرددا ڕژا.

پیرەمێرد وتی: "زۆر چاکە، کوڕم، زۆر چاکە. منیش جاروبار ئێواران لەژێر درەختی حەوشەکەمان دادەنیشم و کەمێك دەخۆمەوە. درەختەکە باپیرەم چاندوویەتی. بەڵام خودا دەزانێت ئەو بەفر و بەستەڵەکەی زستان وشکی دەکات یان نا ؟ تاکو ئێستا کە زۆر باشە، هەرچەندە خاکی ماڵەکەمان ئەوەندە باش نییە. کاتێك باران نمەنمە دەبارێت، کوڕەکە، دەچم لەژێری دادەنیشم و چێژ لە دەنگی باران وەردەگرم !"

ئەو بە چاوە لەرزۆکەکانی سەیرێکی کابرای سەرخۆش دەکات. دەموچاوی گرژی پیاوی سەرخۆش لەگەڵ قسەکانی پیرەمێرد هێورتر دەبۆوە. پاشان وتی: "ئەریٚ، منیش وەکو تۆ عاشقی دار و درەختم..."

پیرەمێرد زەردەخەنەیەکی کرد: "ئەریٚ، دیارە. دڵنیام لەوەی کە ژنێکی باش و دڵسۆزیشت هەیە."

پیاوی سەرخۆش دەست بەجیٚ وەڵامی دایەوە: "نا، نیمە. تەمەنی دا بە ئێوە." پاشان لەکاتێکدا لەگەڵ تەکانەکانی شەمەندەفەر بەملا و بەولادا دەکەوت، دەستی کرد بە گریان.

"من ژنم نییە.ماڵم نییە. کاریشم نییە. من لەخۆم بێزارم."

فرمێسک بەسەر گۆناکانیدا شۆڕ بۆوە، هەستی نائومێدی سەراپای گیانی داگرت.

بەهەمان شێوە کە لەویٚ بەڕواڵەتی بێگەرد و پاکی لاوێتیم وەستابووم، هەستم کرد لەو پیسترم.

شەمەندەفەرەکە لەو وێستگەیە وەستا، کە بڕیار بوو دابەزم. لە سەروبەندی کرانەوەی دەرگاکاندا، بیستم کە پیرەمێرد وتی: "ئاوا، ئاوا، دانیشە، لێرە بۆم بگێڕەوە بزانم، لەڕاستیدا زۆر سەختە، زۆر کێشەیە."

جارێکی تر سەرم وەرسوڕاندەوە و بۆ دواجار سەیرم کردن. پیاوی سەرخۆش لەسەر کورسیەکە بەلادا کەوتبوو و سەری خستبووە سەر ڕانی پیرەمێردەکە. پیرەمێرد بەنەرمی و هێمنی قژە چڵکن و ئاڵۆزەکەی نەوازش دەکرد.

ئەوەی من دەمویست بە شەڕ و هەڵلا ئەنجامی بدەم، ئەو بە چەند وشەی پڕسۆز ئەنجامی دابوو. من بەچاوی خۆم **شایەتی هونەری "ئای کی دۆ" بووم و**

گەوهەرەکەی جگە لە عەشق و خۆشەویستی هیچی تر نەبوو. من ناچارم لەمەودوا بە رۆحێکی تر لەو بوارەدا راهێنان بکەم. من هێشتا شایەنی چارەسەر کردنی گیروگرفت و ململانێکانی خەڵك نیم و هێشتا رێیەکی درێژم لەپێشە بۆ گەیشتن بەوە.

"تێری دابسن"

کاتێك عەشق فەرمان دەکات

مەحاڵ سەری شۆڕ دەکاتەوە

"دکتۆر عەلی شەریعەتی"

## "چیرۆکی دوو ڕاستەهێڵ"

دوو هێڵی هاوتەریب لەدایك بوون: کوڕێکی بچوك لەناو پۆل لەسەر پەڕێك کێشاینەوە.

ئەو کاتە دوو هێڵە هاوتەریبەکە چاویان بەیەك کەوت و

لەهەمان نیگای یەکەمدا دڵیان بۆ یەك لێیدا و

ئەوینی یەکتریان لەسنگدا جێگیر کرد

هێڵی یەکەم وتی: "ئێمە دەتوانین ژیانێکی باشمان هەبێت".

هێڵی دووەم لەخۆشیان لەرزی گرت.

هێڵی یەکەم وتی: "ماڵێکمان هەبێت لەپەڕە کاغەزێکدا

من بەڕۆژ دەچم بۆ کار. دەتوانم ببم بە هێڵی شەقامێکی دوورکەوتە و چۆڵ،

یان هێڵی تەنیشت پەیژەیەك".

هێڵی دووەم وتی: "منیش دەتوانم ببم بە قەراخی گوڵدانێکی چوارگۆشەی گوڵی سوور.

یان هێڵەکانی تەنیشت مێزێکی بەتاڵ لە پارکێکی بچوك و کەم هاتووچۆ".

هێڵی یەکەم وتی: "پیشەیەکی شاعیرانەیە و، بەدڵنیاییەوە ژیانێکی خۆشمان دەبێت".

هەر لەم ساتەدا مامۆستا هاواری کرد: "دوو هێڵی هاوتەریب هەرگیز بەیەك ناگەن."

منداڵەکانیش دووپاتیان کردەوە: "دوو هێڵی هاوتەریب هەرگیز بەیەك ناگەن."

دوو هێڵە هاوتەریبەکە هەڵلەرزین، سەیری یەکتریان کرد و هێڵی دووەم دەستی کرد بە گریان.

هێڵی یەکەم وتی: "نا، شتی وا نابێت، ڕێگەیەك هەر پەیدا دەبێت."

هێڵی دووەم وتی: "خۆ بیستت چییان وت. هیچ ڕێیەك لەئارادا نییە."

ئێمە هەرگیز بەیەك ناگەین و، دووبارە دەستی کردەوە بە گریان"

هێڵی دووەم وتی: "نابێ نائومێد بین. ئێمە لەم پەڕە کاغەزە دەردەکەوین و هەموو دنیا دەگەڕێین. لە ئاکامدا کەسێك پەیدا دەبێت کە کێشەی ئێمە چارەسەر بکات."

هێڵی دووەم ئۆقرەی گرت. بەجووتە مات و مەلول لە پەڕە کاغەزەکە خزینە دەرەوە.

لەژێر دەرگای پۆلەکەوە تێپەڕین و چوونە ناو حەوشە.

لەو ساتە بەدواوە گەشتەکانی دوو هێڵی هاوتەریب دەستی پێکرد...

ئەوان دەشتەکانیان تێپەڕاند... بیابانە وشك و سووتێنەرەکان... چیا بەرزەکان... دۆڵە قوڵەکان... دەریاکان... شارە گەورەکان...

ساڵانێك دەرباز بوو و ئەوان چاویان بە زۆر زانا کەوت.

زانای بیرکاری پێی وتن: "ئەمە مەحاڵە.

هیچ فۆرمولێکی بیرکاری ئێوە بەیەك ناگەیەنێت. ئێوە هەموو شت دەشێوێنن."

زانای فیزیا وتی: "با هەر لەئێستاوە نائومێدتان بکەم."

ئەگەر دەکرا یاساکانی سروشت بەهەند وەرنەگیرێت، ئیتر زانستێك بەناوی فیزیا نەدەبوو".

پزیشك وتی: "من هیچم لەدەست نایەت، دەردەکەتان بێ دەرمانە."

زانای کیمیا وتی: "ئێوە دوو مادەن کە ئاوێتەی یەکدی نابن. ئەگەر بڕیار بێت ئاوێتەی یەکتر بن، هەموو مادەکان تایبەتمەندێتی خۆیان لەدەست دەدەن."

ئەستێرەناس وتی: "ئێوە خۆویستترین بوونەوەرانی سەر زەوین. بەیەك گەیشتنی ئێوە یەکسانە بە لەناوچوونی جیهان، دنیا سەروژێر دەبێت، هەسارەکان لەڕێی خۆیان دەردەچن، ئەستێرەکان بەریەك دەکەون، سیستەمی جیهان هەڵدەوەشێتەوە، چونکە ئێوە یاسایەکی گەورەتان پێشێل کردووە."

فەیلەسوف وتی:

"بەداخەوە... یەکگرتنی دژبەرەکان مەحاڵە."

لەکۆتاییدا گەیشتنە لای منداڵێك. منداڵەکە تەنها سێ ڕستەی وت:

"ئێوە بەیەك دەگەن، نەك لەدنیای ڕاستییەکاندا، لەدنیایەکی تردا بۆی بگەڕێن".

دوو هێڵی هاوتەریب ئەویشیان جێ هێشت و، دیسانیش لەگەشتەکانیان بەردەوام بوون.

بەڵام ئێستا شتێك خەریك بوو لەناخیاندا شێوەی دەگرت.

ئەوان وردە وردە مەیلی بەیەك گەیشتنیان لەدەست دەدا.

هێڵی یەکەم وتی: "ئەمە بێ واتایە."

هێڵی دووەم وتی: "چی بێ واتایە ؟"

هێڵی یەکەم وتی: "ئەوەی کە ئێمە بەیەك بگەین."

هێڵی دووەم وتی: "منیش هەروا بیر دەکەمەوە."

ئەوان درێژەیان بە ڕێگەکەیان دا.

ڕۆژێك گەیشتنە دەشتێك. نیگارکێشێك لەناو مێرگدا وەستابوو و لەسەر تابلۆکەی خەریکی نیگارکێشی بوو. هێڵی یەکەم وتی: "وەرە با بچینە ناو ئەو تابلۆیە و لەم ئاوارەییە رزگار بین.

هێڵی دووەم وتی: "وابزانم ئێمە هەرگیز نەدەبوایە لەو پەڕە کاغەزە بێینە دەرەوە."

هێڵی یەکەم وتی: "لەو تابلۆیەدا بێگومان دەحەسێینەوە."

بەجووتە چوونە ناو دەشتەکە.

چوونە سەر دەستی نێگارکێش و دوایی کەوتنە سەر قەڵەمەکەی

نیگارکێش کەمێك بیری کردەوە و قەڵەمەکەی جوڵاند.

ئەوان بوون بە دوو سکەی شەمەندەفەر کە لەدەشتێکەوە تێدەپەڕی.

لەولا کە خۆری سوور ئارام ئارام دادەبەزیە خوارەوە،

سەری دوو هێڵی هاوتەریب عاشقانە بەیەك دەگەیشت.

*"نێرگز ئابیار"*

هاوسەرگیری راستەقینە واتە هەموو رۆژ عاشقی هەمان کەس بوون.

*"جی. پی. واسوانی"*

## "بەنرخترین دارایی"

لەسەر گردێك لە شاری "وینسبێرگ"ی ئەڵمانیا، قەڵایەکی دێرین و بەرز دەبینرێت کە بەسەر شارەکەدا زاڵە. دانیشتووانی وینسبێرگ ئەفسانەیەکی سەرنجڕاکێشیان سەبارەت بەو قەڵایە هەیە، کە گێڕانەوەی بۆ ئەوان مایەی شانازییە:

ئەفسانەکە باس لەوە دەکات کە لە سەدەی ١٥، سوپای دوژمن ئەم شارە دەگرێت و دەست بەسەر قەڵاکەدا دەگیرێت. دانیشتووانی شار، لەژن و پیاوەوە بگرە تاکو پیر و گەنج، بۆ رزگار بوون لەمەرگ پەنا بۆ ناو قەڵاکە دەبەن.فەرماندەی سوپای دوژمن پەیام بۆ قەڵاکە دەنێرێت کە بەرلەوەی هێرشی وێرانکەری خۆی بۆ سەر قەڵاکە دەست پێ بکات، ئامادەیە رێگە بە ژن و منداڵەکانیان بدات تاکو بە سەلامەت لەقەڵاکە دەرکەون و برۆن.

پاش کەمێك دانوستان، فەرماندەی سوپای دوژمن بەهۆی پەیرەو کردنی ئایینی جوامێری و لەسەر بنەمای بەڵێنی شەرەف، رازی دەبێت کە هەر یەك لەژنە بەندیەکانی ناو قەڵا، گرانبەهاترین دارایی خۆشیان لە قەڵاکە بهێنە دەرەوە، بەمەرجێك کە بەتەنیا بتوانێت هەڵیبگرێت.

شایەنی باسە کە روخساری سەرسام و دەمی کراوەی فەرماندەی دوژمن لەکاتێکدا کە هەر ژنەو مێردەکەی خۆی لەکۆڵ کردبوو و لەقەڵاکە دەهاتنە دەرەوە، زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

عەشقی خانەوادەکەم، داهاتی منە.

*"هۆراتیو نیلسۆن"*

## "دەوڵەمەندترین ژنی جیهان"

من تەنیا ٤ رۆژم لەگەڵ ئەو کچە بەسەر برد کە لەگەڵ پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند هاوسەرگیری کردووە. مێردەکەی مستیلەیەکی یاقوتی ٣٥ هەزار دۆلاری وەکو دیاری دەستگیرانیی پێ دا. هەروەها ملوانکەیەکی ٢٥ هەزار دۆلاری بەبۆنەی رۆژی دایك و، ٢٥ هەزار دۆلار بۆ سەرلەنوێ ڕازاندنەوەی ماڵەکەیان. دروست کردنی حەمامەکەی ١٢٠ هەزار دۆلاری تێچوو. تەنانەت سەگەکەی لەناو قاپێکی زیو کە ناوی خۆی لەسەر نووسرابوو، خواردنی دەخوارد.

مێردەکەی بەهەموو لایەکی جیهاندا گەڕاندوویەتی: تاهیتی بۆ حەمام کردن، پاریس بۆ کڕینی جل، لەندەن بۆ سەیر کردنی شانۆ و ئوستراليا بۆ گەڕان.

شەوی رابردوو تا درەنگانێك لە ژووری خوێندنەوەکەیدا دانیشتین، من و هاوڕێکەم. ئێمە لەبارەی ئەو شتەی باوەڕمان پێیەتی و گەڕان بۆ دۆزینەوەی واتایەکی نوێ بۆ ژیان و، لەبارەی پیاوەکانمانەوە گفتوگۆمان کرد، هاوسەری دەوڵەمەند و سەرکەوتووی ئەو و مێردە هونەرمەند و چالاکەکەی من.

لێم پرسی: "ئایا خۆشبەختیت ؟" ئەو بۆ ساتێك بێدەنگ دانیشت و بە مستیلە ئەڵماسەکەی بوکێنی یاری کرد. پاشان زۆر لەسەرخۆ و بە نەرمی، هاتە گۆ. ئەو رەزامەند بوو لەوەی کە ئەم هەموو سامانەی هەیە، بەڵام ئامادە بوو هەموو سامانەکەی بدات تاکو مێردەکەی تەنها جارێك بەدڵی ئەو خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕێت.

ئەو لەڕووی عەقڵانییەوە مێردەکەی زیاتر لەو هەستەی کە لەبەرامبەریدا هەیبوو خۆش دەویست. ئەو لەژیانیدا بڕوای بە زۆرێك لە بەهاکانی مێردەکەی نەبوو و ئەمەش کێشەی خستبووە پەیوەندی سێکسیی لەگەڵ مێردەکەی. هەرچەندە مێردەکەی سەری لەپێناویدا دادەنا و زۆر ئاگاداری بوو، ئەم هەستەی پێ نەدەبەخشی کە هەموو ساتێك خۆشی دەوێت: خۆشەویستی، ناسکی، وشەی دڵداری، گوێڕایەڵی، هەستیاری، سەرنجدان، ڕێز و مەیلی بەشداری کردنی ئەو لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەدا.

هەروا کە گوێم بۆ قسەکانی هاوڕێکەم ڕاداشتبوو، لەهەمیشە زیاتر تێگەیشتم کە **عەشقی هاوسەرە ڕاستگۆکەم، زیاتر لە هەموو شتێکی مادی کە پیاوێك دەتوانێت بیدات بە هاوسەرەکەی، دەوڵەمەندم دەکات.** یەکەم جار نەبوو کە لەقووڵایی ناخمدا هەستم بەمە دەکرد، بەڵام جارێکی تر بەبیری دەهێنامەوە کە چەندە خۆشبەختم.

من بیرم لەو چەکمەجەیە کردەوە کە کار و یادداشتە عاشقانەکانی مێردەکەمی تێدابوو، کە بۆ منی نووسیبوون و سێ دانەیانم هەمیشە لەجانتاکەمدا دەگێڕا. بیرم لەو کردەوە کە دەستەکانم دەگرێتە ناو دەستی و کاتی پەڕینەوە لەناوەندی شەقام بەدەستەکانی دەمپارێزێت و ئەو کاتەی لەتەنیشتی دادەنیشم دەست بەسەرمدا دەکێشێت. من لەبارەی بەسەرهاتە هاوبەشەکانمان و دۆزینەوەی ڕاوبۆچوونەکان، دەرك کردنی ڕابردوو و وێناکانی داهاتوومان بیر دەکەمەوە. بیر لە باوەڕەکانمان و ڕێز گرتن لەخۆمان و هۆگری ژیان و فێربوون دەکەمەوە.

لەو ساتەدا، بینیم کە هاوڕێکەم ئیرەیی بەمن و مێردەکەم دەبات. ئەو کە لەماڵە کۆشك ئاساکەی خۆی دانیشتووە و زێڕ و زیوەرەکانی دێنێت و دەبات،

بەهۆی دڵخۆشیمان، عەشق و بەڵێنمان بۆ یەکتر ئیرەییمان پێ دەبات. چونکە لەو ساتەدا بینیم لەنێوان ئەو شتانەی کە ئێمە هەمانە بەنرخترینیان، بەڵێنە: **خۆش ویستنی یەکتر بە تەواوی و بەو قوڵاییەی کە خۆمان دەیزانین.**

ئەمە لەو چەشنە بەڵێنانە نییە کە بۆ کەسانی تر ئاشکرا بکرێت، یان لەوانەیە خۆمان بەدەنگی بەرز بەیەکترمان وتبێت. یەك پارچە ئەڵماس یان تەنانەت یەك تاك بازنی ئاڵتونی سادە نیشاندەری ئەو بەڵێنە نییە.

ئەو بەڵێنە بە کات، یان تەنانەت دووری و نزیکی شوێنەکانمان باس ناکرێت. بەڵکو بەڵێنێکی زیندوو و گیاندارە. هەر جار کە ئێمە بە تام و چێژەوە بەرەو یەکتر دەست درێژ دەکەین، هەر جار کە راستییەکان دەڵێین، هەر جار کە یەکێکمان ئامادە پشتیوانی ئەوی تر بکات و هێوری بکاتەوە، هەر جار کە بێ پەردە باسی ڕوانگە یان هەستێکی تازە بۆ یەك دەکەین، ئەو بەڵێنە پشتڕاست دەکرێتەوە.بەڵێنێکە کە هەر رۆژەو یەکێك لەئێمە دەزانێت کێین و دڵەکانمان توانای چەندە لەدەربڕینی عەشق، بەردەوام تازە دەبێتەوە.

بەڵێنێکە کە رۆحی هاوسەرگیری راستەقینەیە، کە رێوڕەسمی بەیەك گەیشتنی لەهەموو ساتێك کە یەکترمان خۆش دەوێت، پەیدا دەبێت، کە ساڵڕۆژەکەی لەهەموو رۆژێکدا کە عەشق شکۆفە دەدات، بوونی هەیە.

ئەمڕۆ، کاتێك گەیشتمەوە ماڵ، چەکێکم دۆزیەوە بە بڕێکی خەیاڵی، پارەیەك کە قەت بەمێشکمدا نەدەهات، بەو ژمارە بێ واتایانەی سەر چەکەکە پێکەنیم.چونکە شەوی رابردوو، پاش گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکەم، زانیم جیاوازی نێوان بوونی پارە و بەڕاستی دەوڵەمەند بوون چییە و پەیم بەوە برد کە **دەوڵەمەندترین ژنی جیهانم.**

***"باربارا دو ئانجلیس"***

پێت خستە هەر شوێنێك، پەرە بە عەشق بدە:
سەرەتا لەماڵی خۆت... با هەر کەسێك کە بۆ
لات دێت بە رۆحێکی باشتر و شادتر ئامادە
بێت. نموونەی خۆشەویستی خوداوەند بە،
خۆشەویستی لەڕوخسارت، لەچاوەکانت، لە
خەندە و هەڵسوکەوتت.

"دایکە ترێزا"

## "شەربەتی عەشق"

ڕۆژێك خانمێکی گەنج بەناوی "یون ئوك" چووە ماڵی ڕاهیبێك کە لەکێوێك نیشتەجێ بوو. ئەو ڕاهیبە زۆر بەناوبانگ بوو و دەرمان و شەربەتی سیحراوی دروست دەکرد.

ئەو لەوێ بە ڕاهیبەکەی وت: "کێشەکە مێردەکەمە. ئەو بۆ من زۆر ئازیزە. سێ ساڵی ڕابردوو لێرە نەبوو و چووبووە شەڕ. بەڵام ئێستا کە گەڕاوەتەوە، بە دەگمەن لەگەڵ من و هەر کەسێکی تر قسە دەکات. ئەگەر منیش قسەیەك بکەم وا پێ ناچێت کە گوێی لێبێت. کاتێك قسەیەك بکات، بە توندوتیژییەوە دەیکات. ئەگەر چێشتێك لێ بنێم کە ئەو حەزی لێ نەبێت، بەلاوەی دەنێت و بەتوڕەییەوە ژوورەکە جێ دەهێڵێت. هەندێك جار کە دەبێ لەسەر زەوی کار بکات، دەیبینم کە بێکار لەسەر گردەکە دانیشتووە و سەیری دەریا دەکات. مامۆستا من دەمەوێت شەربەتێك بدەیت بە مێردەکەم بۆ ئەوەی وەکو پێشوو، باش و خۆشەویست بێت."

رامیب چەند خولەکێك تێڕاما و پاشان وتی: "دەتوانم شەربەتەکەت بۆ دروست بکەم، بەڵام گرنگترین شتی پێویست بۆ ئەوە سمێڵی پڵنگی زیندووە. ئەوەم بۆ بهێنە تاکو ئەوەی دەتەوێت بۆت دروست بکەم."

یون ئوك چووە ماڵەوە. ئەو لەبارەی چۆنیەتی بەدەست هێنانی سمێڵی پڵنگ زۆر بیری کردەوە. پاشان لە یەکێك لە شەوەکاندا، کاتێك مێردەکەی لەخەودا بوو، بە قاپێك برنج و ساسی گۆشت لەماڵ دەرکەوت. ئەو چووە شوێنێك لەناو کوێستان کە دیار بوو لەوێ پڵنگ دەژی. لە شوێنێکی زۆر دوور لەئەشکەوت، شوێنی مانەوەی پڵنگ وەستا و قاپە خواردنەکەی راگرت و بانگی لە پڵنگەکە کرد تاکو بێت و بیخوات. پڵنگ نەهات.

یون ئوك شەوی دواتر دووبارە رۆیشت. ئەم جارە کەمێك لە ئەشکەوتەکە نزیکتر بۆوە و دووبارە قاپێك خواردنی بۆ راگرت. ئەو هەموو شەوێك کە دەچووە کوێستان، هەر جارەو لەشەوی پێشوو زیاتر نزیکی ئەشکەوتەکە دەبۆوە. وردە وردە پڵنگەکە لەگەڵ بوونی ئەو لەوێدا راهات.

یون ئوك شەوێکیان لەبەردەم ئەشکەوتەکە وەستا. ئەم جارە پڵنگەکە چەند هەنگاو بەرەوڕووی هات و وەستا. هەردووکیان لە رووناکی مانگەشەودا وەستابوون و سەیری یەکتریان دەکرد. شەوی دواتر ئەم کارە دیسان دووبارە بوویەوە و ئەم جارە ئەوەندە لێك نزیك بوون کە یون ئوك توانی بەدەنگێکی نەرمونیان لەگەڵ پڵنگەکەدا بدوێت. شەوی دواتر، پڵنگەکە پاش وردبوونەوە لەچاوەکانی یون ئوك، خواردنەکەی دەستی خوارد. لەوە بەدوا، کاتێك شەوانە یون ئوك دەهات، پڵنگەکەی دەبینی کە لەو کوێرەڕێیە چاوەڕێیەتی. کاتێك پڵنگ خواردنەکەی خواردبوو، یون ئوك توانی بە هێمنی دەست بەسەریدا بێنێت.

لەشەوی یەکەمیەوە نزیکەی ٦ مانگ تێدەپەڕی کە سەرەنجام شەوێک یون ئوک دوای نەوازشی سەری ئەو ئاژەڵە پێی وت: "پڵنگی ئازیز، ئاژەڵی بەخشندە، من پێویستیم بە موویەکی سمێڵی تۆیە. لێم توڕە مەبە."

یەکێک لەمووەکانی سمێڵی دەرکێشا.

بەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێک خۆر لەوپەڕی دەریاکانەوە بەرەو ئاسمان دەرکەوت، یون ئوک لەخانووە کوێستانییەکەی پیاوی ڕاهیب بوو. ئەو هاواری کرد: "گەورەم ! من ئەو شتەم بەدەست هێنا، من مووی سمێڵی پڵنگم دەرکێشا، ئێستا دەتوانن ئەو شەربەتەم بۆ دروست بکەن کە بەڵێنتان دابوو، بەم جۆرە مێردەکەم دووبارە چاک دەبێتەوە و خۆشەویست دەبێت."

ڕاهیب ئەو تاڵە مووەی گرت و تاقی کردەوە و باوەڕی کرد کە بەڕاستی مووی سمێڵی پڵنگە. خۆی خوار کردەوە و خستیە ناو ئاگر.

خانمی گەنج بە نیگەرانییەوە هاواری کرد: "ئای، جەناب چیت لێ کرد !"

**ڕاهیبەکە وتی: "پێم بڵێ ئەو مووەت چۆن بەدەست هێنا ؟"**

"بە قاپێک خواردن، من هەموو شەوێک چووم بۆ کوێستانەکە. شەوانی یەکەم لە مەودایەکی دوور وەستام و شەو لەدوای شەو کەمێک نزیکتر بوومەوە. کاتێک متمانەی پڵنگەکەم بەدەست هێنا، بە هێمنی لەگەڵیدا دوام و تێمگەیاند کە تەنها چاکەی ئەوم دەوێت. زۆر لەسەرخۆ بووم.

هەموو شەوێک خواردنم بۆ دەبرد، دەمزانی کە ئەو نایخوات، بەڵام درێژەم بە کارەکەم دا. هەرگیز بە توندی قسەم لەگەڵدا نەکرد، هەرگیز لۆمەم نەکرد. لە ئەنجامدا شەوێکیان چەند هەنگاو بەرەوڕووم هات. پاش دڵنیا کردنەوەی موویەکی سمێڵیم دەرکێشا."

راهیب وتی: "ڕێگەم بدە با لێت بپرسم کە ئایا پیاوێك لە پڵنگێك دڕندەترە ؟ ئایا ئەو لەبەرامبەر هەست و سۆز و تێگەیشتن، کەمتر کاردانەوە پیشان دەدات ؟ ئەگەر تۆ دەتوانی متمانە و خۆشەویستی ئاژەڵێکی دڕندە و خوێن مژ بەدەست بێنیت، بێ شەك دەتوانی هەمان کار لەگەڵ مێردەکەشتدا بکەیت."

یون ئوك لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە بێ ئەوەی وشەیەك بێنێتە سەر زمان، ساتێك وەستا. پاشان بەکوێرەڕێیەکەدا چووە خوارەوە، ئێستا لەمێشکیدا بەو ڕاستییەدا دەچۆوە، کە لەماڵە کوێستانییەکەی ئەو راهیبەدا پەی پێ بردبوو.

*"چیرۆکێکی نەتەوەیی کۆریا"*

هاوسەرگیری زانکۆیەکە کە ڕێکوپێکی،
ڕازی بوون، خۆڕاگری، خاوەنداریێتی لە
خۆ و زۆر تایبەتمەندی باشی تر فێری
مرۆڤ دەکات.

## "دەرگای بەهەشت"

عاشق بوون چی دەگەیەنێت ؟ عاشق بوون زیاترە لە هاوسەرگیری بە تەنیا یان دڵداری کردن لەگەڵ کەسێك. بەملیۆن کەس هاوسەرگیرییان کردووە. بەملیۆن کەس پەیوەندی سێکسییان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان عاشقی ڕاستەقینەن. بۆ عاشق بوونی ڕاستەقینە دەبێ دەست بەکار بن و لە گەشتێکی بێ کۆتایی گەرموگوڕیدا بەشداری بکەن لەگەڵ هاوسەرەکەتان.

ئێوە کاتێك عاشقن کە هاوسەرەکەتان دەرك بکەن و هەموو ڕۆژێك بەهای بزانن.

ئێوە کتێك عاشقن کە لەبیرتان بێت هاوسەرەکەتان هی ئێوە نییە، گەردوون ئەوی بە ئەمانەت لای ئێوە داناوە.

ئێوە کاتێك عاشقن کە لەوە تێبگەین ئەو شتانەی لەنێوان ئێوەدا ڕوو دەدات هیچیان بچوك و کەم بەها نییە. هەر شتێك کە لەپەیوەندییەکانتاندا دەیڵێن دەتوانێت بۆ لایەنی بەرامبەرتان چێژ یان خەفەت دروست بکات و، هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەن پەیوەندی ئێوە پتەو یان سست دەکات.

ئێوە کاتێك عاشقن کە بەهەموو ئەمانە بزانن، لەمڕووەوە بەیانی هەموو ڕۆژێك بەم هەستی پێزانینی لەڕادەبەدەرە هەستن کە ڕۆژێکی ترتان لەپێشە تاکو تیایدا خۆشەویستی بۆ هاوسەرەکەتان دەربڕن و چێژ وەربگرن.

کاتێك لەژیانتاندا کەسێکتان هەیە کە ئێوەی خۆش دەوێت، زۆر بەختەوەرن. لەژیانی ئێوەدا کەسێکی تر هەیە کە ڕێ ڕۆیشتنی شانبەشانی ئێوەی هەڵبژاردووە.

ئەو لەگەڵ ڕۆژەکانی ئێوە، شەوەکانتان، جێ خەوتان و ناخۆشییەکانی ژیانتان هاوبەشك دەبێت. عاشقی ئێوە، وردەکاری نهێنییەکانی ئێوە دەبینێت، کە کەسی تر نایبینێت. عاشقی ئێوە لەو شوێنەی کە خۆتان حەشار داوە پەیداتان دەکات و لەناو باوەشێکی پارێزراو و خۆشەویست سەرپەنایەکتان بۆ دروست دەکات.

عاشقی ئێوە هەموو ڕۆژ موعجیزەتان پێشکەش دەکات. ئەو هێزی ئەوەی هەیە کە بە خەندەی سەر لێوی، دەنگی، بۆنەکەی و شێوازی جوڵە و ڕێ ڕۆیشتنی ئێوە دڵخۆش بکات. ئەو هێزی پڕکردنەوەی ساتەکانی تەنیایی ئێوەی هەیە. ئەو لەتوانایدا هەیە شتێکی ئاسایی بکات بە شتێکی زۆر باش. **ئەو دەرگای چوونە بەهەشتی ئێوەیە لەسەر زەوی.**

***"بارپارا دو ئەنجلیس"***

لەپاڵ یەکدا بوەستن بەڵام نەك زۆر نزیکتر
لەوەی کە ستوونەکانی پەرستگە بە جیا
لەیەك باری قورسایی باشتر رادەگرن و
بەڕو و سنەوبەر بەهۆی سێبەری یەکتر
گەشە نەکەن.

*"جبران خلیل جبران"*

## "وەرە با جیاواز بین"

هاوڕێ !

لەم ڕێگە درێژەدا — کە ئێمە بێ ئاگاین و وەك با دێت و دڕوات — با وردە ناکۆکییەکانمان لەگەڵ یەك، وەك خۆی بمێنێتەوە. تکا دەکەم !

داوا مەکە ببین بە یەك، یەکبوونی رەها.

داوا مەکە ئەوەی تۆ پێت خۆش بوو، منیش بەهەمان مەیل و تامەزرۆیی پێم خۆش بێت و ئەوەی من حەزم لێی بێت، بەهەمان چەشن بابەتی حەزی تۆ بێت.

داوا مەکە هەردووکمان یەك ئاوازمان لا پەسند بێت، یەك ساز، یەك کتێب، یەك مامۆستا، یەك ڕەنگ و یەك شێوەی دیتن.

داوا مەکە کە هەڵبژاردنەکانمان یەك بێت، خەونەکانمان یەك بێت.

هاوڕێ بوون و هاومەبەست بوون، هەرگیز بەواتای لێکچوون و بوون بە هاوشێوە نییە. لەیەك چوون پێچەوانەی پێگەیشتنە.

لەوانەیە "ناکۆکی" وشەیەکی باش نەبێت. لەوانەیە "جیاوازی"، باشتر بێت لە "ناکۆکی".

نازانم، بەڵام بەهەرحاڵ یەك وشە کێشەی ئێمە چارەسەر ناکات.

کەوابوو با بەم شێوەیە بیڵێم:

ئازیزەکەم !

**جیاوازی راوبۆچوونەکانمان ژیان دروست دەکات و بەرەو پێشی دەبات، نەك لێکچوونەکانمان، نەك لەناوچوون و توانەوەی یەکمان لەوی تردا، نەك خۆ بەدەستەوەدان، گوێڕایەڵ بوون، فەرمان کردن و بێ ئەملا و ئەولا قبوڵ کردنی...**

ئازیزەکەم !

ئەگەر گۆشەنیگای دیتنمان، سەبارەت بە شتێك یەك نەبێت با یەك نەبێت. با جیاوازیمان هەبێت. با وێڕای یەکگرتوویی، سەربەخۆ بین. داوا بکە وێڕای یەکبوون، یەك نەبین.

داوا بکە کە تەواوکەری یەکتر بین نەك لەناوبەری یەك.

تۆ نابێ سێبەری کاڵی من بیت

من نابێ سێبەری کاڵی تۆ بم...

ئازیزەکەم !

دوو نیوە، کاتێك بەڕاستی دەبن بە یەك و لە دوو "تەنیا" یەك "کۆی تەواو" دروست دەکەن کە بتوانن کەموکوڕییەکانی یەکتر قەرەبوو بکەنەوە، نەوەك ببن بە هاوشێوەی رەهای یەکتر، شتێك بۆ یەکتر زیاد نەکەن و بابەتی تایبەت و نوێ نەهێننە کایەوە...

کەوابوو، خاتوون!

وەرە با بڕیار بدەین كە هەرگیز وەكو یەك نەبین.

وەرە با بڕیار بدەین كە جوڵەمان، رەفتارمان، قسە كردن و مەیلەكانمان، بەتەواوی نەبن بە یەك...

دەرفەت بدەین كە وردە ناكۆكی و تەنانەت ناكۆكییە بنەڕەتییەكانمان، بمێنێتەوە و هەرگیز جیاوازی راوبۆچوون نەكەین بە هۆیەك بۆ هێرش بردنە سەر یەكتر...

ئازیزەكەم ! وەرە با جیاواز بین !

***"چل كورتەنامە بۆ هاوسەرەكەم، نادر ئیبراهیمی"***

ڕق تەرمێکــــە، کامـــەتان حـــەز
دەکات بۆی ببێت بە قەبرێك ؟

"جبران خلیل جبران"

## "گەڕانەوەی کارل"

"ئەدیت تایلۆر" دڵنیا بوو کە بەختەوەرترین ژنـی گەڕەکە. ئـەو و "کـارل" ٢٣ ساڵ دەبوو کە هاوسەری یەکتر بوون، بەڵام هێشتاش کاتێك مێردەکەی پێ دەنێتـە ژووروەوە، لێدانی دڵـی خێراتـر دەبـوو. "کـارل"یش هـەموو هێماکـانی پیـاوێکی عاشـق لەڕوخسـاریدا دەبینـرا. ئەگـەر پیشـەکەی، کـە عـەمبارداری دەوڵەت بـوو، بیخواسـتبا لەشـار دەرچێت، هـەموو شـەوێك نامـەی بـۆ ئـەدیت دەنووسی و بەهەر شارێکدا تێدەپەڕی، دیاری بۆ دەناردەوە. کارل لە شـوباتی ١٩٥٠ ڕەوانەی "ئۆکیناوا" کرا تاکو چەند مانگێك لەیەکێك لە تازەترین عەمبارە دەوڵەتییەکاندا کار بکات. ماوەی مانەوەی و مەودای ئەو شـارە زۆر دووروودرێـژ بوو. ئەم جارە دیاری نەهات. ئەدیت دەرکی بـەوە دەکـرد. کـارل خـەریکی کۆ کردنەوەی پارە بوو تاکو خانوویەك کە دەمێك بوو ئارەزوویان لێی بوو بکڕێت.

مانگەکانی تەنیایی بەسەر چوو. هەر جار کـە ئـەدیت چاوەڕێی هـاتنی ئـەو بوو، کارل نامەی دەنووسی کە دەبێ سێ هەفتەی تر بمێنێتەوە، یەك مانگی تر بمێنێتەوە... ئێستا ئیتر ساڵێك دەبوو کە ڕۆیشتبوو و نامەکانی کەمتر و کەمتر دەگەیشت. پاشان، دوای چەندین هەفتە بێدەنگی نامەیـەك گەیشـت: "ئـەدیتی خۆشەویست، بەو هیوایە بووم شێوازێکی گونجاوتر هەبوایە کە بە تۆ بڵێم ئێمـە ئیتر ژن و مێرد نین."

ئەو لەگەڵ "ئایکۆ"، خزمەتکاری ماڵەکەی، هاوسەرگیری کردبوو. ئایکۆ ١٩ ساڵان بوو. ئەدیت ٤٨ ساڵی تەمەن بوو. ئەدیت تایلۆر ڕقی لە کارل نەبوو. ئەو

هێندەی خۆش دەویست کە نەیدەتوانی دەست لەخۆشەویستییەکەی هەڵبگرێت.

ئەو نامەیەکی بۆ کارل نووسی و داوای لێکرد کە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت. ئەویش دواتر نامەیەکی نووسی و رایگەیاند کە ئەو و "ئایکۆ" چاوەڕێی هاتنە دنیای منداڵەکەیانن. "ماریا" لەساڵی ١٩٥١ و پاشان "هێلین" لەساڵی ١٩٥٣ هاتنە دنیاوە. ئەدیت هەندێك دیاری بۆ ئەو کچە بچوکانە نارد. ئەو هێشتاش نامەی بۆ کارل دەنووسی و کارلیش جوابی دەدایەوە.

دوایی نامە تۆقینەرەکەی گەیشت. کارل بەهۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی سییەکان لە سەرەمەرگدا بوو. ئەو بۆ خۆی ترسی نەبوو، بەڵکو ترس و دڵەڕاوکەی بۆ ئایکۆ و دوو کچەکەی بوو. کارل پارەی کۆ دەکردەوە تاکو هەر دووکیان بە مەبەستی خوێندن بنێرێت بۆ ئەمریکا، بەڵام خەرجییەکانی نەخۆشخانە هەموو شتێکی لێ زەوت دەکرد. چییان بەسەر دەهات ؟دوایی ئەدیت زانی کە دوا دیاری ئەو دەبێتە مایەی ئاسوودەیی کارل. نامەیەکی بۆ کارل نووسی و پێشنیاری کرد ئەگەر ئایکۆ بیەوێت، ئەو ماریا و هێلین قبوڵ دەکات.

ئەدیت دەیزانی کە لە تەمەنی ٥٤ساڵیدا ئەستەمە بکرێت دایکایەتی بۆ دوو منداڵی سێ ساڵان و ٥ ساڵان بکات. ماریا و هێلین زۆر خێرا فێری ئینگلیزی بوون. ترس لەچاویاندا نەما و دەموچاویان خڕ و جوان بوو. ئەدیت دوای ٦ ساڵ، یەکەم جار بوو کە بەپەلە لەشوێنی کارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، تەنانەت نان خواردنیشی بەلاوە دڵپەسند ببوو.

گەیشتنی نامەی ئایکۆ زۆر دڵتەزێن بوو. ئەو دەینووسی: "پووری، پێم بڵێ چی بکەم؟ ئایا ماریا و هێلین دەگرین." ئەدیت ئەو نامەیەی دەخوێندەوە کە

بەوشەی ناتەواوی ئینگلیزی نووسرابوو و لە تەنیاییەوە سەرچاوەی دەگرت. دەیزانی واتای تەنیایی چییە. ئەو دەیزانی کە دەبێ دایکی منداڵەکان بۆوێ بێنێت.

کاتێک فڕۆکەکە لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نیۆیۆرک نیشتەوە، ئەدیت بۆ چەند ساتێک تووشی ترس بوو. ئەگەر ڕقی لەو ژنە بێتەوە کە کارلی لێ سەندووە، چی دەبێت؟ دواکەس کە لەفڕۆکەکە دابەزی کچێکی هێندە لاواز و وردیلە بوو کە ئەدیت سەرەتا وایزانی منداڵە. ئەو لەوێدا وەستابوو و نەیدەوێرا بێتە پێشەوە. ئەدیت زانی کە ترساوە. چی وای نەمابوو لەترسا ببورێتەوە.

بانگی لە ئایکۆ کرد و کچەش لەپلیکانەکانەوە بەهەڵاتان هاتە خوار و خۆی خستە ناو باوەشی ئەدیت. کاتێک یەکتریان توند لەباوەش گرتبوو، ئەدیت فکرێکی سەیر بەمێشکیدا دات: "**من پاڕامەوە کارل بگەڕێتەوە، ئێستا گەڕاوەتەوە، لەشێوەی دوو کچە بچوکەکەی و لەشێوەی ئەم کچە ناسکە کە** خۆشی دەویست. خودایە تکایە یارمەتیم بدە تاکو منیش ئەوم خۆش بوێت."

***"باب کانسدین"***

# "خۆشەویستی دایك"

لەڕۆژێکی ئارام، ڕووناك، شیرین و سامالْ فریشتەیەك بەدزی لەبەهەشت چووە دەر و هاتە خوارەوە تاکو بەم دنیایە گەیشت. ئەو سەراسەری زەوی و زارەکان و دارستانەکان و شارەکان گەڕا. کاتێك خۆر ئاوا بوو باڵەکانی کردەوە و وتی: "ئێستا دیداری من گەیشتۆتە کۆتایی و دەبێ بگەڕێمەوە بۆ جیهانی ڕووناکی. بەڵام بەرلە ڕۆیشتن دەبێ هەندێك بیرەوەری لەگەڵ خۆمدا هەڵبگرم."

ئەو سەیری باخی گوڵێکی زۆر جوانی کرد و وتی: "ئەم گوڵانە چەندە جوان و بۆنخۆشن." دەگمەنترین سوورە گوڵەکانی لێکردەوە و چەپکە گوڵێکی دروست کرد و وتی: "من شتێکی جوانتر و بۆنخۆشتر لەمانەم نەبینیوە، ئەمانە لەگەڵ خۆمدا دەبەم."

بەڵام هەندێك سەیری ئەولاتری کرد و منداڵێکی چاوگەشی بینی کە گۆناکانی وەکو گوڵ بوون و بە دەم دایکیەوە پێدەکەنی. ئەو وتی: "ئای، خەندەی ئەم منداڵە لەم چەپکە گوڵە جوانترە. من ئەوەش لەگەڵ خۆمدا دەبەم."


پاشان سەیری ئەوبەری بێشکەکەی کرد و بینی خۆشەویستی و سۆزی دایك هەروەك شەپۆلەکانی ڕووبار بەرەو بێشکە و منداڵەکە لەجولەدایە. ئەو وتی: "ئای، سۆزی ئەم دایکە جوانترین شتە کە لەسەر زەوی بینیومە. ئەویش لەگەڵ خومدا دەبەم."

بەو سێ گەوهەرە باڵی گرت و بەرەو دەرگا مرواریيەکان ڕۆیشت.

لەپشت دەرگاکە بەخۆی وت: "بەرلە چوونە ناوەوە سەیرێکی یادگارەکانم دەکەم." سەیری گوڵەکانی کرد، بینی ژاکاون. سەیری خەندەی منداڵەکەی کرد، بینی دیار نەماوە. چاوی بڕییە سۆزی دایك، بینی بە هەموو جوانییەکیەوە لەجێی خۆیەتی.

گوڵە ژاکاوەکان و خەندە نادیارەکەی فڕێ دا و باڵەکانی کردەوە و لە دەرگاکە چووە ژوور و هەموو بەهەشتییەکانی بانگ کرد و وتی: "ئەمە تەنها شتێکە کە لەسەر زەوی پەیدام کردووە، کە جوانی خۆی تاکو بەهەشت ڕاگرتووە.

**ئەمە خۆشەویستی دایکە."**



# "هەرگیز ڕێگە نادەم نامەیەك نەنێردرێت"

کاتێك کە "ئەندی بێرمنەر"ی ٨ ساڵان بۆ چارەسەر کردنی شێرپەنجەکەی چووە نەخۆشخانە، لەلایەن هاوڕێیانی قوتابخانەیەوە نامەی هاوخەمی زۆری پێ گەیشت. ئەو هەمووی لەسەر دیوار و دەفتەرەکەی دانا و چەندین جار خوێندنیەوە. بەڵام کاتێك ئەندی نەخۆشخانەی شیکاگۆی جێهێشت، گەیشتنی نامەکان وەستا.

"لیندا"ی دایکی، هەموو ڕۆژ دەیبینی کە کوڕە بچوکەکەی بەرەو سندوقی پۆستە دەچێت تاکو ئەگەر نامەیەك بەناوی ئەو هاتبێت، بیکاتەوە، بەڵام بەدەستی بەتاڵ و نیگەران دەگەڕایەوە.

لیندا ڕێگەچاریەکی بەمێشکدا هات. ئەو دەستی کرد بەنامە نووسین بۆ کوڕەکەی و بە ئیمزای "هاوڕێی نهێنی و دێرینی تۆ.." کۆتایی پێ دەهێنان. گەیشتنی ئەو نامانە بۆ ئەندی، دەیهێنایە جۆش و دڵخۆشی دەکرد.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێك، کاتێك ئەندی لەپشت مێزی نان خواردن، شوێنێك کە ئەندی حەزی دەکرد بۆ دایکی وێنە بکێشێت، دانیشت. هەستی بەوە کرد کە دایکی سەیری دەکات و چاوەڕێیە، ئەو بەهێمنی وتی: "نا دایکە، ئەمە جیاوازە. ئەمەیان بۆ ئێوە نییە." ئەو کاغەزەکەی لوولە کرد و لەسەر مێزەکە داینا و وتی: "ئەمە بۆ هاوڕێی نهێنی و دێرینمە."

نامە نووسین لەنێوان ئەندی و هاوڕێ نهێنی و دێرینەکە تا ئەو کاتەی ماڵئاوایی لەژیان کرد (١٩٨٤) بەردەوام بوو. ئەندی و دایکی هەرگیز باسی یارییەکەیان نەکرد. لیندا کاتێك خەریکی ڕێکخستنی مێزی کوڕەکەی لەپاش

مەرگی بوو، دەفتەرێكی ناونیشانی دۆزییەوە، كە ناوی هاورێكانی ئەندی لە كەمپێكی هاوینەی تێدا بوو بۆ منداڵانی تووشبوو بە شێرپەنجە. لەو كاتەدا بیری لەشتێك كردەوە، ئەو بۆ هەر منداڵەو یاداشتێكی نارد و زۆری نەخایاند كە وردە وردە جوابی بۆ دەهاتەوە. نەوجەوانێك نووسی: "سوپاست دەكەم، نەمدەزانی كەس بزانێت كە من هێشتا زیندووم."

بۆ ماوەی ١٠ ساڵی تر لیندا نامەی بۆ ئەو منداڵانە دەنووسی كە تووشی شێرپەنجە هاتبوون. لەهەمان كاتدا رێكخراوێكی تایبەتی دامەزراند بەناوی "رێكخراوی نامە پرسۆزەكان"، هەڵبەتە بە بودجەیەكی كەم كە یارمەتی خەڵك بوو. ئەم گروپە زیاتر لە ٧٠٠٠ كارت و پۆستەر لە مانگێكدا بۆ منداڵان دەنێرێت و، لەگەڵ ئەوەشدا ١١٠٠ یاری كریسمەس و قوتوی شیرینی دەنێرێت و هەموو ساڵێكیش ئەو ژمارانە زیاتر دەبێت.

لیندا بە پێداگرتن دەڵێت: "ئێمە دەبێ درێژە بە ناردنی دیارییە پۆستیەكان بدەین، منداڵان پێویستیان بەوەیە كە بزانن فەرامۆش نەكراون و، ئێمە دەبێ هەموو خۆشەویستی و سۆزی خۆمانیان بۆ دەربڕین." پاشان بەچاوە پڕ فرمێسكەكانیەوە دەڵێت: "من هەرگیز رێگە نادەم نامەیەك نەنێردرێت."

*"كوین لامسدۆن"*

کاتێك بچوك بوویت تۆم بە پێخەو
دادەپۆشی و لەبەرامبەر سەرمای
شەوانە دەمپاراستی. بەڵام ئێستا
کە پێگەیشتووی و دوورەدەستی،
دەستەکانم بەرز دەکەمەوە و بە
نزا داتدەپۆشم.

*"دانا کوپەر"*

## نزایەك بۆ منداڵەکەم

خودایە !

منداڵێکی وەها بەهێزم پێ ببەخشە کە قۆناخی لاوازی خۆی بەبیر بێتەوە و وەها ئازا و بوێر بێت کە لەکاتی ترس بەرامبەر بەخۆی بوەستێت...

خودایە !

**منداڵێکی وەهام پێ ببەخشە کە مەیل و ئارەزووەکانی نەبێت بە جێگرەوەی کردەوەکانی...**

خودایە !

لێت دەپاڕێمەوە، بەرەو ڕێی خەباتکاری و بەرەنگاربوونەوەی سەختییەکانی ژیان ئاراستەی بکەیت، نەك بۆ ئاسودەیی و بێ خەمی، تاکو فێری پایەداری و خۆڕاگری بێت لەبەرامبەر باهۆز و هاودەردی کردن لەگەڵ کەسانی شکست خواردوو.

خودایە !

منداڵێکی وەهام پێ ببەخشە کە دڵی ساف بێت و ئامانجەکانی گەورە بێت.

وەها منداڵێك کە بەسەر خۆیدا زاڵ بێت بەرلەوەی بەدوای

زاڵبوون بەسەر کەسانی ترەوە بێت.

ئایندە بەدەست بێنێت بێ ئەوەی هەرگیز رابردوو فەرامۆش بکات.

خودایە !

تەنها پاش بەخشینی ئەو شتانە دەتوانم بە کەمێك ئازایەتی و بوێرییەوە

لای خۆم بڵێم کە "**ژیانم بێهودە نەبووە.**"

***"داگلاس مەك ئارتور"***

سامانی راستەقینەی نەتەوەیەك لە
كۆكردنەوەی زێڕ و زیودا نییە. بەڵكو
لەتوانای فێربوونی و دڵ و دەروون و
كردەوەی چاكی منداڵەكانیدایە.

"جبران خلیل جبران"

## "گەورەترین ئارەزوو"

پێش ئەوەی سوقرات دادگایی بکەن لێیان پرسی: "گەورەترین ئارەزووی دڵت چییە ؟" ئەو جوابی دایەوە: "گەورەترین ئارەزووی من ئەوەیە کە بەسەر بەرزترین شوێنی ئەسینادا سەرکەوم و بەدەنگی بەرز بە خەڵك بڵێم کە ئەی هاوڕێیان ! بۆچی باشترین و خۆشەویسترین ساڵەکانی تەمەنتان بە کۆکردنەوەی سامان و پەرستنی زێڕ بەفیڕۆ دەدەن ؟ لەکاتێکدا وەکو پێویست کات بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانتان تەرخان ناکەن، کە ناچارن ڕۆژێك سامانی خۆتان بۆ ئەوان جێ بهێڵن ؟!"

سەرمەشق و نموونە بوون یەکێك لەگرنگترین
هۆکارەکانی خستنە ژێر کاریگەری دەوروبەر
نییە، بەڵکو تەنها هۆکارە.

*"ئالبەرت شوایتزر"*

## "ئەوەی کە هەن وەکو ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن، گرنگە"

دوانیوەڕۆی شەممەیەکی ساماڵ لەشاری "ئیکلاهما" هاوڕێکەم "بابی لوئیس" دوو کوڕە بچوکەکەی دەبرد بۆ یاری گۆڵفی منداڵان. ئەو لە ژووری بلیت فرۆشتن نرخی چوونە ژووری پرسی.

بلیت فرۆش: "بۆ ئێوە و هەر منداڵێکی سەروو شەش ساڵ، سێ دۆلار. منداڵانی شەش ساڵ و خوارتر بەخۆڕاییە. ئەوانە تەمەنیان چەند ساڵە؟"باوکیان جوابی دایەوە: "دادوەر سێ و دکتۆر حەوت ساڵیەتی. وابزانم دەبێ شەش دۆلار بدەم."

کابرای بلیت فرۆش وتی: "هۆی کاکە، دیارە خەزێنەیەك، شتێکتان دۆزیوەتەوە ! ئێوە دەتانتوانی سێ دۆلار کەمتر بدەن و بە من بڵێن منداڵە گەورەکە شەش ساڵانە و منیش هەستم بەو جیاوازییە نەدەکرد."

**باوکی منداڵەکان جوابی دایەوە: "ئەرێ، لەوانەیە وا بێت، بەڵام منداڵەکانم هەست بەم جیاوازییە دەکەن."**

**لەساتە تایبەتییەکاندا کە ڕەوشت لەهەموو شتێکی تر گرنگترە، ئاگادار بن بۆ کەسێك کە لەگەڵیدا کار و ژیان دەکەن، نموونەیەکی باش بن.**

*"پاتریشا فریب"*

ئەگەر بەوردی سەیری بەری دەستت بکەیت

باوباپیرانی خۆتی تێدا دەبینی. نەوەك ئەوان زیندوو بن بەڵكو یەكەیەكەیان لە جەستەی تۆدا هەن، تۆ بەردەوامی هەریەك لەوانیت.

"تیم تات مان"

## "بۆ هەموو باوكانی منداڵە بچوكەكان"

لێرەدا چاوگەلێكی بچوك هەن
كە شەو و رۆژ
سەیری تۆ دەكەن.
گوێی بچوك كە
زۆر زوو
ئەوەی تۆ دەیڵێیت دەیبیسێت...
دەستە بچوكەكان كە بەجۆشەوە
ئەوەی تۆ دەیكەیت
ئەنجامی دەدات و
كوڕێكی بچكۆلانە كە لەخەیاڵیدا
چاوەڕێی رۆژێكە
كە بگاتە تەمەنی تۆ.
تۆ هەمیشە لەخەیاڵی ئەو دایت.
تۆ لای ئەو لەهەموو ژیرێك ژیرتری و
لەم فكرە بچوكەدا

هەرگیز گومان لەتۆ ناکات
بێگەردانە دڵی داوە بە تۆ و
ئەوەی تۆ بیڵێیت یان ئەنجامی بدەیت
لەفکری خۆیدا
بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و
کاتێك گەورە بوو
دەڵێت و ئەنجام دەدات.
هەروەکو تۆ
هاوڕێیەکی بچوك هەیە
کە چاوەکانی قوڵن و
وا بیر دەکاتەوە
ئەوەی تۆ دەیڵێیت راستە.
چاوەکانی هەمیشە کراوەیە و
شەو و ڕۆژ
سەیری تۆ دەکات و
ئەوەی تۆ ئەنجامی دەدەیت
نموونەیەکە بۆ ئەو
بۆ کوڕێکی بچکۆلانە کە
چاوەڕێی گەورە بوونە
بۆ ئەوەی وەکو تۆ بێت.

تاکەکان دەتوانن لەڕێی بوون بە نموونە

لەبازنەی بچوکی دەستڕۆیشتووییان لە

سەر جیهان کاریگەر بن. وەکو کاتێك

کە بەردێك دەخەینە ناو حەوزێك چەند

بازنەیەك دروست دەکات کە بەرەبەرە

فراوانتر دەبێت، ڕەفتاری ئێمە لەسەر

هەموو ڕەگەزی مرۆڤ کاریگەر دەبێت.

***"ستیفان کاوی"***

## "ئەو شەوەی نەچووین بۆ سێرك"

لەبیرمە کاتێك کە نەوجەوان بووم، شەوێك لەگەڵ باوکم لەنۆرەی کڕینی بلیتی سێرك وەستابووین. لەپێش ئێمە، خانەوادەیەك وەستابوون کە ژمارەیان زۆر بوو و وا پێدەچوو کە پارەیان زۆر پێ نەبێت. شەش منداڵ کە هەموویان لەژێر دوانزدە ساڵ بوون، جلی کۆنە بەڵام لەهەمانکاتدا پاکوخاوێنیان پۆشیبوو.

منداڵەکان هەموویان ڕێکوپێك بوون. دووا دووان لەپشت دایك و باوکیان، دەستی یەکتریان گرتبوو و بەجۆشەوە لەبارەی بەرنامە و تەڕدەستییەکانی سێرك قسەیان دەکرد. دایکیان قۆڵی کردبووە قۆڵی مێردەکەی و بە عەشقەوە زەردەخەنەی پێشکەش دەکرد. کاتێك گەیشتنە کابینی بلیت فرۆشتنەکە، کابرا لەباوکیانی پرسی: "چەند دانە بلیتتان دەوێت ؟"

باوکیان جوابی دایەوە: "تکایە شەش بلیت بۆ منداڵەکان و دوو بلیت بۆ گەورەکان".

کابرای بلیت فرۆش نرخەکەی پیێ وت: باوکیان سەری لیێ بردە پیێش و بەئارامی پرسی: "ببوورن، وتتان چەند ؟" ئەویش دووبارە نرخی بلیتەکانی پیێ وت. دایك و باوکی منداڵەکان بەدلگرانییەوە چرپەیان کرد. دیار بوو کە کابرا ئەو برە پارەیەی پیێ نەبوو و ئیێستا بیری لەوە دەکردەوە کە چی بە منداڵە بچوکەکانی بڵیێت ؟

لەپڕ باوکم دەستی خستە ناو گیرفانی و دراویێکی ٢٠ دۆلاری دەرهیێنا و خستیە سەر زەوی. دوایی خۆی خوار کردەوە، پارەکەی لەسەر زەوی هەلگرتەوە، دای لەشانی کابرا و وتی: "ببوورە بەڕیێز، ئەم پارەیە لەگیرفانی ئیێوە داکەوت ! کابرا کە بە مەسەلەکەی زانی، لەگەڵ شۆڕ بوونەوەی فرمیێسك بەچاوەکانیدا، وتی: "سوپاس، سوپاس بەڕیێز"

باوکی ئەو خانەوادەیە پیاویێکی ریێکوپیێك بوو، بەڵام لەو کاتەدا بۆ ئەوەی لای منداڵەکان شەرمەزار نەبیێت، یارمەتی باوکمی قبوڵ کرد.

دوای ئەوەی کە منداڵەکان چوونە ناو سیێرکەکە، من و باوکم لەنۆرە دەرچووین و بەرەو ماڵ بەڕیێ کەوتین. ئیێمە ئەو شەوە نەچووین بۆ سیێرك.

***"ئانتوان پەرلین"***

منداڵان ئەو دەستانەن کە دەبنە پردی
پەیوەندی نێوان ئێمە و بەهەشت.
"هەنری واردبیچەر"

## "دەستەکانی"

کاتێک منداڵێک دەستی بچوکی خۆی دەخاتە ناو دەستی ئێوە، لەوانەیە دەستی چەور بێت یان شیلەی پێوە بێت. ئەمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئەم دەستە بچوکە کە لەناو دەستی ئێوەدایە، دەستێکە کە پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە.

لەوانەیە ئەم دەستە رۆژێک کتێبی ئاسمانی یان دەمانچەیەک بەدەستەوە بگرێت، ئۆرگی کەنیسە بژەنێت یان مێزی قومار رێک بخات، بە نەرمی و دڵسۆزییەوە برینێک سارێژ بکات یان بەترس و دەستی لەرزۆکەوە شرینگەی مادە سڕکەرەکان بەدەستەوە بگرێت.

ئەم دەستە ئێستاکە لەدەستی ئێوە دایە. ئەم دەستە نیشاندەری کەسایەتی ئەوە لە ئەندازەیەکی زۆر بچوکتردا. کەسایەتییەک کە وەکو تاکێکی تایبەتمەند شایەنی رێزگرتنە و گەشە و پێگەیشتنی ئەو تاکو قۆناخی گەورەبوون ئەرکی سەرشانی ئێوەیە.

"خۆشم دەوێیت"، ڕازاوەترین
شیعری ئەم جیهانەیە.
"فەرەیدون مەشیری"

## "میرات"

"ئاڵ" هونەرمەندێکی لاو و بەگوێرەی تەمەنی سۆفالچییەکی لێهاتوو بوو. ئەو ژنێك و دوو کوڕی جوانی هەبوو. شەوێك کوڕە گەورەکەی سك ئێشەیەکی توندی گرت. وایاندەزانی کە سك ئێشەیەکی ئاساییە. نە "ئاڵ" و نە هاوسەرەکەی بابەتەکەیان بەهەند وەرنەگرت، بەڵام نەخۆشی کوڕەکەیان لەڕاستیدا ئاپاندیس بوو کە بووبە هۆی مەرگی ناوادەی ئەو.

زانین بەوەی کە ئەگەر ئەو هەستی بەخراپی رەوشی کوڕەکەی بکردایە، ئەگەری پێشگیری لە مەرگ دبوو، بووبە هۆی ئەوەی "ئاڵ" هەست بەتاوان بکات و باری دەروونی بشێوێت. پاش ماوەیەك، هاوسەرەکەیشی ئەو و کوڕە شەش ساڵانەکەیانی جێهێشت و ئەمە بارودۆخەکەی ئەوەندەی تر ئاڵۆز کرد. ئەم دوو ڕووداوە بەڕادەیەك بووبە هۆی پەرێشانی و ئازار کە "ئاڵ" نەیتوانی بەرگە بگرێت، هەر بۆیە دەستی کرد بە مەی خواردنەوە.

لەگەڵ زیاتر تووشبوونی ئاڵ بە مەی، وردە وردە ئەوەی هەیبوو، لەماڵەوە بگرە تاکو زەوی و ئامێری کار و.. هەمووی لەدەست دا و، ئەو لەناکامدا لە ژووری هۆتێلێك لە سانفرانسیسکۆ گیانی سپارد.

کاتێك هەواڵی مەرگی ئەوم پێگەیشت، کاردانەوەم سووکایەتی پێکردن بوو. بیرکردنەوەم ئەوە بوو: "لەو مرۆڤە بەدبەختە! لەو ژیانە بێ کەڵکە!"

پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەك بەسەر مەرگی ئاڵ، جارێکی تر بە بۆچوونەکەی خۆمدا چوومەوە. من "ئەرنی" کوڕەکەی ئالّم دەناسی، کە ئێستا گەورە ببوو. ئەو یەکێك بوو لە خۆشەویستترین و ژیرترینی ئەو کەسانەی کە دەمناسین. من سەیری ئەرنی و منداڵەکانیم کرد و هەستم بە بوونی عەشق کرد لەنێوانیاندا. دەمزانی کە سەرنج و سۆزداری دەبێ لەشوێنێکەوە سەرچاوە بگرێت.

ڕۆژێك ئەو ئازایەتیەم بەخۆمدا و وتم: "شتێك بەڕاستی بۆتە مایەی سەرسامیم. دەزانم کە باوکت تەنیا کەسێك بوو تۆی پێگەیاند. ئەو چی کرد کە تۆ ببی بە کەسێکی وەها تایبەتمەند ؟"

ئەرنی کەمێك بیری کردەوە و پاشان وتی: "ئەوەی لەقۆناخی منداڵییەوە تاکو تەمەنی ١٨ ساڵی و جێهێشتنی ماڵ لەیادم بێت، ئەوەیە کە باوکم هەموو شەوێك دەهات بۆ ژوورەکەم، منی ماچ دەکرد و دەیووت: "کوڕم، خۆشم دەوێیت."

لەو کاتەدا زانیم چ گەمژەیەك بووم کە ئالّم بە پیاوێکی بێ توانا دەژمارد، فرمێسك لەچاوەکانمدا کۆ بۆوە. ئەو هیچ داهاتێکی لەدوای خۆی جێ نەهێشت، بەڵام باوکێکی بەهەست و سۆز بوو و، **یەکێك لە خۆشەویستترین و بەخۆبوردەترین مرۆڤەکانی دوای خۆی جێهێشت.**

*"بابی گی"*

سەرچاوەی عەشقی ئێمە بۆ منداڵەکانمان گەورەترین ئارەزووی رۆحە بۆ نەمری.

*"ئەفلاتون"*

## "ئامۆژگارییەکانی باوکێك"

رۆڵەکەم !قوڵترین باوەڕت هەبێت بەخۆت کە بەم شێوەیە قوڵترین باوەڕت بە چەشنی مرۆڤ دەبێت. باوەڕت بە بۆچوونەکانی خۆت بێت، گەرچی هەمووان بە تۆ بڵێن بەهەڵە بیر دەکەیتەوە، لەبەر ئەوەی هەمان باوەڕ بەهێز و خۆڕاگرت دەکات.

خۆت لە ئیرەیی بەدوور بگرە و راستگۆیانە قبوڵی شکست بکە و بەلاتەوە پیرۆزتر بێت لە سەرکەوتنی بەفرۆفێڵ. لەخۆبوردە و جوامێر بە و لەگەڵ خەڵکیدا بەسۆز و دڵنزمییەوە رەفتار بکە.

گرنگی بە قسەی ئەو مرۆڤانە مەدە کە بەردەوام بەدوای کەموکوڕی خەڵکەوەن و رەشبینن، بۆ پێشکەوتن و بەرز کردنەوەی ئاستی مادی و مەعنەوی هاوچەشنەکانی خۆت هێزی باسك و ئەندێشە بەکار بێنە. گوێ مەدە بە زیرەزیڕی زۆرداران.

بەبیرکردنەوە ئاڵۆزییەکان تێپەڕێنە، ژیانت خۆش بوێت، عاشقانە و بە هەستەوە ژیان بەسەر بەرە، بەڵام خۆت لە وابەستەبوونی قوڵ بەدنیا بپارێزە، کە لەڕاستییەکانی ژیان دوورت دەخاتەوە.

هەموو کات و ساتێك ئامادە بە بۆ ئەوەی هەرکات خوداوەند بەپێویستی زانی دڵۆپێك لە بەخشندەیی بێ کۆتایی خۆی کە بەتۆی بەخشیوە، لێت بستێنێتەوە، تۆش بە بەخشندەیی و رووی کراوە پێشکەشی بکەیت، لەبەر

ئەوەی خوداوەند هەر شتێکمان پێ ببەخشێت، کاتێک لێمان بستێنێتەوە بێ شەک چاکەی ئێمەی تێدایە.

ڕۆڵەکەم ! لەوانەیە کاتێك ئەم نامەیە بخوێنیتەوە، ئیتر من لەم دنیایەدا نەبم، هەوڵ بدە بۆ خزمەت کردنی خەڵك لەپێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشدا بیت و رەخسێنەری بواری گەشە و پێگەیشتنی مرۆڤەکان بیت.لەناو دڵی ئەستێرەکاندا بە و درەوشاوە بە، بەڵام هاندان، ستایش، دیاری و بەڵێنەکان سەرخۆش و دەسخەڕۆت نەکەن. دڵی هەژاران بەدەست بێنە و بەشاراوەیی یارمەتیان بدە و بۆ ئەوەی لەژیانتدا بەختەوەر بیت ئەم چوار ئامۆژگارییە هەمیشە بکە بە ئاوێزەی گوێت و کاریان پێبکە:

**یەکەم:** هەمیشە خودات لەیاد بێت و، دووەم: مەرگت لەیاد بێت کە ئەگەر ئێمە لەیادی خودا و مەرگدا بین هەڵەکانمان کەم دەبنەوە و گەشبینییەکانمان زیاد دەکات، سێهەم: **چاکەت لەگەڵ هەر کەسێکدا کرد فەرامۆشی بکە .**

**چوارەم: خراپەت لەهەر کەسێك بینی فەرامۆشی بکە**، لەبەر ئەوەی کاتێك کردەوەی باش بەبیر خۆمان دێنینەوە بەدوای ئەوەداین کە جوابی چاکەکەمان وەربگرینەوە و، یان چۆن بەرەنگاری کردەوەی خراپ بینەوە، کە ئەم رەوشە هەرگیز دڵخۆشکەر نییە.

**ڕۆڵەکەم !** خۆت لە خەڵك بەجیا مەزانە و ئەگەر رۆژێك بەپێگەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی گەیشتیت بەناو شارەکاندا بگەڕێ و سەردانی خەڵك بکە، بێوەژنان، هەتیوان و ئەو کەسانەی باری ژیانیان زۆر قورسە، یارمەتیان بدە و خۆت بە یەکێك لەوان بزانە، ئەرێ رۆڵە گیان تۆ یەکێکیت لەوان، نەك زیاتر...

کە لە سەرەمەرگدا بێت و بڵێت خۆزگە
کاتێکی زیاترم لەشوێنی کارەکەم بە
سەر دەبرد. باشترین شت کە دەتوانن
بیدەن بە منداڵەکانتان، کاتە.

## "ڕاوی مێرووەکان"

لە دوانیوەڕۆیەکی پاییزدا لەو زانکۆیەوە کە تیایدا وانەم دەووتەوە، بەپەلە گەڕامەوە بۆ ماڵ. بەپەلە چێشتم لێنا. هەڕەشەم لە کچە ٩ ساڵانەکەم "تێری" کرد کە زوو مەشقەکانی تەواو بکات ئەگینا...، دوایی لەگەڵ مێردەکەم کردم بە هەرا کە بۆچی پێڵاوە قوڕاوییەکانی لەسەر فەرش داناوە.

بەپەلە ماڵەکەم گسک دا، چونکە بڕیار بوو ژمارەیەک خانمی بەڕێز بێن و هەندێک جلی بەکار هاتوو بۆ کارێکی خێرخوازی وەربگرن و پاش ئەوە، بڕیار بوو یەکێك لە قوتابییە دەرچووەکان بێت و لەسەر بابەتێکی گرنگ کار بکەین.

کەمێك وەستام تاکو هەناسەم بێتەوە جێ، بیستم "تێری" بە تەلەفۆن لەگەڵ هاوڕێکەی قسە دەکات: دایکم وا ماڵ پاك دەکاتەوە، هەندێك خانم کە ئێمە تەنانەت نەماندەناسین دێن بۆ ئەوەی جلە کۆنەکانمان ببەن... و یەکێك لە قوتابییەکانی دایکیشم دێت، تەنها دەزانم دایکیشم هیچ کارێکی گرنگ ناکات... و نایەوێت لەگەڵ مندا بێت بۆ ڕاوی مێرووەکان."

بەرلەوەی "تێری" تەلەفۆنەکە دابخات، پانتۆڵە وەرزشییەکەم لەبەر کرد، پێڵاوە کۆنەکانی تێنسم لەپێ کرد و مێردەکەشم هان دا هەمان کار بکات. یاداشتێکم بەدەرگاوە هەڵواسی کە تیایدا بۆ قوتابییەکەم نووسیبوو زوو

دەگەڕێمەوە و جلە کۆنەکانیشم لەسەر هەیوان دانا و یاداشتێکم لەسەر دانا، کە باسی لەوە دەکرد: من و هاوسەرەکەم و تێری بۆ ڕاوی مێرووەکان چووینەتەوە دەرەوە.

*"بارپارا چسیر"*

# "کڕین"

لەبیریەتی کاتێك کە بچوك بوو، ڕۆژێك باوکی ماندوو و توڕە لەسەر کار دەگەڕێتەوە. ئەو لەبەر دەرگا چاوەڕێی باوکی بوو.

وتی: باوکە، پرسیارێك ؟

باوکی وتی: بیلێ کوڕم، چ پرسیارێك ؟

پرسی: ئێوە بۆ هەر کاتژمێرێك کار کردن چەندە وەردەگرن ؟

باوکی جوابی دایەوە: بۆچی ئەم پرسیارە دەکەیت ؟

– تەنها دەمەوێت بزانم، پێم بلێ بۆ هەر کاتژمێرێك چەندە وەردەگرن ؟

باوکی وتی: ئەگەر دەبێ بزانی باشە دەیلێیم، بۆ هەر کاتژمێرێك ٢٠ دۆلار.

کوڕە لەکاتێکدا سەری شۆڕ کردبۆوە ئاخێکی هەڵکێشا، دوایی سەیری باوکی کرد و وتی: تکایە دەکرێت ١٠ دۆلارم پێ بدەن ؟

باوکی توڕە بوو و وتی: "ئەگەر هۆکاری ئەم پرسیارەت تەنها ئەوە بوو کە بۆ کڕینی یارییەکی بێ نرخ پارەم لێوەربگریت، خێرا بڕۆ بۆ ژوورەکەت و بیر بکەرەوە کە بۆچی ئەوەندە خۆپەرستیت ؟ من زۆر هیلاکم و بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارە منداڵانەیەت کاتم نییە.

کوڕە لەسەرخۆ چووە ژوورەکەی و دەرگای داخست.

باوکی دانیشت و دیسانیش زیاتر توڕە بوو. لای خۆی وتی: چۆن ڕێگە بەخۆی دەدات تەنها بۆ وەرگرتنی پارە لەمن وەها پرسیارێك بکات ؟

دوای نزیك کاتژمێرێك هێورتر بۆوە و بیری کردەوە کە لەوانەیە لەگەڵ کوڕە بچوکەکەی ڕەفتارێکی زۆر توندوتیژی نواندبێت. لەوانەیە بەڕاستی شتێك بووبێت کە ئەو بۆ کڕینی پێویستی بە ١٠ دۆلار بووبێت. بەتایبەت ئەوەی کە

زۆر کـەم وا هـەبوو کوڕەکـەی داوای پـارەی لێبکـات. بـاوکی بـەرەو ژووری کوڕەکەی ڕۆیشت و دەرگـای کـردەوە و وتـی: لەگـەڵ تـۆدا بـەخراپی ڕەفتـارم کـرد. ئـەمڕۆ کارەکـەم زۆر قـورس بـوو و هـەموو تورەبـوونی خـۆم لەسـەر تـۆ هەڵڕشت. وەرە ها ئەم ١٠ دۆلارەی ویستبووت. بیگرە.

کوڕە پێکەنی و هـاواری کـرد: سـوپاس باوکـە. دوایـی دەسـتی خسـتە ژێـر سەرینەکەی و لەو ژێرە دوو دانـە ٥ دۆلاری گرمۆڵـەی دەرکێشـا. بـاوکی کاتێـك بینی کوڕەکە خۆی پارەی پێبووە، دووبـارە تـوڕە بـوو و وتـی: وێـڕای ئـەوەی خۆت پارەت پێ بوو بۆچی دووبارە داوای پارەت کرد ؟

کـوڕە وتـی: لەبـەر ئـەوەی پارەکـەم تـەواو نـەبوو، بـەڵام ئێسـتا ٢٠ دۆلارم هەیە. باوکە ئایا دەتوانم کاتژمێرێك لـەکاری ئێـوە بکڕمـەوە تـاکو سبەی یـەك کاتژمێر زووتر بێیتەماڵەوە و لەگەڵ ئێمەدا نان بخۆن ؟

**"بەڵێن، بەڵێنە"**

ئەم دواییانە بەهاوکاری هاوسەرەکەم "مارسیلین" کتێبێکم نووسیوە بەناوی "بەڵێن، بەڵێنە" و ئەوە چیرۆکی راستەقینەی دایکێکە کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ پەرستاری کچە نەخۆشەکەی دەکرد.

ئەو لەڕۆژدا ١٢ جار ژەمە خۆراکی پێدەدا و ٦ جار ئەنسۆلینی پێ دەدا و لەسەر تەختەکەی جێگۆڕکێی پێ دەکرد، بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی پارەی پەیدا دەکرد و شەوانە لای تەختەکەی ئەو دەخەوت. ٢٨ ساڵ پێش ئەوە "ئیدوارد" کە ئەو کات تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، کاتێک بەهۆی نەخۆشی شەکرەکەیەوە بەرەو بێهۆشی دەچوو بەپاڕانەوە لەدایکی پرسی: "دایکە من جێ ناهێڵیت، وانییە ؟"

دایکی ئەو "کایا" جوابی دایەوە: "ئازیزەکەم من هەرگیز تۆ جێ ناهێڵم، بەڵێنی من بەڵێنە"

دوای ٢٥ ساڵ ئیدوارد لەقۆناخی یەکەمی بێهۆشییەوە گەیشتە قۆناخی دووەم. لە قۆناخی یەکەمدا دەبوایە چاوەکانی هەڵنەهێنێت و، لەقۆناخی دووەمدا وا پێدەچوو کە دەنگەکان لێک جیا دەکاتەوە، پێدەکەنێت و کاتی بەشتێک کاریگەر دەبێت، دەگریت. بەڵام سەرسوڕهێنەرترین بەشی ئەم چیرۆکە ئەو کاریگەرییەیە کە ئەو لەسەر کەسوکاری جێی دەهێشت. هەندێک بانگەشە دەکەن باشبوونێکی موعجیزەئاسایان بەخۆوە بینیوە و هەستیان بەو هەموو خۆشەویستییە کردووە کە ئیدوارد بەو جەستە مردووەی خۆیەوە بۆ دەربڕیون.

***"ڤین دایەر"***

بەڵێنێک کە جێبەجێ نەکرێت وەکو

قەرزێک وایە کە نەدرابێتەوە.

## "هەمیشە لەلات دەمێنمەوە"

لەساڵی ١٩٨٩ بوومەلەرزەیەك بەهێزی ٨/٢ ڕیشتەر كۆماری ئەرمەنستانی وێران كرد و لەماوەی ٤ خولەكدا زیاتر لە ٣٠ هەزار كوژراوی لێكەوتەوە.

لەسەروبەندی ئەم تێكەولێكە و وێرانییە، باوكێك هاوسەرەكەی لەشوێنێكی پارێزراوی ماڵەوە جێ دەهێڵێت و بەرەو قوتابخانە رادەكات. بەداخەوە بینای قوتابخانەكەش بە تەواوی ڕمابوو.

باوكی پاش زاڵبوون بەسەر یەكەم خورپەی دەروونی ئەو بەڵێنەی بەبیر هاتەوە كە هەمیشە دەیدا بە كوڕەكەی: "هەر ڕووداوێك كە ڕووبدات، من هەمیشە لەلات دەمێنمەوە !" فرمێسك بە چاوەكانیدا دێتە خوارەوە. دیمەنی قوتابخانەی رووخاو و داتەپیو، هەر چەشنە ئومێدێكی دەڕەواندەوە، بەڵام باوكی كوڕە لەگەڵ دیتنی ئەو دیمەنە دووبارە بەڵێنەكەی بەبیر دەهاتەوە.

باوكی كوڕە بەوردی دەڕوانێت و بیر دەكاتەوە تاكو ئەو شوێنەی بێتەوە یاد كە بەیانی هەموو ڕۆژێك كوڕەكەی بۆ چوونە قوتابخانە رەوانەی ئەوێ دەكرد. ئەو بەرەو لایەك هەڵدێت كە بەگومانی پۆلی كوڕەكەی بێت.

پاشان دەست دەكات بە هەڵدانەوەی كەرتە خشت و بەردەكان. لەم كاتەدا، ئیتر دایكان و باوكانی جەرگ سووتاویش دەگەنە ئەو شوێنە، ئەوان بە كوڵی گریانەوە هاواری منداڵەكانیان دەكرد. هەندێك لە دایك و باوكەكانیش لەڕووی دڵسۆزییەوە هەوڵیان دەدا باوكی ئەو كوڕە لە قوتابخانە وێرانەكە دوور بكەنەوە.

"ئیتر زۆر درەنگ بووە !"

"هەموویان مردوون !"

"ئێمە هیچمان لەدەست نایەت !"

"واز بهێنە. ڕاستییەکان قبوڵ بکە، ئێمە هیچمان پێ ناکرێت !"

ئەو باوکە وەڵامی هەموو ئەو کەسانەی بە یەك ڕستە دەدایەوە: "ئێستا یارمەتیم دەدەن یان نا ؟" دووبارە دەستی کردەوە بە هەڵکەندنی بەرد و خشتەکان.

لەم ساتەدا سەرۆکی ئاگرکوژێنەوە دەگات و هەوڵ دەدات بە قسەکانی خۆی باوکی کوڕە لە قوتابخانەی وێران دوور بخاتەوە: "لەهەموو شوێنێك ئاگر دەکەوێتەوە و تەقینەوە ڕوو دەدات. ئێوە لە مەترسیدان. ئێمە بەباشی پارێزگارییان لێ دەکەین، فەرموون بڕۆنەماڵەوە". وەڵامێك کە ئەم باوکە بەسۆز و خۆشەویستە لەبەرامبەر هەموو ئەم قسانە دەیدایەوە، ئەمە بوو: "ئێستا یامەتیم دەدەن یان نا؟"

پۆلیسیش دەگات و دەڵێت: "ئێوە تووڕە و نیگەرانن. ئیتر کار لەکار ترازاوە. ئێوە کەسانی تریش دەخەنە مەترسییەوە. فەرموون بڕۆنە ماڵەوە. ئێمە هەموو کارەکان ڕادەپەڕێنین !" دیسان کابرا جوابی دایەوە:

"ئێستا یارمەتیم دەدەن یان نا !" کەسیش یارمەتی نەدەدا.

ئەویش بە تەنیا و بوێرانە درێژە بە کارەکەی خۆی دەدات. ئەو دەیوست لەوە دڵنیا بێت کە ئاخۆ کوڕەکەی مردووە یان زیندوو.

ئەو هەشت کاتژمێر... دوانزدە کاتژمێر... بیست و چوار کاتژمێر.. سی و شەش کاتژمێر... هەڵدەکەنێت و لە سی و هەشتەمین کاتژمێردا بوو کە تاشە بەردێك دەردەکێشێت و لەگەڵ ئەوەدا گوێی لە دەنگی منداڵەکەی دەبێت. ئەو بە هاوار بانگ لەکوڕەکەی دەکات: "ئارماند !" و وەڵامی دەبیسێت: "باوکە؟!

منم، ئارماند، باوکە، بەو منداڵانەی کە لێرەن وتوومە کە نیگەران نەبن. پێیانم وتووە ئەگەر باوکم زیندوو بمێنێت بەدڵنیاییەوە من رزگار دەکات و، کاتێکیش من رزگار بکات ئێوەش رزگار دەکات، چونکە باوکم بەڵێنی بە من داوە هەر رووداوێك کە روو بدات هەمیشە لای من دەبێت ! باوکە، ئێوە بەڵێنەکەتان بردە سەر !"

"کورم، لەوێ چ باسە ؟ بارودۆخ چۆنە ؟"

"باوکە، لە سی و سێ کەس تەنها چواردە کەسمان زیندوو ماوین. ئێمە زۆر ترساین، برسی و تینووین و زۆر سوپاس بۆ هاتنت.

"وەرە با برۆین کورم"

"نا باوکە، با سەرەتا ئەو منداڵانە بێنە دەرەوە، چونکە دەزانم هەر چۆنێك بێت من رزگار دەکەیت ! دەزانم کە هەر رووداوێك روو بدات، ئێوە هەمیشە لەلام دەبن !"

تێبینی: ئێوە چەندە بەڵێنەکانتان دەهێننە جێ ؟

مـن گـوڵـە بـەڕۆژەم

ڕوو لەتۆ وەرناگێڕم

## "لە گوڵە بەڕۆژەوە فێر بین"

"گوڵـە بـەڕۆژە ڕوولـە ڕووناکی دەسووڕێت و مـرۆڤ ڕوولـە خـودا. ئێمـە هەمووومان گوڵە بەڕۆژەین. ئەگەر گوڵە بەڕۆژە ڕووله خـاك بكـات يـان تـاریکی، ئیتر گوڵە بەڕۆژە نییە. گوڵە بەڕۆژە سەرچاوەی سپێدەی دۆزیوەتـەوە و هـیچ پەیوەندییەکی بە تاریکییەوە نییە."

گوڵە بەڕۆژە ئەمانەی بە من وت و منیش سەیریم دەکرد کە خۆرێکی بچوك بوو لەسەر زەوی، کە هەریەك لە پەلکە گوڵـەکانی بڵێسـەیەك بـوو و بازنەیـەکی گەرم لەناخیدا دەسووتا.

گوڵە بەڕۆژە بەمنی وت: "کاتێك جووتیـار تـۆوی گوڵـە بـەڕۆژە دەچێنێت، دڵنیایە لەوەی کە خۆر دەدۆزێتەوە. گوڵـە بـەڕۆژە هـەرگیز شـتێکی تـر لەگـەڵ خۆر هەڵە ناکات، بەڵام مرۆڤ هەموو شت لەگەڵ خودا بەهەڵە دەگرێت.

گوڵە بەڕۆژە بەڕێی خۆی دەزانێت و کـاری خـۆی دەزانێـت. ئـەو جگـە لـە خۆشەویستی خۆر و تێگەیشتن لەخۆر کاری تری نییە. ئەو هەموو ژیـانی خـۆی بۆ ڕووناکی تەرخان دەکات. لەڕووناکیدا لەدایك دەبێت و لەڕووناکیدا دەمرێـت، ڕووناکی دەخوات و ڕووناکی لێ دەکەوێتەوە.

دڵخۆشی گوڵە بەڕۆژە تەنها خۆرە. گوڵە بەڕۆژە لەگەڵ خۆردا ئاوێتـە بـووە و مرۆڤیش لەگەڵ خودا. بەبێ خۆر، گوڵە بەڕۆژە دەمرێت و بـەبێ خـودا، مـرۆڤ لەناو دەچێت."

ئەو لەدرێژەدا وتی: "ئەو ڕۆژەی کە گوڵە بەڕۆژە لەگەڵ خۆردا ئاوێتـە بێت ئیتر گوڵـە بەڕۆژەیـەك نامێنێـت و، ئـەو ڕۆژەی کـە تـۆ بـەخودا بگـەیت، ئـیتر "تۆ"یەك نامێنێت. من مەودای خۆم لەگەڵ خۆردا پڕ دەکەمەوە، تـۆ مـەوداکان چۆن پڕ دەکەیتەوە؟"

گوڵە بەڕۆژە ئەمەی وت و بێـدەنگ بـوو. گفتوگـۆی مـن و گـوڵـە بـەڕۆژە بـە ناتەواوی مایەوە. ئەو لەخۆردا نوقم ببوو. چوومە پێش بۆنم پێـوە کـرد، بـۆنی خۆری لێدەهات و دواوتەکانی هێشتاش لەگوێمـدا دەزرینگانـەوە: "نـاوی گـوڵـە بەڕۆژە هەمووان دەخاتە بیر خۆرەوە. **ئایا ناوی مرۆڤ کـەس دەخاتـەوە یـادی خودا ؟"**

**لەو کاتەدا شەرمەزاری خودا بووم و ڕووڵە خۆر گریام...**

# "هەمیشە لەگەڵ تۆدام"

لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە کە هاتنە دی خەونەکانم مەحاڵە.

بەڵام خودا وتی: "هەموو شت دەکرێت".

ون ببووم، گێژ بووم، وامدەزانی هەرگیز وەڵامێك نادۆزمەوە.

بەڵام خودا وتی: "من رێنوێنیت دەکەم".

خۆم دۆڕاند، وامدەزانی ناتوانم ئەنجامی بدەم.

بەڵام خودا وتی: "تۆ توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکت هەیە".

تاسەبار بووم، هەستم کرد لەژێر کێویکی نائومێدیدا ماومەتەوە.

بەڵام خودا وتی: "تاسە و خەمی خۆت لەسەر شانی من هەڵڕێژە."

وامزانی ناتوانم، من ئەوەندە ژیر نیم،

بەڵام خودا وتی: "من ژیریی پێویستت پێ دەبەخشم."

باری تاوانەکانم ئازاری دەدام، بۆ ئەو کارە خراپانەی کە کردبووم لەخۆم توڕە و بێزار بووم.

بەڵام خودا وتی: "من لە تۆ خۆش دەبم".

رقم لەخۆم دەبۆوە، وامدەزانی کەس منی خۆش ناوێت.

بەڵام خودا وتی: "من تۆم خۆش دەوێت".

دەگریام، چونکە تەنیا بووم،

بەڵام خودا وتی: "من هەمیشە لەگەڵ تۆدام".

# "کلیلەکە بسووڕێنین"

"بـی. ماکیـاولی" سـالانێك لەپۆسـتی جێگـری ئامۆژگـاری گـەورە "ئەدینبورگ"، "ئەلیکساندەر وایت" دا کاری دەکرد.

ڕۆژێك دامات کە ماکیاولی، دەبوایە ئەو شارەی جێ بهێشتایە. وایت پێی وت: "پێم خۆشە پێش ئەوەی جێمان بێڵیت، دیارییەکت پێ بدەم. ئەم دیارییە دەیتوانی تابلۆیەك یان کتێبێك بێت، بەلام تۆ لـەم بابەتـەدا کـەموکوڕیت نییـە. کەوابوو با ئەمەت پێ بدەم..."

ئەو دەستی برد بۆ گیرفانی، کلیلێکی دەرهێنا و وتـی: "ئەمـە کلیلـی مـاڵی منە. هەرکات هاتی بۆ ئەدینبورگ، دەتوانی بەکاری بهێنیت !"

دلّـی ماکیـاولی گـیرا، وایـت دەرگایـەکی هەمیشـە کـراوەی خسـتبووە بـەر دەستی.

ئەمەش کارێکە کە خوداوەند هەمیشە بۆ هەریەك لەئێمـە ئـەنجامی دەدات. هەریەك لەئێمە دەتوانین لەهەر کاتێکدا بچینە نـاو مـاڵی خـوداوە، هـەمووما‌ن دەتوانین، تەنها ئەگەر کلیلەکە بسووڕێنین.

*"جی. پی. واسوانی"*

# "ئامۆژگاری لاو و دارشکێن"

ڕۆژێـک ئامۆژگـارێکی لاو، دارشـکێنێك لـەکاتی دارشـکاندندا لـە دارسـتان دەبینێت و، کاتێك پێدەزانێت ئەو دارشکێنە بەهـەموو تەمـەنی خۆی تەنانـەت ناوی عیسا نەبیستووە، بەخۆی دەڵێت: "لەو دەرفەتـە بـۆ باوەڕپێهێنـانی ئـەم پیاوە !"

لەو کاتەی کە دارشـکێن بەدرێـژایی ڕۆژ بـەردەوام خـەریکی شـکاندنی دار و گواستنەوەیان بۆناو داشقە بوو، ئامۆژگاری لاو بێ بڕانـەوە قسـەی دەکرد، لـە ئاکامدا لەقسە کردن دەوەستێت و دەپرسێت: "باشـە ئێسـتا ئامـادەی ئـاییـنی عیسای مەسیح قبوڵ بکەیت ؟"

دارشـکێن وەڵام دەداتـەوە: "نـازانم ئێـوە بەدرێـژایی ڕۆژ لـەبارەی عیسـا مەسـیحەوە دوان و، ئـەوەی کـە ئـەو لەهـەموو گرفتـەکانی ژیانـدا یارمـەتیمان دەدات، بەڵام خودی ئێوە هیچ یارمەتییەکی منتان نەدا.

**تێبـینی:** سـەلماندنی بـاوەڕی تاکێـك لـە کردەوەکانیدایـە نـەك لـەوەدا کـە دەیلێت.

# "بەهای مرۆڤ"

کەمانی کۆن، ئەوەندە سواو و پرلە پەڵە بوو

کە پیاوی هەراجی وایدەزانی

ئەوە ناهێنێت بۆ فرۆشتنی کات بەفیڕۆ بدات

بەڵام بە زەردەخەنەیەکی سەر لێوی وتی:

"کێ پێشنیاری نرخ دەکات ؟"

یەك دۆلار، یەك دۆلار و... پاشان دوو دۆلار ! تەنها دوو دۆلار ؟

"سێ دۆلار، یەك، سێ دۆلار، دوو، فرۆشرا بە سێ دۆلار..." بەڵام نا، لەدیوی دواوە

پیاوێکی سەر ماش و برنجی هاتە پێش و کەمانەکەی هەڵگرت.

پاشان تۆزی سەر کەمانەکەی پاك کردەوە و

سیمە شلەکانی توند کردەوە و

ئاهەنگێکی ناسك و بێ وێنەی ژەنی

هەروەك ئاوازی فریشتەیەکی ئاوازخوێن.

دەنگی مۆسیقا کز بوو و پیاوی هەراجی

بە دەنگێکی هێمن و لەسەرخۆ

وتی: "بۆ ئەم کەمانە کۆنە، چ نرخێك پێشنیار بکەم ؟"

بەرزی کردەوە.

"هەزار دۆلار ! کێ پێشنیاری دوو هەزار دۆلار دەکات ؟

دوو هەزار ! کێ بە سێ هەزار دۆلار رازی دەبێت ؟

سیٚ هەزار یەك، سیٚ هەزار دوو،

كەوابوو فرۆشرا."

خەڵكی هاواری شادییان بەرز كردەوە و هەندێكیش وتیان:

"چی وای كرد بەهای بچێتە سەر ؟"

دەست بەجیٚ وەڵامێك هات:

"نەوازشی دەستی مامۆستایەك"

ژمارەی ئەو كەسانە زۆرە كە لەگەڵ ژیانی ناهاوسەنگ و ساردوگەرمی رۆژگار

هەروەك ئەو كەمانە كۆنە، دەسوێن و دەچەمێنەوە

لەهەراجی ژیاندا بەبەهایەكی زۆر هەرزان دەفرۆشرێن بە خەڵكی بیٚ ئاگا.

ئەوان "دەفرۆشرێن"، یەك، "دەفرۆشرێن" دوو دەفرۆشرێن.

بەڵام لەم بەینەدا مامۆستا دێت و جەماوەری نەزان

هەرگیز بەتەواوی تێناگەن

***بەهای رۆحێك و گۆڕانكاری ئەنجامدراو تیایدا***

***بەهۆی نەوازشی دەستی مامۆستای گەورەیە.***

***"مایرابی. وڵش"***

ئەگەر تۆ هیچ ئەزموونێكت سەبارەت بە

عەشق نەبێت ئەو کاتە هیچ ئەزموونێکت

سەبارەت بە خواپەرستیشەوە نابێت.

## "ئەمڕۆ دەتوانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم ؟"

بڕیار بدە لەڕۆژدا لانی کەم یەک کاری باش ئەنجام بدە گەرچی چەند جار، یان بەژمارەیەکی زۆر نەبێت.

هەموو بەیانییەک لەگەڵ خوداوەند قسە بکە و لێی بپرسە:

"ئەمڕۆ دەتوانم چ کارێکی باش ئەنجام بدەم ؟"

ئەو وەڵامی تۆ دەداتەوە و ڕێنماییت دەکات چونکە ئەو لەناخی تۆدایە.

تۆ بەداواکردن لەو، لەناخی خۆتدا زیندووی دەکەیتەوە مەحاڵە ئەو بەبێ ئەوەی داوای لێ بکرێت، خۆی ئاشکرا بکات.

خوداوەند بەهۆی ڕۆحتەوە کە ڕابەری ڕاستەقینەیە لەژیانی تۆدا لەگەڵ تۆدا قسە دەکات.

داوا لەخودا بکە، لەگەڵ خودادا قسە بکە، لەگەڵ خودا بدە و بستێنە و تۆ دەبیت بە سەرچاوەی هەموو موعجیزەیەک.

تاکو دواڕۆژی ژیانت، لەڕۆژدا لانی کەم یەک کردەوەی باشت هەبێت. ئەگەر هەموو ٦ ملیار مرۆڤەکەی سەر زەوی یەک کاری باش لەڕۆژدا ئەنجام بدەن، چۆن هەسارەیەکمان دەبێت !

*"ڕابەرت مولەر"*

حەز دەکەم "دنیا" وەکو ڕاخەرێکی دیواری

گەورە ببینم کە هەریەک لەئێمە بەرپرسی چنینی

بەشێکی بچوکین و ئەگەر ئەم بەرپرسیاریتییە
ئەنجام نەدەین راخەرەکە هەمیشە لەوە بچوکتر
دەردەچێت کە دەبێ ببێت و هەمووومان بەرامبەر
بەو کەموکوڕییە بەرپرسین.

*"لیۆ بوسکالیا"*

تۆ لەگەڵ خودا زۆرینەیەك پێك دێنن کە هیچ
سوپایەك توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی نابێت.

## "داواکاری"

"دایکە ترێزا"، سیمبۆلی عەشق و سۆز و براوەی خەڵاتی نۆبڵ، لە دەستپێکی چالاکییە خێرخوازانەکانی ئارەزوویەکی هەبوو.

ئەو بە سەرپەرشتیارەکەی وت: "من سێ سەد دۆلار و داواکارییەکم لەخودا هەیە تاکو هەتیوخانەیەك دروست بکەم."

سەرپەرشیارەکانی تر پێیان وت: "تۆ ناتوانی بە سێ سەد دۆلار هەتیوخانە دروست بکەیت. تۆ بە سێ سەد دۆلار ناتوانی هیچ کارێك ئەنجام بدەیت !"

ئەو بە زەردەخەنەوە وتی: **"بەڵام لەگەڵ خودا و سێ سەد دۆلار دەتوانم هەموو کارێك ئەنجام بدەم !"**

ئێمە بەرەو خاڵێك لە مێژوو دەڕۆین کە وزەیەکی مەعنەوەی زۆر بەهێزە. هەموو ئەو کارەی کە پێویستە ئەنجامی بدەین ڕۆیشتن بۆلای ئەو وزەیە و داوا کردنە. خودا چاوەڕوانە و تەنها دەبێ ئەوە ئەنجام بدەن کە داوای یارمەتی بکەن. زۆربەی خەڵك یان داوا ناکەن یان ڕوو وەردەگێڕن.

"تیم پیرینگ"

(دایکە ترێزا باسی عەشق دەکات)

ڕەنگدەرەوەی سۆزی خودا بە

***

گرنگ نییە کە چەندە دەبەخشین

گرنگ ئەوەیە کە چەندە عەشق لەم بەخشینەدایە

***

ئەگەر بڕیار لەبارەی خەڵکەوە بدەیت

دەرفەتی خۆش ویستنی ئەوان لەدەست دەدەیت.

***

باشتر وایە بە سۆزدارییەوە هەڵە بکەیت

تاوەکو بە دڵڕەقییەوە موعجیزە بکەیت

***

خراپترین جۆری هەژاری، تەنهاییە و ئەم

هەستە کە کەس ئێمەی خۆش ناوێت

***

خۆت بە خودا بسپێرە ئەو هێزی ئەنجامدانی

کاری گەورەت پێ دەبەخشێ ئەگەر لە بێ توانایی

خۆت زیاتر باوەڕت بە عەشقی ئەو بێت

***

لەكۆتایی ئەم ژیانەدا لەڕووی ژمارەی بڕوانامەكانمان، بڕە داهاتێك كە كۆمان كردۆتەوە و ئەو كارە گەورانەی كە ئەنجاممان داوە، لەبارەی ئێمەوە بڕیار نادرێت. بەڵكو لێمان دەپرسن: ئایا برسییەكت تێر كردووە ؟ رووتێكت بە جل داپۆشیوە ؟ بێ ماڵێكت پەنا داوە ؟ برسی نەك تەنها پارووپەك نان، بەڵكو برسی عەشق. رووت نەك تەنها لە جلوبەرگ، بەڵكو رووتی رێز و بەهای مرۆیی و، بێ ماڵی نەك تەنها لە خشت و گڵ، بەڵكو بێ خانومانی بەهۆی دەركردن و دوورخستنەوە.

***

لەم دنیایە چەند زۆرن ئەوانەی كە بەئاواتی لەتە نانێك گیان دەبەخشن و چەند زیاترن ئەوانەی كە بەئاواتی نەختێك عەشق دەمرن.

حەز دەکەم "دنیا" وەکو راخەرێکی دیواری

گەورە ببینم کە هەریەك لەئێمە بەرپرسی چنینی

بەشێکی بچوکین و ئەگەر ئەم بەرپرسیارێتییە

ئەنجام نەدەین راخەرەکە هەمیشە لەوە بچوکتر

دەردەچێت کە دەبێ ببێت و هەمووومان بەرامبەر

بەو کەموکورپییە بەرپرسین.

*"لیۆ بوسکالیا"*

## "پێکهێنانی سوپای ترورر"

لەساڵی ١٩٨٣ کوڕێکی لاو بەناوی "ترورر کامپین" تووشی کەسێکی بەخانومان بوو کە لە شەقامەکانی "فیلادلفیا" دەژیا. دوای کەمێك لەدایك و باوکی پرسی کە بۆچی ئەو پیاوە لەو سەرمایەدا لەسەر شەقامەکان شەو بەسەر دەکات و، کاتێك زانی ئەو پیاوە نە ماڵی هەیە و نە بنەماڵەیەك کە چاودێری بکەن، "ترورر" داوای لە دایك و باوکی کرد تاکو دووبارە بە ئۆتۆمبیل بچنەوە لای و ئەو سەرین و پێخەوی خۆی بدات بەو و ئەوانیش ئەم کارەیان کرد.

لەو کردەوە مرۆڤ دۆستانەیەوە کە سەرچاوەکەی دڵێکی ١٣ ساڵان بوو، سوپای ترورر پێکهات. هەر شەو ژمارەیەکی زۆری خەڵك، خۆبەخشانە، پیر و لاو، شەقامەکانی "فیلادلفیا"یان سەروژێر دەکرد و بە عەشق و گرنگییەوە، خۆراك، پێخەو و جلیان لەنێوان کەسانی بێ خانومان دابەش دەکرد. تروری لاو پێشەنگی ئەم کارە بوو.

پاش چەندین ساڵ، ئەم سوپایە فراوان بۆتەوە و ئێستا گەورە و بچوک رکابەری لەگەڵ ئەندێشەی "تروور" دەکەن و لەشارە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا، ئەو شوێنانەی کە کەسانی بێ ماڵوحاڵی تێدایە، نموونەیەك لەو دروست دەکەن.

"تروور" لەبارەی پێکهێنانی سوپای قوتابخانەکان، ماڵان، کەنیسەکان و شارەکان دوا و کاتێك پرسیاری لێکرا کە ئایا بەهۆی ئەم فراوانبوونەی سوپاکەی سەرسام نەبووە، وتی:

"من هەرگیز چاوەڕێم نەدەکرد کە رووبەڕووی ١١٠٠ خۆبەخش، سێ پیکاب و خانەیەك بۆ بێنەوایان ببمەوە. تەنیا کارێك کە دەمویست ئەنجامی بدەم ئەوە بوو کە بۆ جارێکیش بووبێت یارمەتی بێ خانومانێکم دابێت."

شێوە بیرکردنەوەی ئەو لە شێوە بیرکردنەوەی "دایکە ترێزا" دەچوو. کاتێك لە "دایکە ترێزا"یان پرسی کە بۆچی ئەو دەستی کردووە بە کۆکردنەوەی تەرمی مردووەکان و رزگارکردنی منداڵانی سەر شەقام، وێڕای ئەوەی کە دەزانێت ئەم کارە درێژەی هەیە و ئەوەی کە ئەو ئەنجامی دەدات لەئاست هەزاران هەژاری دەست کورت، وەکو دڵۆپێکە لەناو دەریادا، ئەو جوابی دایەوە:

"بەڵێ راستە. **کارەکەی من وەکو دڵۆپێکە لەناو دەریادا، بەڵام بەهۆی ئەم دڵۆپەی منەوە دەریا گەورەتر دەبێت."**

# "ئەوەی خۆی هەیبوو لە بێگانەی داوا دەکرد"

هەرچەندە دواچیرۆکی ئەم زنجیرەیە لەبارەی خۆ خۆش ویستن و خۆ قبوڵ کردنە، بەڵام راستیی ئەوەیە کە هەموو خۆشەویستییەکان بە خۆش ویستنی خۆمانەوە دەست پێدەکات. **کەسێک کە رێز لەخۆی دەگرێت و خۆی خۆش دەوێت دەتوانێت خۆشەویستی بۆ دەوروبەر دەربڕێت و، ئەمەش یەکێک لەگەورەترین راستییەکانە لەبارەی عەشقەوە.**

کوڕێکی بچوك لە کێڵگەیەکی دوورلە ئاوایی دەژیا. بەیانی هەموو رۆژ بەرلە سپێدە لەخەو هەڵدەستا و هەتاکو شەو خەریکی کاری قورسی رۆژانە دەبوو. هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر لە پەرژینەکان سەردەکەوت بۆ ئەوەی نەختێك پشوو بدات.

دوورتر لە کێڵگەکەی ئەوان خانوویەك کە پەنجەرەکانی ئاڵتوونی بوو بەردەوام سەرنجی رادەکێشا و، لەگەڵ خۆیدا بیری دەکردەوە، ژیان کردن لەو خانووەدا بەو پێداویستی و کەرەستە شیك و مۆدێرنانەی کە دەبێ تێیدا بێت، چەندە چێژبەخش و خۆش دەبێت. بەخۆی دەووت: "ئەگەر ئەوان لەتوانایاندا بێت پەنجەرەکانی خۆیان لە ئاڵتون دروست بکەن کەوابوو هەموو پێداویستی و شتومەکی ناوماڵیان دەبێ زۆر بەنرخ بێت. لەئەنجامدا رۆژێك دەچم بۆ ئەوێ و لەنزیکەوە دەیبینم."

رۆژێك باوکی پێی وت: لەباتی ئەو کارەکان ئەنجام دەدات و کوڕەکەی دەتوانێت لەماڵەوە بمێنێتەوە. کوڕەش ئەم هەلەی قۆستەوە، هەگبەی پڕلە خۆراك کرد و بەرەو ئەو خانووە کەوتە ڕێ.

ڕێ زۆر لەوە دوورودرێژتر بوو کە وێنای دەکرد. دوانیوەڕۆ بوو کە گەیشت و لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە خانووەکە بینی پەنجەرەیەکی ئاڵتوونی لەئارادا نییە و بەپێچەوانەوە خانوویەکی بێڕەنگ و ڕووی بینی کە پەنجەرەکانی شکابوون. بەرەو دەرگای خانووەکە ڕۆیشت و تەقەی لێوە هێنا.

کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی دەرگای لێ کردەوە. پرسیاری لێکرد: "ئایا ئەو خانوویەکی بینیوە کە پەنجەرەکانی ئاڵتوونی بێت یان نا ؟" کوڕە جوابی (ئەرێ)ی دایەوە و لەگەڵ خۆیدا بەرەو هەیوانی ماڵەکەیانی برد. کاتێک لەوێ دادەنیشتن، سەیرێکی دواوەیان کرد و لەدرێژەی هەمان ڕێ کە پێیدا هاتبوو و هاوکات لەگەڵ خۆر ئاوابوون، خانووەکەی خۆیانی بینی کە پەنجەرەکانی وەکو ئاڵتوون دەدرەوشایەوە.